# شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

Originally published under the title
NATTA SYNG SINA SONGAR
Copyright © 1999 by Jon Fosse and Det Norske Samlaget, Oslo
Published by permission of Rowohlt Verlag GmbH, Reinbek bei Hamburg

یۆن فۆسە

# شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ

وەرگێڕان لە نەرویجیی نوێوە

هاودەم ساڵح جاف


دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق




هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©


دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

شەقامی گولان – هەولێر

هەرێمی کوردستانی عێراق

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com

وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com

تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

یۆن فۆسە

شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ

وەرگێڕان لە نەرویجیی نوێوە: هاودەم ساڵح جاف

کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٧٤

چاپی یەکەم ٢٠١٠

تیرێژ: ٦٠٠ دانە

چاپخانەی ئاراس – هەولێر

ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٦٢٧ – ٢٠١٠

نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم

رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان

هەڵەبژێری: فەرهاد ئەکبەری. تریسکە ئەحمەد

# پێشەکی

کرانەوەی گەلانی پێشکەوتوو بە ڕووی دنیای دەرەوەی خۆیاندا، هۆکاری دروستبوونی پردگەلی جۆراوجۆرە لە نێوان گەلانی جیاوازدا، کە بە هۆیانەوە ئاڵوگۆڕی شارستانییەتەکان و بەیەکتری ئاشنابوون و لە یەکترییەوە فێربوون و سوود بەیەکتری گەیاندن دێنە کایەوە. کرانەوەی گەلان بە ڕووی یەکتریدا ئامرازێکی سەردەمانەی بەبرشتە، هەم بۆ شانازیکردنی میللەتان بە خۆیانەوە و هەم بۆ برەوپێدانی پێکەوەژیان و هاوڕێیەتی و ڕێز لە یەکتری نانی نێوان میللەتە جیاوازەکان گرینگە. بۆ میللەتانی ژێردەستەش هەر بەکەڵک و سوودە. چونکە کرانەوەی میللەتی ژێردەستە بە ڕووی دنیای دەرەوەی خۆیدا، تێکۆشانە لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی پلانی نەیارانەی ستەمکارانیدا، کە دەخوازن ئازادییەکانی بەرتەسک بکەنەوە و هەردەم بە کۆیلە و ژێردەستەی خۆیانی بهێڵنەوە. کوردیش وەک میللەتێکی ژێردەستە پێویستە بێ سڵکردنەوە، وەک ئامرازێکی سەردەمانەی گرینگ بڕوانێتە کرانەوە بە ڕووی دنیای دەرەوەی خۆیدا. خۆبەدوورگرتن لە فیز و پڤدانە خۆی تاوگیرانە و بێ سەرەنجام، بکات بە ستوون و کۆڵەکە بۆ هەڵنانی پردی گەیشتن بە تێگەیشتن و فێربوون و بەدەستهێنانەوەی سەرفیرازیی خۆی.

وەرگێڕانیش ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە کایەی کرانەوەدا. وڵاتە پێشکەوتووەکان لە پێناوی بە جیهان ناساندنی نووسەران و هونەرمەندانی خۆیاندا سامانێکی زۆر خەرج دەکەن. نووسەرە



باشەکانی وڵاتێکی چوار میلیۆن و نیوی وەکو نەرویج کامەیان دەگری، دەبینی نووسینەکانی زیاتر بۆ ٢٠ تا ٣٠ زمانی جیهانی تەرجەمە کراون. ئەم دیاردەیەش دیاردەیەکی تازە نییە، بگرە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. ئەگینا نە دەقە فەلسەفییەکانی فەیلەسووفێکی وەکو ئەرستۆی یۆنانی، بەهۆی تەرجەمەکردنیانەوە بۆ زمانێکی وەکو عەرەبی، دەدۆزرانەوە و، نە شکسپیری ئینگلیزی و نە دۆستۆفسکی ڕووسیش بێجگە لە میللەتانی خۆیان لەناو هیچ میللەتێکی تردا دەناسران و، نە نەجیب مەحفووزی میسری و نە ئۆرهان پامۆکی ئەرمەنی – تورکی و نە هیچ نووسەرێکی تری ئەم دنیایەش، جگە لە نووسەرانی وڵاتی سوێد خۆیان دەبوونە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ.

یەکێک لە دیاردە سەرەکییەکانی پێشکەوتن و گەشەی شارستانیی گەلان، بەردەوام تێکۆشانیانە لە پێناوی لابردن و نەهێشتنی ئەو لەمپەر و بەربەستانەی کە ڕێگە لە دروستکردنی پێوەندییەکانیان دەگرێ لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆیاندا. لەو ڕێگەیەشەوە ناساندنی مرۆڤە دانا و پێتۆڵ و داهێنەرەکانی ئەو گەلانەیە بەیەکتری. لەبەر ئەوە شتێکی سەیر نییە کە وڵاتان هەوڵی بە دنیای دەرەوە ناساندنی گەل و وڵاتی خۆیان دەدەن لە ڕێگەی نووسەر و شاعیر و مۆسیقار و فیلمساز و شانۆکارە بەهرەمەند و بلیمەتەکانیانەوە.

ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان – عێراق بارودۆخێک هاتووەتە پێشەوە کە ڕێگەی دوور و دژواری بۆ کورد نزیک و ئاسان کردووەتەوە. بەهۆی تا ڕادەیەک بەرقەراریی ئازادی لەو هەرێمەدا. بۆیە لە سەرروو هەمووانەوە ئەرکی حکوومەت و دەسەڵاتی هەرێمە، ئینجا هەموو پەرۆشمەندان و دڵسۆزان و شارەزایان و لێهاتووان، کە گرینگیی گەیاندنی هزر و بیری نووسەرانی کورد و هونەرمەندانی کورد

بەدنیای دەرەوە، فەرامۆش نەکەن و بە جیدی کاری بۆ بکەن.

بۆ پرۆژە بە پیتەکەی دەزگای ئاراس، پرۆژەی زنجیرەی شانۆی بیانی، ئەمجارە شاکارێکی تری درامانووسی نەرویجیی یۆن فۆسەم هەڵبژاردووە بەسەر ناوی (شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ). ئەم شانۆنامەیە یەکێکە لەو درامایانەی کە لە گەلێک وڵاتانی دنیادا پێشکێش کراوە و ڕەخنەی چاک و خراپی لێ گیراوە و گفتوگۆ و دەمەتەقێیەکی زۆری لێ کەوتووەتەوە. لە لێکۆڵینەوەکەی پاش ئەم پێشەکییەدا بەدرێژی هەم لەبارەی فۆسە و کارە دراماتیکییەکانییەوە و هەم لەبارەی ئەم شانۆنامەیەوەم، نووسیوە.

لەبەر ئەوە لێرەدا بەپێویستی نازانم زیاتر لەو بارەیەوە بدوێم. لە کۆتاییدا حەز دەکەم بڵێم: سوپاسی زۆرم بۆ هەموو ئەو کارمەندانەی دەزگای چاپی ئاراس کە بەکاری هونەری و چاپکردنی ئەم کتێبە هەڵدەستن. هەروەها هیوادارم کە لە هونەری دیقەت و وردەکاری و دەستڕەنگینی و سەلیقە و زەوقی بەرزیان کۆمە نەکەن.

پاشان سوپاسی زۆر ئازیزم ئینگەر ئۆستنستاد دەکەم بۆ ڕوونکردنەوە و تێبینییەکانی لە کاتی خوێندنەوە و پێداچوونەوە و بەراوردکردنی وەرگێڕانە کوردییەکە لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەدا. سوپاسی خودی نووسەر یۆن فۆسە دەکەم بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم. هەروەها سوپاسی هاوڕێی بەڕێزم دانا ڕەئووف دەکەم بۆ تێبینییەکانی.

هاودەم ساڵح جاف



# لێکۆڵینەوە

## یەکێک لە نێوەندەکیترین درامانووسانی سەردەم

یۆن فۆسە نووسەر و درامانووسی نەرویجی بەیەکێک لە نێوەندەکیترین درامانووسانی سەردەم دەژمێردرێت. شانۆنامەکانی چەندان خەڵاتی نەرویجی و ئەوروپاییان بەدەست هێناوە. نووسەر، ساڵی ١٩٥٩ لە (ستراندبارمن) لە شارۆکەی (هاردەنگباری) نزیک شاری (بێرگن) لە ڕۆئاوای نەرویج لەدایک بووە. ساڵی ١٩٨٣ یەکەم ڕۆمانی بەناوی (سوور و ڕەش)ەوە بڵاو کردووەتەوە. سەرجەمی کارە ئەدەبییەکانی هەتا ئێستا بریتین لە پەنجا بەرهەمی ئەدەبی لە بابەتی جۆراوجۆر وەکو ڕۆمان، کورتە چیرۆک، هۆنراوە، چیرۆکی منداڵان، پەخشان، گوتار و شانۆنامە.

نووسینەکانی زیاتر لە بۆ سی زمان لە جیهاندا تەرجەمە کراون. ڕووی داوە لە یەک کاتدا شانۆنامەکانی لە شارەکانی تۆکیۆ و بۆینسئایرس و بیۆگراد و بەرلین و پاریس و ستۆکهۆڵم و بێرگن پێشکێش کراون.

٢٩/١٢/ ٢٠٠٩ ئەم نووسەرە تەمەنی بوو بە پەنجا ساڵ. بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونیەوە، تەواوی ڕۆژنامە و گۆوارەکانی نەرویج، بە چەندان وتار و چاوپێکەوتن و لێدوان، یادی ڕۆژی لەدایکبوونیان کردەوە. یۆن فۆسە لە بواری داهێنانی درامانووسیندا بە

ستریندباری[١] سویدی و ئیبسن[٢]ی نەرویجیی سەردەم دەچوێنرێ. ئەم نووسەرە یەکەم بەرهەمی شانۆییی خۆی ساڵی ١٩٩٢ لەژێر ناونیشانی (کەسێک هەر دێ[٣])دا بڵاو کردەوە.

فۆسە دوای نووسینی دراماکانی ناوبانگی پەرەی سەند و شانۆنامەکانی لەسەر شانۆ جیهانییەکان پێشکێش کران. هۆی بەرەو پیرەوەچوونی دراماکانی فۆسە لەلایەن ڕێژیسۆران و شانۆکارانی جیهانییەوە، لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ زیرەکیی فۆسە لە ساکارانە بەرجەستەکردنی داهێزان و ڕاهێزانە دەروونییەکانی مرۆڤی سەردەم لە ململانێیدا لەگەڵ ژیان و مردندا. کەسایەتییەکانی فۆسە ئەو مرۆڤە تێکشکاوانەن کە لە تێکشکاندنیاندا بەدوای هیوایەکدا دەگەڕێن. غەم و خۆشەویستی و مردن ئەو کێشانەن کە فۆسە گوزارشتیان لێ دەکات. پێوەندیی نێوان کەسایەتییەکان Minimalisme بەزمانێکی نەختەکییانە سەیر و تەمومژاوین. هەندێک جار پێوەندیی نێوان کەسایەتییەکان وەک گەمەیەکی دڵسافانە دێتە بەرچاو کە بەداخەوە ئاکامێکی دژوار و تراجیدییانەی لێ دەکەوێتەوە. کەسایەتییەکان خاوەنی هەست و سۆزێکی ئاڵۆزن. بەڕێژەیەکی هێند کەمیش زمان بەکار دەهێنن تا ڕادەی هەستکردن بەبزربوونی مانا.

(١) August Strindgerg 1849- 1912 درامانووسێکی سوێدییە. بە پێشڕەوی داهێنەری تازەگەری دەژمێردرێ لە هونەری شانۆدا.
(٢) Henrik Ibsen1828-1906 شاعیر و درامانووسێکی نەرویجییە. یەکێکە لە دامەزرێنەرە گرینگەکانی تازەگەری لە هونەری شانۆدا.
(٣) کەسێک هەر دێ: یەکێکە لە شانۆنامە بەناوبانگەکانی فۆسە. لەلایەن وەرگێڕەوە کراوە بە کوردی و ساڵی ٢٠٠٨ دەزگای ئاراس بڵاوی کردووەتەوە. زنجیرە شانۆی بیانیی ژمارە ( ١٥) .



ئەو کاتەی فۆسە، شانۆنامەی کەسێک هەر دێ–ی بڵاو کردەوە، بلۆکی کۆمۆنیستی لە ئەوروپادا ئەوەندە نەبوو هەرەسی هێنابوو، بەڵام ئاگری شەڕێکی تر لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات ـ لە بەڵقان هەڵگیرسابوو. دوژمنی ئەم شەڕە نوێیە لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات نەبوو، بگرە لە گەڕەک و ناوچەوشەی ماڵە دراوسێکاندا بوو. ئەم شەڕە زۆربەی خەڵکی ئەوروپای سەرسام کردبوو. چونکە زۆربەی خەڵکی ئەوروپا پێیان وابوو ئەو کێشانە کێشەی ڕۆژگارانێکی زوو بوون و لە دێرزەمانەوە کۆتاییبان پێکهاتووە. بەڵام بەداخەوە ئەم شەڕە تازەیە شەڕی کوشتنی بێ کۆسپ و بێ بەرهەڵستی کولتوور و زمان و ئاین و مێژوو بوو. زاراوەی تازەی وەکو ڕەگەز، توندوتیژی، تیرۆر، بێگانە نەویستی، هاتنە ناو زاراوە ڕامیارییەکان و کەوتنە سەرزاران[٤].

هەر بەتەنیا شەڕ و کێشەکانی وڵاتانی بەڵقان نەبوون کە لە ئەوروپادا بوونە هۆی هەرەسهێنانی ژیری و بنەما کۆمەڵایەتییەکان. بگرە ڕووخانی دیواری بەرلین و تێکەڵاوبوونەوەی هەردوو ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و کێشەی کاتۆلیک و پرۆتستانتەکان لە ئیرلەندا و باسکەکان لە ئیسپانیا و کوردەکان لە تورکیا و، شەڕی دیکتاتۆرەکانی ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کات و زەمەنێکی تریان هێنایە ئاراوە لە سەرانسەری جیهاندا. تێکچوونی هاوسەنگیی هێز لە نێوان زلهێزەکانی دنیادا (بە داڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەت)، سەرەتای سەرهەڵدانی سیستەمێکی نوێ بوو لە دنیادا، سیستەمێک کە پێویستی بە جیهاننۆڕییەکی تر و

(4) Leif Zern: Det lysande m_rket. Om Jon Fosses dramatikk. Side 19.

ئاڵوگۆڕ پێکردنی پێوەندییەکان دەکرد لە نێوان وڵاتانی کۆنە هاوپەیمان و ئەو وڵاتانەی تازە دیموکراتییەت تیایاندا پەرەی دەسەند، لە پێناوی بەدەستهێنانی سوود و قازانجی زیاتر و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و ڕامیاری و کولتوورییەکان لەو سیستەمە نوێیەدا. ئەم جیهاننۆڕی و کرانەوە نوێیە دیمانەی جیهانگەراییی هێنایە پێش کە هەتا ئەمڕۆش ئیش لەسەر پڕۆژەی گواستنەوەی کۆمەڵگەی کۆنباو دەکات بەرەو کۆمەڵگەیەکی نوێتر. ئاکامی ئەم شەڕ و ئاڵوگۆڕانە کۆچ و ڕەوی بەکۆمەڵی پەنابەران و بێکاران بوو بەرەو ئەمەریکا و ئەوروپای رۆئاوا. ئەگەرچی ئەوروپا لە زەبروزەنگی سیستەمی تۆتالیتاریی کۆمۆنیتی ڕزگاری بوو و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ئازادی تێیدا پەرەی دەسەند، لە هەمان کاتیشدا باری هێمنی و ئاسایشی بەرەو خراپبوون دەچوو. لەو دنیا توندوتیژ و پڕ لە خوێنڕشتن و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتییەدا بوو، کە درامانووسانی وەکو سارا کێنس لە بەریتانیا و لارش نۆرێن لە سوێد و یۆن فۆسە لە نەرویج سەریان هەڵدا.

تاکی ماندووی ئەوروپای ڕۆئاوایی کە سیستەمی سەرمایەداری تەواوی تواناکانی پەک خستبوو لە بەرامبەر دابینکردنی ژیانێکی کۆنترۆڵکراوی موسەیردا، لەم حاڵ و بارە ئاڵۆزەدا نیگەرانییەکانی زیاتر بوون. زاراوەی کۆمەڵگەی خەمۆک هاتە ئاراوە و بوو بەپێناسەی کۆمەڵگە. تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە گیرۆدەی ماندووبوون و نائومێدی و ترس لە بەرەوڕووبوونەوە و ململانێ بووبوون. لەوساوە ئەو تاکە بەدوای شوێنێکی تر و پێوەندییەکی تر و شوناسنامەیەکی تردا دەگەڕێ. هەروەکو لایف زێرین دەڵێ "ژمارەیان کەمە ئەو بیریارانەی



کە زیرەکانە بتوانن وەکو فۆسە، وێنەی ئەو دۆخی گواستنەوەیەی کۆمەڵگە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بگرن، کە لە وێنەکانی تاکی سست و منی لاواز و بێ ئامانجدا، فۆسە بەرجەستەیان دەکات"[٥]. وێنەی ئەو تاکەی ژیانی لە ڕۆتینێکی دووبارە بووەوەی وەڕسهێنەری بەرتەسک و دابڕاودا قەتیس ما، بەجۆرێک هەتا خواردن و پۆشینیشی سیستەم بۆی دەستنیشان دەکات، سیستەمێک کە بەردەوام داوای پێناسنامە لە تاک دەکات و لەولاشەوە بەمەرامی خۆی هەڵی دەسووڕێنێ، بەشێوەیەک کە نەیپەرژێتە سەر هیچ. گومانی تێدا نییە کە بەختەوەری لەلای ئەو تاکە لە نوکتەیەکی بێ پێز و ئێسک گران زیاتر هیچی تر نییە. سیستەمێکی وەکو ئەوەی هیکسلی[٦] لە دنیای نوێی سەرسامکەردا بۆمان باس دەکات کە چۆن دایک و کوڕ، خوشک و برا، دڵدار و دڵبەر دڵڕەقانە بەیەکتری نامۆ دەکات.

دراماکانی فۆسە باس لەو پڕۆژە ناتەواوە هەرگیز بەکۆتا نەگەیشتووانەی مرۆڤی سەردەم دەکەن. ئەو مرۆڤەی کە دەخوازێ لە هەراوهووریای ژیان و لە کێبەرکێ و بردنەوە و دۆڕانەکانی ئەو ژیانە دوور بکەوێتەوە و ماوەیەک ئازادیی ماڵی خۆی و، فیکری خۆی و حەزی خۆی بێ و بتوانێ مومارەسەی سەربەستیی خۆی بکات، بەبێ خۆتێهەڵقورتاندنی کەسی تر. بەڵام ئاخۆ ئەوە لە کۆمەڵگەی سەردەمدا مومکینە؟ ئەو مرۆڤەی کە تەواوی ژیانی دەخوازێ، وێنەی منداڵیی خۆی بکێشێ، بەڵام هەردەم ڕووداوە خێزانییەکان هەراسانی دەکەن و

(5) Leif Zern. Det lysande M_rket. Om Jon Fosses dramatikk. Side 70

(٦) Aldous Huxley 1894-1963. ڕەخنەگر و ڕۆماننووسێکی ئینگلیزییە. ڕۆمانی: Brave New Wold بەرهەمی ئەم نووسەرەیە.

له بەردەمیدا دەبنە کۆسپ و بەربەست وەکو کەسایەتیی ئافرەتەکەی شانۆنامەی (کچی سەر قەنەفەکە)[٧].

له شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ)دا کەسایەتیی ئەوی نێر دەخوازێ لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشی دەوێ بۆ خۆیان بەتەنیا، له ماڵێکدا و له چۆڵەوانییەکدا لەسەر دەریا پێکەوە بن و بۆ یەکتری بن، دوور له هەموو کەسانی تر. کەسایەتیی ئەوی مێ له شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ)دا گومانی لەو پرۆژەیە هەیە، چونکە پێی وایە (کەسێک هەر دێ) و ئەو ژیانەیان لێ تێک دەدا. هەتا هاتنی کەسایەتیی پیاوەکە، کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شک و دوودڵی، ئیرەیی و دڕدۆنگی له کەسایەتیی ئەوی نێردا و پاشان بەناچاری خۆ بەدەست واقیعەوە دانی و دەستبەرداربوونی پرۆژەکەی یان بەبێ ئاکام مانەوەی پرۆژەکەی.

شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ:

ڕووداوەکانی شانۆنامەی (شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ) لەبارەی خێزانێکی ئاساییەوە. ژن و مێردێکی گەنج کە تازە منداڵیان بووە و پێکەوە دەژین. پیاوە گەنجەکە نووسەرە و یان حەز دەکا ببێ بەنووسەر. بەڵام جار لە دوای جار لەلایەن دەزگا چاپەمەنییەکانەوە نووسینەکانی ڕەت دەکرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پیاوە گەنجەکە بەردەوام دەنووسێ و دەخوێنێتەوە. بەڵام وەکو لە ئاخافتنی ئافرەتە گەنجەکەدا، لە سەرەتای شانۆنامەکەدا دەردەکەوێت، دنیای پیاوە گەنجەکە بووەتە هۆی وەڕسبوون و هەراسانکردنی هاوسەرە گەنجەکەی.

(٧) Jenta i sofaen: یەکێکە لە شانۆنامەکانی فۆسە.



**ئافرەتە گەنجەکە:**

(لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە)
من بەرگەی ئەمە ناگرم
ئیتر
(پشوویەکی کورت)
نەخێر لە تاقەتمدا نەماوە
ئێمە ناتوانین بەم شێوەیە بژین
(بەشی یەکەم)

ئەم دیالۆگە کورتە سکالآئامێزە لە سەرەتاوە چۆنیەتیی پێوەندیی ئەو ژن و مێردە گەنجە تازە منداڵبووەمان لەگەڵ یەکتری پێشان دەدات.

ئەو کەشە سست و مەنگەی کە فۆسە ڕووداوەکانی شانۆنامەی (شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ)ی تێدا بەرجەستە دەکات، خێزانە. لەو یەکە پێکهێنەرەی کۆمەڵگەدا، کەسایەتیی پیاوە گەنجەکە دەخوازێ وچانێک بدا و چارەسەرێک بۆ تێکشکانە بەردەوامەکانی خۆی لە دنیای دەرەوەدا بدۆزێتەوە. بەڵام دەرەنگ یان زوو پیاوە گەنجەکە بۆی دەردەکەوێ کە ئەو پێگەیەش (خێزان) خاڵی نییە لە کاریگەریی دنیای دەرەوە. کاتێک مرۆڤ دەیەوێ خۆی لە دنیای دەرەوە دابڕێ، لە دەراو (منطلق)ی لەخۆ تێ ڕادیتنی بۆ خۆبەدیهێنانێکی باشتر، بەرەبەرە تێ دەگات کە قوتاربوون لە دەست دنیای دەرەوە هەروا کارێکی ئاسان نییە. خەوی پیاوە گەنجەکە ئەوەیە کە ببێتە نووسەر. لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو خەوەشیدا چەند ساڵێکە خەریکی نووسینە، بەڵام ئیتر هاوسەرەکەی دەخوازێ ئەو لەو خەوە بێتە دەرەوە و واز لەو گەمەی

خۆخلافاندنە بهێنێ.

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی من تۆ دەناسم
تۆ هەر دەنووسی و دەنووسی
ئەوە
چەند ساڵێک دەبێ
کەوا
تۆ
هەر
دەنووسی و دەنووسی
(پیاوە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ)
نووسیت و نووسیت

(بەشی سێیەم)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ
تۆ دەبێ
شتێک بدۆزیتەوە
کارێک، شتێک
پەیدا بکەیت

(بەشی سێیەم)

بەگوێرەی وەڵامی دەزگای چاپەمەنییەکە نووسینەکانی پیاوە گەنجەکە بۆ بڵاوکردنەوە ناشێن لەبەرئەوەی:



" لە ئاستی مەرجە سەختەکانی جۆرێتیی بڵاوکردنەوەی دەزگاکەدا نین"

(بەشی سێیەم)

وەکو دەبینین پێوەندیی پیاوە گەنجەکە بەدنیای دەرەوە خۆی لە دوو پێوەندیدا دەبینێتەوە. یەکەمیان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوسەر و منداڵە ساواکەیدا، کە هەر لە سەرەتاوە وەکو باسمان کرد ژنە گەنجەکە لە دیالۆگی سەرەتای شانۆنامەکەوە ئاشنای جۆری پێوەندییەکەمان دەکات. پێوەندیی دووەمیش پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە لە ڕێگەی نامە و پۆستەوە، بەو دەزگای چاپەمەنییەوە کە هەردەم بێ ڕەحمانە نووسینەکانی ڕەت دەکاتەوە. لێرەوە دەگەینەوە بەو پێوەندییە پڕ ململانێ و بێهوودەیەی تاک لەگەڵ دنیای سەخت و دژواری دەرەوەی خۆیدا، کە بیریارانی وەکو جان پۆڵ سارتەر[^8] و ئەلبێرت کامۆ[^9] و جان جینێ[^10] و جان ئانوێ[^11] و.. گەلێکی تری سەر بەنەوەکەی پێش نەوەی فۆسە، لە ڕێگەی فەلسەفە و ڕارەوی بوونگەرایی و بێهوودەیییەوە گوزارشتیان لێی کردووە.

ئەم بەرەوڕووبوونەوە نابابەتییەییی تاک لەگەڵ دنیای دەرەوەی

[^8]: (٨) Jean-Paul Sartre 1905-1980: نووسەر و فەیلەسووفێکی فرەنسییە کە بە وتەبێژێکی گرینگی فەلسەفەی بوونگەرایی ناسراوە.
[^9]: (٩) Albert Camus 1913-1960: نووسەر و بیریارێکی فرەنسییە کە لە پێشڕەوانی ڕێبازی بێهوودەیی دەناسرێ لە ئەدەب و فەلسەفەدا.
[^10]: (١٠) Jean Genet 1910-1986: درامانووسێکی گرینگی فرەنسیی پاش تازەگەرییە لە هونەری شانۆدا.
[^11]: (١١) Jean Anouilh 1910-1987: درامانووسێکی فرەنسییە.

خۆیدا، ترس و حەز بەخۆشاردنەوەی تێدا دروست دەکات و دووچاری گۆشەگیری و نائومێدبوون و سستی و هەموو کات هەستکردنی بە ماندووبوون دەکات و پاشان گیرۆدەی دڵ تێکهەڵهاتن و گوێ بەهیچ نەدان و بە پەرۆشی هیچ شتێکەوە نەبوونی دەکات.

**ئافرەتە گەنجەکە:**

هەر ئەوەندە ڕووی بدایە
خەڵکێک بهاتنایەتە ماڵەوە بۆ لامان
بەڵام ئەوەش
ڕوو نادات
چونکە تۆ یەکسەر دەچی خۆت دەشاریتەوە
هەر ئەوەندەی یەکێک هاتە ناو دەرگەکەوە
تۆ دیار نامێنیت

(بەشی سێیەم)

سکاڵای ئافرەتە گەنجەکە لە پیاوەکەی ئەوەیە کە هەرگیز ناچێتە دەرەوە. هەردەم لە ماڵەوە لەسەر قەنەفەکە ڕاکشاوە و کتێب دەخوێنێتەوە. بەدوای کارێکدا ناگەڕێ و هەردەم ماندووە. ئەو کەسەشی کە خۆی بەدەست ماندووبوونەوە دەدات، کەسێکە کە بێ ویست و ئیرادەیە و ناخوازێ بە پیر گۆڕین و پێشکەوتنەوە بچێ.

**ئافرەتە گەنجەکە:**

تۆ لەویا پاڵ دەکەویت و دەخوێنیتەوە
ناچیتە دەرەوە
هیچ ناکەیت



(بەپەنجە ژماردنەوە)
ئێمە پارەمان نییە
تۆ بێ ئیشیت
هیچمان
نییە

(بەشی یەکەم)

سکاڵا و گلەییی ئافرەتە گەنجەکە هەر بەوەندەشەوە ڕاناوەستێ، بگرە هۆی نەهاتنی هاوڕێکانیش بۆ لای بە میوانی، دەخاتەوە ئەستۆی ئەو. چونکە ئەو هەموو کات وشک و برنگ لەسەر قەنەفەکە دانیشتووە و کەشێکی وەڕسهێنەرانە و ناخۆشی بەدەوری خۆیدا دروست کردووە. لەبەر ئەوە کەس تاقەتی هاتنی بۆ ئەو ماڵە نییە.

**ئافرەتە گەنجەکە:**

گەرچی هاوڕێکانم گەلێ زۆر نەبوون
بەڵام هاوڕێم هەبوو
هاوڕێی کچ
کەچی ئەوان
ئەوانیش ئیتر نایەنەوە بێرەدا
هەتا مارتاش ئیتر نایەتەوە بێرەدا
مارتا لە دەرگە دەدات
لە بەردەرگەکەدا ڕادەوەستێ و قسەم لەگەڵ دەکات
بەڵام نایەوێ بێتە ژوورەوە
لەبەرئەوەی تۆ هەر لەویا دانیشتوویت

و کەشێکی جارزهێنەرانەت خوڵقاندووە
هاورێ کچەکانم چەند جارێک هاتن بۆ ئێرە
بەڵام تۆ هەر لەویا دانیشتبوویت
ڕەقوتەق
بێ ئەوەی قسەیەک بکەیت

(بەشی یەکەم)

ڕۆڵی ئافرەت لە دراماکانی فۆسەدا ڕەهەندێکی تر وەردەگرێت لە چاو ڕۆڵی ئافرەت لە دراماکانی تری پێش فۆسەدا، لە مێژووی درامای کۆن و نوێی نەرویج و ئەوروپادا. ئافرەت لەلای فۆسە ئەو کەسایەتییە لاوازە نییە ئیتر پابەندی پیاو بێ و پیاو بڕیاری چارەنووسی بدات. دیارە ئیبسنی نەرویجی یەکێکە لە هەرە دیارترینی ئەو کەسانەی کە دووسەدە لەمەوبەر لە دراماکانیدا هەردەم ئیشی لەسەر ئازادی و سەربەخۆییی ئافرەتان دەکرد و جەختی لەسەر زەرورەتی دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان دەکردەوە لە کۆمەڵگە دینییە پیاوسالارییەکانی ئەوسای نەرویج و ئەوروپادا. بۆ نموونە گەڕانەوەی کەسایەتیی لونا لە ئەمەریکاوە بۆ نەرویج لە شانۆنامەی (پایەکانی کۆمەڵگەی)[١٢] ئیبسندا و پاشانیش کارەکتەری نورا لە شانۆنامەی (ماڵی بووکۆکەیەک)دا و هێددا لە شانۆنامەی (هێددا گابلەر)[١٣]دا و

(١٢) یەکێکە لە شانۆنامەکانی ئیبسن. لەلایەن وەرگێڕی ئەم شانۆنامەیەوە کراوە بە کوردی ساڵی ٢٠٠٨ دەزگای چاپی ئاراس بڵاوی کردووەتەوە. زنجیرەی شانۆی بیانیی ژمارە (١٣)

(١٣) یەکێکە لە شانۆنامەکانی ئیبسن. لەلایەن وەرگێڕی ئەم شانۆنامەیەوە کراوە بە کوردی و ئامادەیە بۆ چاپ.



(وێڵتن) لە شانۆنامەی (یۆن گابریێل بۆرکمان)[١٤]دا و.. هتد وێنەیەکی تری ئافرەتی ئازاد بەرجەستە دەکەن کە لەگەڵ وێنەی ئافرەتە کۆنەوارە باوەکاندا جیاوازییەکی زۆری هەیە.

بەڵام فۆسە وێنەیەکی سەرنج ڕاکێشانەی تری ئافرەتمان بۆ دەکێشێ. هەروەکو لایف زیرن دەڵێ: "لە درامای ڕۆئاواییدا ئۆدیبی پاشا یەکێکە لە سەرچاوە ئەفسانەییەکان. پاش ئەو ئەفسانەیەش ڕیزێکی درێژ لە باوککوژان لە ئەوروپا سەریان هەڵدا. بەگوێرەی ئەفسانەکە هەموو کوڕێک بە ئاواتی کوشتنی باوکی خۆیەتی بۆ ئەوەی بتوانێ جێگەکەی بگرێتەوە... بەڵام فۆسە بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێشانە پێوەند لەگەڵ لۆجیکی ئەو جۆرە ئەفسانانەیەدا دەپسێنێ. لەلای ئەو مەسەلەکە لەبارەی کوشتنی باوکەوە نییە، بەڵکو لەبارەی دایکە مردووەکەوەیە. جڵەوی بەڕێوەبردنی ژیانی مرۆڤ لە دەستی ئەو دایکە بزرەدایە... ئەم وێنەیە ڕوونتر لە شانۆنامەی (دایک و کوڕ)[١٥] دا دەردەکەوێ، کاتێک دایکەکە، قەشمەری بەڕۆڵی دایکایەتیی خۆی دێ[١٦]."

لە شانۆنامەی (شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ)دا بەئاشکرا سستی و بێ دەسەڵاتیی پیاو لە گەمەی دەسەڵاتی نێوان ژن و پیاودا دەردەکەوێت. پیاوەکان بە گشتی ڕەفتار و جووڵانەوەیان بەئازادیی

(١٤) یەکێکە لە شانۆنامەکانی ئیبسن. لەلایەن وەرگێڕی ئەم شانۆنامەیەوە کراوە بە کوردی و ساڵی ٢٠٠٩ دەزگای چاپی ئاراس بڵاوی کردووەتەوە. زنجیرەی شانۆی بیانیی ژمارە (٣١).

(15) Mor og barn یەکێکە لە شانۆنامەکانی یۆن فۆسە.

(16) Leif Zern: Det lysande Morket. Om Jon Fosses dramatikk. Side 68, 69.

خۆیان نییە و لەلایەن ئافرەتەکانەوە بۆیان دیاری دەکرێت. ئەوەش وەکو لە سەرەوە باسمان کرد دەگەڕێتەوە بۆ ماندوویەتی و نەمانی میکانیزمی بەرگری لەو کەسانەدا و ترسی زۆریان لە کەوتنە ململانێوە و لاوازیی ویستی ئەو تاکانە بۆ هەڵسان بەکارێکی ئەرێیانە لە پێناوی چاککردنی حاڵ و بارە نالەبارەکەی خۆیاندا.

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(بەدەنگی بەرز)

نەخێر تۆ خۆت دەتوانی بچی شت بکڕیت

**پیاوە گەنجەکە:**

(بە بێگارییەوە)

بەڵێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(وەک ئەو وەڵامە کتوپڕییەک بێت بۆ ئەو، بەپرسیارکردنەوە)

دەوێریت بچیتە دەرەوە

تۆ ئێستا ناوێری هەتا دوکانەکەش بچیت

(پیاوە گەنجەکە سەر بادەدات، بەنائومێدییەوە)

ئەی بۆچی دەڵێیت بەڵێ

**پیاوە گەنجەکە:**

دەبووایە بموتایە نەخێر

(بەشی یەکەم)

پەیتا پەیتا ڕەتکردنەوەی نووسینەکانی پیاوە گەنجەکە، سەرەڕای هەوڵ و کۆششی بەردەوامی، چەند دەبنە هۆی لاوازبوون و نیگەرانی



و لەدەستدانی دەسەڵاتی ئەو، هێندەش دەبنە مایەی پتەوی و لەخۆباییبوون و دەسەڵات پەیداکردنی ئافرەتە گەنجەکە بەسەر ئەودا، هەتا ئاستی گاڵتە پێکردنی.

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(بەتەنزەوە)

بەحیساب

تۆ بەم زووانە کتێب

بڵاو دەکەیتەوە

دەبێ بەخۆشیی ئەوەوە بنۆشین

(نامەکە دادەنێتەوە، شەرابی زیاتر دەکاتە پەرداخەکەی خۆیەوە، پەرداخەکە بەرەوڕووی ئەو بەرز دەکاتەوە، بەڵام پیاوە گەنجەکە سەر بادەدات).

خۆ هەر ئەوە نییە تۆ لێرە دانیشتبی و بنووسیت و بنووسیت

بە دەمییەوە

شتێکیش بڵاو دەکەیتەوە

ها

خراپ نییە

(پیاوە گەنجەکە سەر بادەدات)

**پیاوە گەنجەکە:**

واز بێنە

(بەشی سێیەم)

ئافرەتە گەنجەکە وەکو بەکارهێنانی چەکێک دووبارەکردنەوەی

سکاڵاکانی دژی پیاوە گەنجەکە بەکار دەهێنێ. چەکێک کە لە دوولاوە سوودی بۆ ئەو هەیە. لەلایەکەوە ئەو سکاڵا و گلەییانە وەکو تەکنیکێک بۆ کۆنترۆڵکردنی پیاوە گەنجەکە بەکار دەهێنێ و، لەلایەکی تریشەوە وەکو پاساوهێنانەوەیەک بۆ پێوەندیی خۆی لەگەڵ پیاوێکی تردا. وەکو لەم دیالۆگەدا دەردەکەوێت.

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(پشوویەکی کورت)
تۆ هیچ شتێکت ناوێت
تۆ
تۆ تەنانەت ناتەوێت
برۆیتە ئەودیو دەرگەکەوە
هەتا بۆ دوکانەکەش بۆ شت کڕین
ناتەوێت بچی
تۆ هەر لە ژوورەوە دانیشتوویت
گوایە دەنووسیت
من ناتوانم هەر لە ژوورەوە دانیشم
من تواناى ئەوەم نییە
من بەوە شێت دەبم

(بەشی سێیەم)

جگە لەوەش درۆ لەگەڵ یەکتریکردن و گومان لە یەکتری هەبوون، ئەو بنەمایەیە کە پێوەندیی پیاوە گەنجەکە و ئافرەتە گەنجەکەی لەسەر هەڵنراوە.



**پیاوە گەنجەکە:**

(پیاوە گەنجەکە تەماشای ئافرەتە گەنجەکە دەکات و پێ دەکەنێ)
بەڵام تۆ لە کوێ بوویت
ناتوانی پێم بڵێیت
(بەپرسیارکردنەوە)
تۆ لەگەڵ مارتادا بوویت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(سەر دەلەقێنێت، کەمێک ترساو)
بەڵێ
....

**پیاوە گەنجەکە:**

(تەماشای ئافرەتە گەنجەکە دەکات، بەپێداگرتنەوە)
تۆ لەگەڵ مارتادا نەبوویت

(بەشی سێیەم)

سەردانی دایک و باوکەکە بۆ بینینی نەوەکەیان بەو پەلە پەلە، زیاتر لە بێگاری دەچێ تا ئەوەی لە هەست و سۆزی دایکایەتی و باوکایەتییەوە سەرچاوەی گرتبێ. لە هەمان کاتدا ئەو بەیەکگەیشتنە بۆ تێگەیشتنی خوێنەر یان بینەر گرینگە لە پێوەندیی نێوان نەوە جیاوازەکان. گفتوگۆی نێوان باوک و کوڕەکە پێوەندییەکی سەیر و نامۆ و لە هەمان کاتدا دووبارەبوونەوەی ڕۆڵی پیاوە لاوازە گیرۆدەبووەکەمان پێشان دەدات لە پێوەندیدا لەگەڵ هاوسەرەکەیدا. شتەکان هەر وەکو خۆیانن و هیچ گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە.

**باوکەکە:**

هەمووی هەر وەکو خۆیەتی

بەڵێ

**پیاوە گەنجەکە:**

من ناتوانم گلەیی بکەم

هەر وەکو خۆیەتی

(بەشی یەکەم)

دراماکانی فۆسە، لەناو درامانووسە نەرویجییەکاندا، لە دوای دراماکانی ئیبسن، زیاترینی ئەو درامایانەن کە لە جیهاندا پێشکێش دەکرێن. لە هەمان کاتیشدا بەگوێرەی هەڵبژاردنی ڕەخنەگرانی ئەڵمانی لە کۆواری شانۆی Theater Heute ئەڵمانیدا، ئۆگستی ٢٠٠٢، یۆن فۆسە بەشانۆنامەنووسی ئەو ساڵە ناوزەد کرا لەنێو شانۆنامەنووسە هەندەرانییەکاندا.[١٧]

لەلایەن هەندێ ڕێژیسۆرانی پێشڕەوی شانۆی ئەوروپایی وەکو Claude Regy–ی فەرەنسی Kati Mitchellsی ئینگلیزی، Christoph Marthaler Jossi Wieler سویسری و Tomas Ostermeier–ی ئەڵمانی و Luk Perceval–ی بەلجیکییەوە، دراماکانی فۆسە–ی خرانە سەر شانۆکانی ئەوروپا[١٨].

---

(17) Therese Bjorneboe, "Jon Fosse pa˚ europeiske scener" Samtiden 1-2003, side 102.

(18) Therese Bjorneboe, "Jon Fosse pa˚ Europeiske scener" Samtiden 1-2003, side 103.



## زمان و دەق

"شانۆنامەکانی یۆن فۆسە لە کۆمەڵگەیەکدا پێشکێش دەکرێن کە لە وشەدا دەوڵەمەندن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارەکتەرەکان لە توانایاندا نییە لە ڕێگەی ئەو هەموو وشەیەوە پێکەوە بدوێن. کاتێکیش کە دەیانەوێ شتێکی گرینگ بەیەکتری بڵێن، زمانیان لاڵ دەبێ. کارە شانۆییەکانی فۆسە بە بەرگ و کاڵایەکی دەقئامێزانەوە خۆیان پێشکێش ناکەن وەکو ئەو دەقانەی تر کە لەسەر شانۆکانی نەرویج و ئەوروپادا دەبینرێن. لەبەر ئەوە دراماکانی فۆسە بواری ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەبارتر دەڕەخسێنن بۆ ئەو ئەکتەرانەی خۆشەویستییان بۆ شێوازگەلێک لە درامای جۆراوجۆر هەیە.

دیالۆگەکانی یۆن فۆسە ساکارن، بەڵام سەمیمی و تایبەتن و هەتا ڕادەیەکیش ئاسانن. دیالۆگەکان زمانێکی ئاسانی ڕۆژانەی سروشتییان پێوە دیارە. ئەگەرچی لەلایەک زمانی ڕیالیزمی و لەلایەکی تریشەوە شیعراندنی ئەو زمانە، دیالۆگەکانی فۆسەی وا لێ کردووە بەشێوەیەک بێنە بەرچاو وەکو ئەوەی ڕەسەنایەتیی خۆیان لەدەست دابێ و تێکۆشان لە دروستکردنیاندا بە خەرج درابێ.

کەم بەکارهێنانی وشە لە شانۆنامەکانی فۆسەدا دەکرێ تێگەیشتنی جۆراوجۆری بۆ بکرێ وەکو ڕەخنەیەکیش لە ناکارامەییی ڕاگەیشتن لە کۆمەڵگەدا پێشان بدرێ (ناکارامەییی پێوەند و پەیڤین). وە لە هەمان کاتدا کەم بەکارهێنانی وشە دەکرێ وەکو جۆرێک لە تەنز و گاڵتە پێکردنی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە (دیاردەی ناکارامەییی پێوەندی و پەیڤین) لێک بدرێتەوە، کە شتێکمان لەبارەی ئەم کات و سەردەمەی خۆمانەوە پێ دەڵێت.

چ هۆیەک لە پشت گرینگی پێدانی گەلێک لە دەرهێنەرە شانۆییەکانی جیهانەوە هەیە بۆ خستنە سەر شانۆی شانۆنامەکانی فۆسە؟ شانۆنامەکانی فۆسە چ جۆرە ژیانێک پێشانی جەماوەری شانۆ دەدەن و لە چ گۆشەنیگایەکی ژیان بینییەوە بینەر تەماشای ئەو بەرهەمانەی فۆسە دەکا؟ ئاخۆ فۆسە لەبارەی واقیعی تراجیدیی ژیانی ڕۆژانەوە دەنووسێ یان دراماکانی بنەمایەکی هیچگەراییان هەیە؟ ئاخۆ شانۆنامەکان، شانۆنامەی ڕمووزە نین؟ ئاخۆ دەکرێ ئەو شانۆنامانەی فۆسە وەکو ڕەخنە لە کۆمەڵگە لێک بدرێنەوە، لە کاتێکدا ئەو شانۆنامانە پێوەندییان بەبارودۆخی ڕامیارییەوە نییە؟

ئەم پرسیارانە پرسیارگەلێکن کە ڕەخنەگری شانۆیی ترێسا بێورنەبوەی نەرویجی ئاراستەیان دەکات و هەر خۆشی هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدات. لێرەدا هەم وەڵامەکانی ئەو و هەم سەرنج و ڕاکانی ڕەخنەگری سوێدی لەیف زێرن وەردەگێرین بۆ کوردی.

هونەری شانۆ لە سروشتی خۆیدا چالاکییەکە کە تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێ، وە هەتا درامانووسیش مەزن و بەناوبانگتر بێ، ئەوا لێکدانەوە و ڕاڤەکردنەکان زیاتر دەبن. ئەو دژبەڕوو ڕاوەستاوەی فۆسە لەم لایەنەوە بەرەوڕووی دەبێتەوە، بەهەمان ئەندازەی تێگەیشتن و بۆچوونی جۆراوجۆری دەرهێنەران و ئەکتەران و ڕەخنەگران لە فۆسە، ئەو تێگەیشتن و بۆچوونانە بۆ خودی فۆسە خۆی نائاسایی و سەیرن. فۆسە بۆچوونەکان بەسەر دوو هۆبەدا دابەش دەکا: هۆبەیەکیان کە پێی وایە ڕووداوەکانی ناو شانۆنامەکان پەڕپوت و هەژارن و هۆبەکەی تر کە پێی وایە ئەو ڕووداوە پەڕپووت و هەژارانەی نێو دراماکان دەرگەی دنیایەکی دەوڵەمەند و تەژی والا دەکەن.



لە ڕاستیدا زۆربە لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا کۆکن. بۆ نموونە شانۆنامەکان لەلایەنی بەکارهێنانی زمان و کەرەسەی خۆدەربڕینەوە هێندە پاشەکەوتیان تێدا کراوە تا سنووری کاڵبوونەوە و ونبوونی مەبەست. شانۆنامەکان بەشێوەیەکی بازنەیی بەدەوری خۆیاندا دەچەرخێن و دەگەڕێنەوە بۆ هەمان خاڵی دەستپێکردن و، خاڵی گۆڕانیان لە چاو شانۆنامە کلاسیکییەکانی کە ئێمە پێیان ئاشناین نوقسانە.

بەڵام وەکو هەموو درامانووسێکی تازەداهێنەری تر، فۆسە بەرەو سنوورێکی نادیار دەبزوێ. وشە و واژەگەلێکی کەم بەکار دەهێنێ بۆ ئەوەی تا ڕادەیەک هەمان شت بڵێتەوە. ئەو جوولانەوە کەم و بچکۆلانانە هەڵگری درامای گەورەن. فۆسە بۆ شانۆیەک دەنووسێ کە بوونی نییە و، ئەوانەی هەڵدەستن بە بەرجەستەکردنی کارەکانی – بە بینەرانیشەوە – دەبێ خەو بەو ڕۆژەوە ببینن کە ئەو شانۆیە بێتە گۆڕێ و ببێتە شتێکی ڕیالیستی[19].

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە فۆسە لە چاو درامانووسانی پێش خۆیدا پەیامێکی جیاوازتری پێیە.

سەرەڕای کەمکردنەوەی زمان لە شانۆنامەکانیدا بەڵام شتێکی ترە لە چاو بێدەنگی Beckett و دیالۆگە بەرتەسکەکانی Pinterدا بێدەنگی لەلای Beckett تراجیدییە، دوا ئێستگەی مێژووی ئەو تازەگەرییە کە بە ئیپسن و چیخۆڤ دەستی پێ کرد و، بەدرێژاییی هەزار و نۆسەدەکان خەریکی ئاشکراکردنی ئەو بەتاڵییەی ناو ناخی مرۆڤ بوون و تاسەی بەئاگاهێنانەوەیان دەکرد بۆ ژیان.

(19) Leif Zern Det lysande morket. Om Jon Fosses dramatikk. Side 9

بەلای هەندێ کەسەوە دەتوانرێ هەندێ جار لە دراماکانی فۆسەدا ئەو ڕێنەکەوتنەیPinter ببینرێ، بەڵام لەلای فۆسە گرینگیی ئەو پیاوە ئینگلیزە بەڕێکخستنی سەردەست و ژێردەست لە کۆمەڵدا نابینرێ[٢٠].

شانۆنامەکانی فۆسە لە پێوەندییاندا بەبابەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە کەموکووڕیان نییە. وەکو لەیف زان دەڵێ: وەکو حەوزی جامی وێنە تێدا شتنەوە جامی وێنەکان بەکاڵی ئاستەنگی کۆمەڵایەتیی تێدا دەردەکەوێ: کەلێن و جیاوازییەکانی نێوان شار و لادێ، ئەو شوێنانەی هەرەشەی خەڵک کەمبوونەوەیان لەسەرە، لەو شوێنانەدا کە پیرەکان دەمێننەوە و ژیان بەسەردەبەن و، کەچی هەر لە چاوەڕوانیی ئەوەدان گەنجەکان بچنە سەردانیان، هەست بە ماڵی خۆنەکردن لە هیچ کوێیەک. داخوازیی کۆمەڵگەی زانیارخوازی سەردەم لە هەر مرۆڤێک بۆ دروستکردنی ناسنامەی خۆ – یۆن فۆسە بە گەرمی و خۆشەویستییەوە لەبارەی ئەو کەسانەوەمان بۆ دەنووسێ کە دەمێننەوە، کە نە دەیانەوێ و نە دەشتوانن ئیمزای خۆیان لەژێر ئەوەدا بکەن کە بەختەوەری لە خۆبەدیهێناندایە (تحقيق الذات). فۆسە پۆستمۆدێرنەیەکی ڕۆمانتیکییانەیە کە چاوی خۆی لە بەرامبەر خەم و کەسەردا نانوقێنێ، بگرە لەناویاندا بەدوای ئومێدێکدا دەگەڕێ[٢١]."

خوێندنەوە و لێکدانەوەی دراماکانی فۆسە بەشێوازی جۆراوجۆر لەلایەن دەرهێنەرانی ئەورووپایی و نائەورووپاییەوە لە دنیادا، تەنیا تایبەت نییە بەدراماکانی ئەو. لە خوێندنەوەی مێژووی بیۆگرافیی

(20) Leif Zern. Det lysande morket. Om Jon Fosses dramatikk. Side 8

(21) Leif Zern. Det lysande morket. Om Jon Fosses dramatikk. Side 8



دراماکانی ئیبسندا بەرەورووی هەمان لێک تێگەیشتنی جیاواز و لێکدانەوەی جۆراوجۆر دەبینەوە لە سەدەکانی ڕابردوودا لەلایەن دەرهێنەرە ئەورووپاییەکانەوە. هەتا ئەو ڕادەیەی کە ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمە ناوی ئیبسنی ئیتالی و ئیبسنی ئەڵمانی و ئیبسنی ئینگلیزی و فەرەنسییان بەسەر دراماکانی ئیبسندا دادەبڕی کە لەو وڵاتانەدا دەخرانە سەر شانۆ. بەبڕوای من ئەوە بەرفرەوانیی مەودای ئاسۆی تێگەیشتن و دەرککردنی فرەلایەنانەی بیر و هۆش و فرەڕەنگیی خەیاڵاتی نووسەر پێشان دەدات، لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ مرۆڤ و دەوروبەرەکەیدا.

کە بۆ یەکەم جار شانۆنامەی (دایک و کوڕ)ی یۆن فۆسە لە بەهاری ٢٠٠٢دا لە بیۆگراد پێشکێش کرا، گەلێ کەس پێیان وابوو مەحاڵە ئەو شانۆگەرییە لە وڵاتێکی بەڵقان جێی بایەخ و گرینگی پێدان بێ. لەبەرئەوەی شانۆنامەکە لەبارەی شەڕ و سیاسەتەوە نەبوو. شانۆنامەکە لەبارەی دایک و کوڕێکەوەیە کە دەیانەوێ بگەن بەیەکتری بەڵام ناتوانن. ڕێژیسۆری شانۆنامەکە Stevan Bodroz ڕای گەیاند کە شانۆنامەکە دەست بۆ نارەواندن Tabu دەبات. بە لە بەرچاوگرتنی خێزانە تێکشکاوەکان و ڕۆڵی خێزان و، گیروگرفتەکانی ڕاگەیشتن kommunikasjonsproblemene، تەحەدای قاڵب بەستن–ی خوونەریتی ناو کۆمەڵگە – یان قاڵب بەستن–ی خودی وێنەی نەتەوە و نەتەوایەتی – کە فۆسە لە دراماکانیدا پێشانیان دەدات. چونکە بەڕای ئەو ڕێژیسۆرە، ئێمە وەک مرۆڤ تەنیا لە بەرگ پۆشیندا لە یەکتری جیاوازین و هیچی تر[٢٢].

(22) Therese Bj_rneboe.”Jon Fosse p_ europeiske scener”. Samtiden 1-2003

شانۆنامەکانی فۆسە دەکرێ وەکو جۆرێکیش لە خەمنامەی ئاسایی نوێ، خوێندنەوەیان بۆ بکرێ، بەخرۆشاندنی هەست و کاریگەریی پەنهانی عاتیفە. لەلایەکی تریشەوە " ناوەڕۆکی" شانۆنامەکان دڵسۆزانە بە " فۆرمی" شانۆنامەکانەوە پێکەوە گرێ دراون. پشوو، قسە برین و دووبارەبوونەوە پێکهاتەیەک دەئافرێنن کە کاریگەرییەکی میتافۆرییانەی زیاتریان هەیە لە چاو گفتوگۆکاندا، کە زۆرجار ئەو گفتوگۆیانە هەریەکەیان بۆ خۆی شتێکی ئەوتۆی گرینگ دەرنابڕن. لە هەمان کاتدا وزەی خستنەگەڕ و بزواندنی ڕۆڵی ساکاری تاکە کەسایەتییەک هەژارە لە پێدانی مۆرک و نیشانەیەکی تایبەتی بە کەسایەتییەکە یان لە هاندانی تاکێکی تردا. ڕاڕەوی مامەڵەی تراجیدیا و پاڵەپەستۆی سۆزئامێزانە لە شانۆنامەکاندا وەکو جۆرە پێوەندییەکی هاوسەنگ لە بەرامبەر غیابی تاکەکیەتی لە ژیانی کەسایەتییەکاندا ڕاوەستاوە.

یۆن فۆسە بە بێکیت بەراورد دەکرێ. بەڵام وەرگێڕی دراماکانی فۆسە بۆ سەر زمانی ئەڵمانی، Hinrich Schmidt-Henkel، دەڵێ کە دراماکانی فۆسە درامای بێهوودەیی نین، بگرە شانۆنامەی دەروونناسین. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئەو چ شتێک بەهۆی سەرکەوتنی فۆسە دەزانێ لە ئەڵمانیادا، هینکل پێی وایە دراماکانی فۆسە لە ساتەوەختێکی گونجاودا سەریان هەڵدا: هەتا پێویستی و ئاتاجی مرۆیی بەبابەتی (حەقیقی) بوونگەرایانە دابین بکەن، بەبێ ئەوەی خۆیان لەسەر هیچ (دیمانەیەکی) فەلسەفی یان دەروونناسییەکی گەورە بنیات بنێن[23].

(23) Therese Bj_rneboe."Jon Fosse p_ europeiske scener". Samtiden 1-2003



دەرهێنەری ئەڵمانی Ostermeier دەڵێ: دراماکانی فۆسە سەردەم پێکن و، گوزارشت لە شتێک دەکەن کە دووبارە هەموو کەس خۆی لەو شتەدا دەناسێتەوە، لەبەرئەوەی " نەوەت لە سەدی خەڵک ئەمڕۆ وا هەست دەکەن کە ژیانێکی ناڕاستانە دەژین"

هاودەم ساڵح جاف
٢٠١٠/٢/٢٧ – ئۆسلۆ

لەم کتێبەوە کراوە بەکوردی:

Jon Fosse
Teaterstykke 1
1999 Den Norske Samlaget
ISBN 82-521-5441-7
2.opplag 2004

تێبینی: لە دەقە نەرویجییەکەدا هیچ کەوانەیەک دانەنراوە. بەڵام من بۆ جیاکردنەوەی دیالۆگەکان لە پێناسەی چۆنێتیی حاڵەتی کەسایەتییەکان و شێوەی خۆدەربڕینیان، پێم باش بوو کەوانە بەکار بهێنم.

وەرگێڕ

کەسایەتییەکان

ئافرەتە گەنجەکە

پیاوە گەنجەکە

باوکەکە

دایکەکە

بەستا





I

تاریکی. ڕووناکی هەڵدەکرێ. هۆڵێک، کەمێک لەلای ڕاستی هۆڵەکەوە قەنەفەیەک، کورسییەکی قۆڵدار و مێزێکی ناوهۆڵ لە پێشەوەی سەر شانۆکەدان. لە دواوە کەمێک بەلای چەپدا پەنجەرەیەکی گەورە، دەرەوە ڕووناکە. لەلای ڕاستی پەنجەرەکەوە، کەمێک بە بەرزییەوە، کاتژمێرێکی دیواری هەڵواسراوە، کاتژمێرەکە چارەک بۆ سێی پاش نیوەڕۆ پێشان دەدا. کەمێک بەلای ڕاستدا و کەمێک لەژێر کاتژمێرەکەدا، وێنەی کوڕێکی ساوا هەڵواسراوە. لەلای چەپی پەنجەرەکەوە بۆفییەکی نائاسایی گەورە دانراوە. دیوارە کورتەکەی لای چەپ، دەرگەیەکی تێدایە و، دەرگەیەکیش لە دیوارە کورتەکەی لای ڕاستدا هەیە. پیاوە گەنجەکە لەسەر قەنەفەکە ڕاکشاوە و کتێب دەخوێنێتەوە.

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە)

من بەرگە ناگرم

ئیتر

(پشوویەکی کورت)

نەخێر لە تاقەتمدا نەماوە

ئێمە ناتوانین بەم شێوەیە بژین

(پیاوە گەنجەکە خاووخلیچکانە لەباری ڕاکشانەوە خۆی

دەخاتە سەر باری دانیشتن، کتێبەکە دادەخات، بەڵام بۆ ئەوەی
لێی تێک نەچێ گەیشتووەتە چ لاپەڕەیەک پەنجەی شایەتمانی
دەخاتە نێوان لاپەڕەکانی کتێبەکەوە)
تۆ لەویا پاڵ دەکەویت و دەخوێنیتەوە
ناچیتە دەرەوە
هیچ ناکەیت
(بە پەنجە ژماردنەوە)
ئێمە پارەمان نییە
تۆ بێ ئیشیت
هیچمان
نییە
(ئافرەتە گەنجەکە دەچێ لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە
دادەنیشێ)
هەتا دێ بەدەگمەن و دەگمەنتر دەچیتە دەرێ
هیچ نەبێ جاران دەچوویت بۆ دوکانەکە
بۆ شت کڕین
دەچوویت بۆ پۆست
تۆ هەرگیز حەزت لە چوون بۆ پیاسە نەبووە
من هەموو کات زۆرم حەز لە چوون بۆ پیاسە بووە
زوو
بەڵێ پێش ئەوەی تۆ بناسم
هەردەم دەچووم بۆ پیاسەی دوور و درێژ



هەموو یەکشەمانێک یان زۆربەی جار
دەچووم بۆ پیاسە
هاوڕێم هەبوو
گەرچی هاوڕێکانم گەلێ زۆر نەبوون
بەڵام هاوڕێم هەبوو
هاوڕێی کچ
بەڵام ئەوان
ئەوان ئیتر نایەنەوە بێرەدا
هەتا مارتاش ئیتر نایەتەوە بێرەدا
مارتا لە دەرگە دەدا
لە بەردەرگەکەدا ڕادەوەستێ و قسەم لەگەڵ دەکا
بەڵام حەز ناکا بێتە ژوورەوە
لەبەرئەوەی تۆ هەر لەوێدا دانیشتوویت
و کەشێکی جاڕزهێنەرانەت خوڵقاندووە
هاوڕێ کچەکانم چەند جارێک هاتن بۆ ئێرە
بەڵام تۆ هەر لەوێدا دانیشتبوویت
ڕەقوتەق
بێ ئەوەی قسەیەک بکەیت
(بێ هیوایانە پێ دەکەنێ)
لەم حاڵە
نەخێر ئەوە لە تەحەمولدا نەبوو
لەبەر ئەوە

(سەیری پیاوە گەنجەکە دەکات)

سروشتییە کە ئەوان زوو زوو نەیەنەوە

کەس نایە بۆ ئێرە

(پشوویەکی کورت)

بەڵێ

تۆ تەندروستیت باش نییە

تۆ تەحەمولی خەڵک ناکەی

(پیاوە گەنجەکە هەناسەیەک هەڵدەکێشێ، سەیری ئافرەتە گەنجەکە دەکات)

نەخێر من ئیتر خەریکە لە تاقەتمدا نامێنێ

(پیاوە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ. پشوو)

دواجار تەنیا کەسانێک کە دەیانەوێ

بێن بەمیوانی

دایک و باوکتن

**پیاوە گەنجەکە:**

(بە بەرگریکردنەوە)

دایک و باوکی تۆش

دێن

بۆ ئێرە

(پشوویەکی کورت)

زۆر دەمێک لەمەوبەر نییە

کە دواجار ئەوان لێرە بوون



پاشان من داوام لە دایک و باوکم نەکردووە

کە بێن بۆ ئێرە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵام ئەوان

خۆشبەختانە

زۆر نامێننەوە

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ بەڵێ

(پشوویەکی کورت. پیاوە گەنجەکە سەیری ئافرەتە گەنجەکە دەکات)

شتێکی سەیر نییە

ئەوان بەخۆشحاڵییەوە زۆر حەز دەکەن

نەوەکەی خۆیان ببینن

(کەمێک بە تووڕەبوونەوە)

بۆیان نییە

ئەوان لەبەر ئەوە دێن نەوەکەی خۆیان ببینن

لەوە تێ دەگەیت

ئەوان لەبەر هیچ هۆیەکی تر

نایەن بۆ ئێرە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ بەڵێ

(پشوویەکی کورت)

هاتنیان زۆری پێ چوو
ئیتر وەختی ئەوە هاتبوو بێن منداڵەکە ببینن
من لەو باوەڕەدا نەبووم
ئەوان منداڵەکەیان بەلاوە گرینگ بێ
دەیانتوانی زووتر بهاتنایە
بەڵێ بەڕاستی من بەڕاستمە
(پیاوە گەنجەکە سەر دادەنەوێنێ. پشوو)

**پیاوە گەنجەکە:**

ئەوان نەیاندەویست
بێن بە ئەرک

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ ئەوان هەر دەبێ بێن
من دەزانم
من دەزانم کە ئەوان هەر دەبێ بێن
(بە هۆڵەکەدا دەڕوانێ، هەناسەیەکی بێزاری دەداتەوە)
لەو حاڵەتەشدا
پێش هاتنیان
ماڵ پاککردنەوە دەکەوێتەوە ئەستۆی من
ماڵ دەبێ پاک و جوان بێ
کاتێک خەسوو بەمیوانی دێ
وا نییە
(پیاوە گەنجەکە کتێبەکە دەخاتە سەر مێزی هۆڵەکە،



هەڵدەستێتە سەرپێ، کەمێک بەناو هۆڵەکەدا دەڕوات).
تۆ هەقت نەبێ
(بەدەنگی بەرز)
گوێی مەدەرێ
تاقەتم نییە سەیرت بکەم
کە لەوێدا ئاوها دێیت و دەچیت
(بەنائومێدییەوە)
تۆ
هەقت نەبێ
من ماڵەکە پاک دەکەمەوە و کۆی دەکەمەوە
(پیاوە گەنجەکە دەگەڕێتەوە لای قەنەفەکە، دادەنیشێ)
خۆم هەموو شتەکان دەکەم
تۆ هەر ئارام بە
تۆ
هەر بەردەوام کتێبەکەت
بخوێنەوە
تۆ
هەر لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بە
(پێ دەکەنێ)
یان لەوانەیە بێ بەخەیاڵتدا
بچی بۆ شت کڕین
(پیاوە گەنجەکە بەترسەوە سەیری ئافرەتە گەنجەکە دەکات)

یان ئەوەش هەر دەبێ من بیکەم

من شت بێنمەوە

ماڵ کۆ بکەمەوە

خواردن بۆ دایک و باوکت دروست بکەم

(بەدەنگی بەرز)

نەخێر تۆ خۆت دەتوانی بچی بۆ شت کڕین

**پیاوە گەنجەکە:**

(بە بێگارییەوە)

بەڵێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(وەک ئەو وەڵامە کتوپڕییەک بێت بۆ ئەو، بەپرسیارکردنەوە)

دەوێری بچیتە دەرەوە

تۆ ئێستا ناوێری هەتا بۆ دوکانەکەش بچی

(پیاوە گەنجەکە سەر بادەدات، بەنائومێدییەوە)

ئەی بۆچی دەڵێیت بەڵێ

**پیاوە گەنجەکە:**

دەبووایە بموتایە نەخێر

**ئافرەتە گەنجەکە:**

نەخێر تۆ هەر لەوێدا پاڵ کەوە

هەر لەوێدا پاڵ کەوە و

پاڵ کەوە و بخوێنەوە

(پشوویەکی کورت)



**پیاوە گەنجەکە:**

من دەتوانم ماڵەکە ڕێک بخەم

**ئافرەتە گەنجەکە:**

چاکە

(پشوویەکی کورت. بەتەنزەوە)

ئەی تۆ

نانووسیت

دەخوێنیتەوە

ئەی لەگەڵ نووسیندا چۆنی

هیچ دەنووسیت

یان هەر لەوێدا لەسەر ئەو قەنەفەیە پاڵ کەوتووی

**پیاوە گەنجەکە:**

(شتێکی بیر دەکەوێتەوە. پشوویەکی کەم. پاشان کەمێک بەگەرموگوڕییەوە)

بەڵێ

پێم وایە

ماوەیەک لەمەوبەر

شتێکم بۆ دەزگایەکی چاپەمەنی نارد

**ئافرەتە گەنجەکە:**

ناردووتە بۆ دەزگای چاپەمەنی

**پیاوە گەنجەکە:**

(سەر ڕادەوەشێنێ)

بەڵێ

(پشوویەکی کەم)

بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوان

نایانەوێت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بێگومان باش دەبێ

(پیاوە گەنجەکە سەر ڕادەوەشێنێ. لە ناکاو بەدڵنەواییکردنەوە)

من لەو باوەڕەدام

من

خۆ تۆ

(پشوویەکی کەم)

بەڵێ بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی من تۆ دەناسم

هەر دەنووسیت و دەنووسیت

ئەوە

چەند ساڵێک دەبێ

پاشان

تۆ

هەر

نووسیوتە و نووسیوتە

(پیاوە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ)

نووسیت و نووسیت



(لە پڕ)

بێدەنگ

هیچت گوێ لێ بوو

(پیاوە گەنجەکە سەر ڕادەوەشێنێ)

نەگریا

(پیاوە گەنجەکە دووبارە سەر ڕادەوەشێنێ)

دەتوانم بچم سەیر کەم

(ئافرەتە گەنجەکە لە دەرگەکەی لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە، پیاوە گەنجەکە کتێبەکە هەڵدەگرێتەوە، پەڕەکانی هەڵدەداتەوە، دەگەڕێ بزانێ گەیشتبووە چ لاپەڕەیەک، لەسەر قەنەفەکە ڕادەکشێ، خەریکی هەڵدانەوەی پەڕەی کتێبەکەیە، لاپەڕەکە دەدۆزێتەوە، دەست دەکات بەخوێندنەوە. ئافرەتە گەنجەکە دووبارە دێتە ژوورەوە)

نە، ئەوە دیسان دەخوێنیتەوە

ئێمە ئیشمان زۆرە

تۆ بەتەما نەبووی ماڵەکە ڕێک بخەی

(پیاوە گەنجەکە کتێبەکە دادەخات، لەبەرئەوەی لێی تێک نەچێت گەیشتووەتە چ لاپەڕەیەک بەپەنجەی شایەتمانی لاپەڕەکە دیاری دەکات).

**پیاوە گەنجەکە:**

نووست

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ

(پشوویەکی کورت)

تۆ ناتەوێ بچی بۆ شت کڕین

(پیاوە گەنجەکە هەم بەنیگەرانییەوە و هەم بەپاڕانەوەوە سەیری ئافرەتە گەنجەکە دەکات)

ناوێریت

نەخێر

(بەبێزارییەوە سەر بادەدات)

نەخێر خەریکە لە تاقەتمدا نامێنێ لەمە زیاتر

تۆ هەرگیز ناچیتە دەرەوە

من لە تۆ تێ ناگەم

(وەکو بگری)

من خەریکە لە تاقەتمدا نامێنێ لەمە زیاتر

(پیاوە گەنجەکە لە دۆخی پاڵکەوتنەوە خۆ دەخاتە دۆخی دانیشتنەوە، بەپەشۆکاوییەوە سەیری دەوروبەری خۆی دەکات. ئافرەتە گەنجەکە بەکۆڵدانەوە سەر بادەدات)

نەخێر

(پشوو. لە دەرگە دەدرێت. ئافرەتە گەنجەکە سەیری پیاوە گەنجەکە دەکات)

دایک و باوکت

هەر لە ئێستاوە

هاتن

دەبووایە درەنگتر بهاتنایە



(پیاوە گەنجەکە بەساکانەوە سەیری ئافرەتە گەنجەکە دەکات)

لەو باوەڕەدای

کە ئەوە دایک و باوکتن

(پیاوە گەنجەکە هەر دانیشتووە، کتێبەکە دەخاتە سەر مێزی هۆڵەکە)

من بچم و دەرگەکە بکەمەوە

(پیاوە گەنجەکە هەر دانیشتووە، ئافرەتە گەنجەکە لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە. پیاوە گەنجەکە هەڵدەستێتە سەرپێ، دەچێتە لای پەنجەرەکەوە، تەماشای دەرەوە دەکات، ئاوڕ دەداتەوە، تەماشای دەرگەکەی لای ڕاست دەکات کە پیاوێکی تەمەن شەست ساڵانی لێوە دەردەکەوێ، چاکەتێکی شینی بەلۆکە هەڵاوساوی زستانەی لە بەردایە، پیاوەکە جانتایەکی قاوەیی شت کڕینی هەڵگرتووە، سەیری بەرپێی خۆی دەکات، سەر هەڵدەبڕیت کە چاوی بەپیاوە گەنجەکە دەکەوێت، جانتاکە دەخاتە دەستەکەی تری و وە بەدەست ڕاکێشانەوە و سەر دانەواندنەوە بەرەو ڕووی پیاوە گەنجەکە دەڕوات، ئەوان بەیەک دەگەن و تەوقە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، بەڵام سەیری یەکتری ناکەن)

**باوکەکە:**

بەڵێ ڕۆژباش ڕۆژباش

من دەبێ پیرۆزبایی منداڵەکەتان لێ بکەم

**پیاوە گەنجەکە:**

سوپاس سوپاس

(ئافرەتە گەنجەکە و دایکەکە دێنە ژوورەوە، دایکەکە پاڵتۆیەکی
لە بەردایە، پیاوە گەنجەکە بەرەو لای دایکەکە دەڕوانێ)

**دایکەکە:**

نا ئەوە تۆی

ئەوە تۆی

(دەستی درێژ دەکات، بەرەوڕووی پیاوە گەنجەکە دەچێ، کە
ئەویش بەرەوپیری دایکەکە دەچێ، تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەن،
دایکەکە ڕادەوەستێ و دەستی پیاوە گەنجەکەی خستووەتە
ناودەستی)

ئینجا دەبێ من پیرۆزبایی هاتنی

منداڵە بچکۆلەکە بکەم

(دایکەکە بەرەو لای ئافرەتە گەنجەکە دەڕوانێ، دەستی پیاوە
گەنجەکە بەردەدا)

نەخێر ئەمە شتێکی خۆش بوو

ئەمە شتێکی زۆر خۆش بوو

ئاخرییەکەی ئێمە نەوەکەی خۆمان دەبینین

ئەمە من

(سەیری باوکەکە دەکات)

بەڵێ ئێمە

دەمێکە چاوەڕوانین

وا نییە

**باوکەکە:**

(کەمێک وشەکە ڕادەکێشێ)



بەڵێ

**دایکەکە:**

(بڕیاردەرانە)

بەڵێ ئێمە دەمێکە چاوەڕێین

(ڕوو دەکاتە ئافرەتە گەنجەکە)

بەڵام کوا منداڵەکە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

نووستوە

لە ژووری نووستنەکە نووستوە

**دایکەکە:**

ئۆهـ

من دەبێ هەر ئێستا

بیبینم

(ئافرەتە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ. باوکەکە بەپەشۆکاوییەوە
سەیری دەوروبەری خۆی دەکات، وەکو ئەوەی کە بە تەواوەتی
نەزانێ چی لە خۆی بکات، بەڕاوەستاوی دەمێنێتەوە)

**پیاوە گەنجەکە:**

(ڕوو دەکاتە باوکەکە)

دەبێ دانیشیت

**باوکەکە:**

بەڵێ سوپاس

(باوکەکە دەچێ لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە دادەنیشێ،
جانتاکەی لە نزیک کورسییەکەوە دادەنێ. ئافرەتە گەنجەکە و

(دایکەکە بەرەوڕووی دەرگەکەی لای چەپ دەڕۆن)
**دایکەکە:**
(ڕوو دەکاتە باوکەکە)
تۆش
دەبێ بێیت
دەبێ ئەو منداڵە بچکۆلەیە ببینیت
**باوکەکە:**
نەخێر نەخێر
من چاوەڕێ دەکەم هەتا لە خەو هەڵدەستێ
(دایکەکە لە دەرگەکە دەچیتە دەرەوە، ئافرەتە گەنجەکەش بە
دوای ئەودا دەڕوات. پشوو)
(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)
بەڵێ لێرەدا دەژیت
پیاوە گەنجەکە
لێرەدا دەژیم
بەڵێ
**باوکەکە:**
ئێ ئێ
(پشوو)
**پیاوە گەنجەکە:**
وە ئێوەش
هەر وەکو خۆیەتی



**باوکەکە:**
هەمووی هەر وەکو خۆیەتی
بەڵێ
**پیاوە گەنجەکە:**
لەگەڵ
ئەوەی ژوورەوەش
**باوکەکە:**
بەڵێ هیچی تازە شک نابەم
بەهەرحاڵ
بەم پەلەپەلە نا
**پیاوە گەنجەکە:**
بێگومان
وایە
**باوکەکە:**
بەڵێ ڕاستە
(پشوو)
تۆ باشی
**پیاوە گەنجەکە:**
ناتوانم گلەیی بکەم
هەر وەکو خۆیەتی
**باوکەکە:**
(کەمێک بەکتوپڕی)

ئەی هیچ ئیشت هەیە
(پیاوە گەنجەکە سەر بادەدات)
نەخێر نەخێر
بەڕاستی
لەوانەیە ئەوەش ئەوەندە ئاسان نەبێ
ئیشێ بدۆزیتەوە خەریکی بیت

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر

**باوکەکە:**

بەڵام ئێوە خۆتان بۆ بەڕێوە دەچێ

**پیاوە گەنجەکە:**

(بەبێگارییەوە، وشەکە ڕادەکێشێ)
ئـــــا

**باوکەکە:**

(سەیری دەوروبەری خۆی دەکات)
بەهەرحاڵ
ئێوە ئێستا شوێنەکەتان
باشە
شوێنەکەشتان
سەنتەرە
وا نییە

**پیاوە گەنجەکە:**

با با



**باوکەکە:**

بەڵام بێگومان ژیانکردن لێرەدا گرانە

**پیاوە گەنجەکە:**

تەواو گرانە
(پشوو)

**باوکەکە:**

بەڵام ئێوە خۆتان بۆ بەڕێوە دەچێ

**پیاوە گەنجەکە:**

خۆمان بۆ بەڕێوە دەبرێ
(پێ دەکەنێ)

**بەهەرحاڵ:**

بەشێوەیەک

**باوکەکە:**

بەڵێ ئێمە پیاسەیەکی شارمان کرد
من و ئەو دایکت
چەند ئیشێکمان هەبوو
کە دەبوو جێبەجێیان بکەین
ئێمە هەر دەبووایە
(قسەکە دەبڕێ)

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ بێگومان وایە
ئەوە

(گریانی منداڵ دێتە گوێ)

**باوکەکە:**

(سەیری پیاوە گەنجەکە دەکات)

بەدڵنیاییەوە خەبەری بووەوە

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ

(پشوو)

نزیکەی شەو و ڕۆژێک دەبێ خەوتووە

**باوکەکە:**

زۆر قاوقیژ ناکات

(پیاوە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ. گریانەکە دەوەستێ)

**پیاوە گەنجەکە:**

بەدڵنیاییەوە دووبارە ژیر بووەوە

(پشوویەکی کورت)

زۆر نووستوە

بەڵێ

**باوکەکە:**

بەڵێ

وایە

(پشوویەکی کورت)

نەخێر ئێمە بیرمان کردەوە کە مادام

ئێمە



هاتووین بۆ شار هەر لە دەرگەکەوە سەرێک بدەین

بەڵێ

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ دەزانم

(پشوویەکی کورت)

**باوکەکە:**

ئێمە زۆر نامێنینەوە

هەر ویستمان سەرپێیانە سەرێک بدەین

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ

(پشوویەکی کورت. ئافرەتە گەنجەکە دێتە ژوورەوە)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

تۆزێک

خەبەری بووەوە

بەڵام دەمودەست

دووبارە نووستەوە

(دایکەکە دێتە ژوورەوە)

**دایکەکە:**

(بەرەو ئافرەتە گەنجەکە)

نەخێر بێ عەقڵیم کرد خەبەرم کردەوە

مەبەستم ئەوە نەبوو

نەخێر کارێکی گەوجانە بوو

(دایکەکە دەچێ لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێ)

(ڕوو دەکاتە باوکەکە)

تۆ دەبێ بیبینی

کوڕێکی ئەمەندە بچکۆلە و جوانە

دەبێ بیبینی

**باوکەکە:**

بەڵێ

(ئافرەتە گەنجەکە لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە)

**دایکەکە:**

(ڕوو دەکاتە باوکەکە)

بەڵام ئاسان نییە

بڵێی لە کێ دەچێ

نەخێر

خوایە گیان کە جوانە

بەهەرحاڵ لە تۆ ناچێ

(تەماشای پیاوە گەنجەکە دەکات)

لە تۆش نا

نەخێر بەهیچ کلۆجێک ئەو لە تۆ ناچێ

(پشوویەکی کورت)

هەروا بێتەوە

لەو لایانەوە

لە منیش ناچێ

وە لە



(بەسەر ئیشارەت بۆ دەرگەکەی لای ڕاست دەکات)

ئەویش

ناچێ

(بەهێواشی بەپیاوە گەنجەکە)

بەڵام حاڵ و گوزەرانتان چۆنە

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ

باشین سوپاس

**دایکەکە:**

(بەنیگەرانییەوە)

کۆرپەکەشتان باشە

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ هەموو شتێ باشە

**دایکەکە:**

بەڵام

(قسەکەی دەبڕێ. پشوویەکی کورت. تەماشای باوکەکە دەکات،
باوکەکە سەر دادەنەوێنێ.
پشوو)

**پیاوە گەنجەکە:**

(ڕوو دەکاتە دایکەکە)

بەڵێ

هاتن بۆ شار بۆ پیاسەکردن

**دایکەکە:**

بەڵێ ئێمە هەر دەبوو

ساواکەش ببینین

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ

(پشوویەکی کورت)

(ڕوو دەکاتە دایکەکە)

پاشان هەندێ ئیشیشتان هەبوو

**باوکەکە:**

بەڵێ

**دایکەکە:**

(بەخێرایی)

ئێستا ئەوە زیاتر

(قسەکەی دەبڕێ لەو کاتەدا ئافرەتە گەنجەکە دێتە ژوورەوە)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من

دیارە کە دەبێ بچمە دەرەوە

و هەندێ شت بکڕم

بۆ ئەم سەردانە

(کەمێک پێ دەکەنێ)

**دایکەکە و باوکەکە:**

(هەردووکیان پێکەوە)



نەخێر هەرگیز پێویست ناکات

نابێ

**پیاوە گەنجەکە:**

با ئێوە کەمێک لە ناکاودا هاتن بۆ لامان

**دایکەکە:**

ئێمە کەمێک پێشوەخت هاتین

بەڵێ

(ڕوو دەکاتە ئافرەتە گەنجەکە)

بەڵێ دەبێ ببوورن

**ئافرەتە گەنجەکە:**

کێشە نییە

**دایکەکە:**

(ڕوو دەکاتە ئافرەتە گەنجەکە)

ئێمە هەر لە دەرگەکەوە سەرپێیانە

سەرێکمان دا

دەبێ بڕۆین

(بەڕوونکردنەوەوە)

بەڵێ کاتی هاتوچۆی پاسەکانیان گۆڕیوە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(ڕوو دەکاتە باوکەکە)

بەڵام پێویستە

تۆش منداڵەکە

ببینیت

**باوکەکە:**

(بەشەرمەوە سەر دادەنەوێنێ، وشەکە ڕادەکێشێ)

بەڵـــێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

ئێوە هەردووکتان

(سەیری پیاوە گەنجەکە دەکات، پاشان ڕوو دەکاتە باوکەکە)

دەتوانن بچن سەیری بکەن

**باوکەکە:**

دەتوانین چاوەڕێ بکەین

و

**ئافرەتە گەنجەکە:**

نەخێر بڕۆ سەیری بکە

**پیاوە گەنجەکە:**

(هەڵدەستێتە سەرپێ)

ئا دەی وەرە

(باوکەکە هەڵدەستێتە سەرپێ، پیاوە گەنجەکە و باوکەکە لە دەرگەکەی لای چەپەوە دەچنە دەرەوە. پشوو)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵام

من دەبێ بچم شت بکڕم

من

هەتا بتوانم شتێکتان بخەمە بەردەم



من لەسەر چوونە دەرەوە بووم

کە ئێوە هاتن

**دایکەکە:**

(بەپەلە)

نەخێر پێویست ناکا تۆ بچی بۆ شت کڕین

دەزانی

ئێمە دەبێ هەر ئێستا بڕۆین

پاسەکەمان دەڕوات

(پشوویەکی کورت)

ئێمە

هەر سەرێکمان دا

بەخێرایی

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ

**دایکەکە:**

ئێمە هەر دەبوو

منداڵە بچکۆلەکەمان ببینیایە

مادام

هاتبووین بۆ شار

(ڕووی تێ دەکات)

بەڵێ خوایە گیان چەند جوانە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ

**دایکەکە:**

بەڵێ بەڕاستی منداڵێکی جوانە
بەڵێ ئێوە بەختەوەرن
(پشوویەکی کورت)
هەموو شتێک باشە
لەگەڵ تۆ و منداڵەکەدا

**ئافرەتە گەنجەکە:**

هیچ شتێکی نائاسایی نەبوو و
هەموو شتەکان وا ڕۆیشتوون هەر وەکو کە دەبوو بڕۆن
هەموو شتێک باشە

**دایکەکە:**

ئێ چاکە
(پشوو)
ئێستا مۆڵەتت وەرگرتووە لە ئیش

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ

**دایکەکە:**

ئەوە
چاکە
کەمێک کاتت هەبێ
بۆ ئەوەی ئاگات لە منداڵەکە بێ
(پشوو)



ئا ئێمە دیارییەکی بچکۆلەشمان هێناوە
(کەمێک پێ دەکەنێ)
دەزانی
(دەچێتە لای جانتای شت کڕینەکەوە، جانتاکە بەرز دەکاتەوە، دەیخاتە سەر کورسییە قۆڵدارەکە، زنجیری جانتاکە دەکاتەوە، پاکەتێکی پێچراوە دەردەهێنێ، ڕادەوەستێ و پاکەتەکەی بە دەستەوەیە)
نەخێر شتێکی زۆریش نییە
شتێکی کەمە
ئێمە بەخۆشحاڵییەوە حەز دەکەین شتێک بدەین بەمنداڵەکە
(دیارییەکە ڕادەگرێ بۆ ئافرەتە گەنجەکە)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(وەری دەگرێ)
زۆر سوپاس
ئەوە میهرەبانییە

**دایکەکە:**

ئەوە شتێکی زۆریش نییە
(ئافرەتە گەنجەکە بەڕاوەستانەوە پاکەتەکە بەپەنجەکانی دەپشکنێ، وەکو ئەوەی نەزانێ بەتەواوەتی چ بکات. پشوویەکی کورت)
بەڵێ منداڵێکی جوانە
(دایکەکە بەنائومێدییەوە سەر دەلەقێنێ. باوکەکە لە دەرگەکەوە

دێتە ژوورەوە. بە چاوەڕوانییەوە، ڕوو دەکاتە باوکەکە)

تۆ دەڵێی چی

**باوکەکە:**

(لە ناخی دڵەوە، پاڵەپەستۆ خستنە سەر وشەکانەوە)

بەڵێ کوڕێکی جوانە

(دایکەکە بەمۆڕەوە سەیری ئافرەتە گەنجەکە دەکات، پیاوە گەنجەکە دێتە ژوورەوە، دەبینێ ئافرەتە گەنجەکە ڕاوەستاوە و بەپەنجەکانی پاکەتە پێچراوەکەی ناودەستی دەپشکنێ، پشوویەکی کورت)

**پیاوە گەنجەکە:**

(ڕوو دەکاتە ئافرەتە گەنجەکە)

دیاریمان بۆ هاتووە

(ئافرەتە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ)

دەبا بیکەینەوە

(ڕوو دەکاتە دایکەکە و باوکەکە)

زۆر سوپاس بۆ ئێوە

(ئافرەتە گەنجەکە لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێ، دەست دەکات بەکردنەوەی پاکەتە پێچراوەکە)

**دایکەکە:**

(بەداوای لێبووردنەوە)

ئەوە ئەوەندە زۆریش نییە

تەنیا شتێکی بچکۆلەیە



**ئافرەتە گەنجەکە:**

(پاکەتە پێچراوەکە دەکاتەوە، بەتانییەکی ڕەنگ شین دەردەهێنێ، بەرزی دەکاتەوە، بەرەوڕووی پیاوە گەنجەکە بەرزی دەکاتەوە)

جوانە

**پیاوە گەنجەکە:**

(سەر دەلەقێنێ)

بەڵێ

**دایکەکە:**

زۆر سەختە بزانی کە دەبێ چ شتێک بەری بە دیاری

ئەوە شتێکی بچکۆلەیە

(ئافرەتە گەنجەکە بەتانییەکە دەخاتە سەر مێزی هۆڵەکە، هەڵدەستێتە سەرپێ، کاغەزەکەی کە پاکەتەکەی تێوە پێچرابوو هەڵدەگرێ و لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە. دایکەکە بەتانێکە بەرز دەکاتەوە، سەیری دەکات

ڕوو دەکاتە باوکەکە)

توخوا کوڕەکە جوان نییە

**باوکەکە:**

(کەمێک بەبەردەم خۆیەوە بزە دەیگرێ)

با

(پشوویەکی کورت)

بەڵام لە کێ دەچێ

**دایکەکە:**

نەخێر بڵێ لە کێ دەچێ

(بەتانییەکە جوان قەو دەکات، لەسەر مێزی هۆڵەکەی دادەنێت)

**باوکەکە:**

نەخێر نازانم بڵێم لە کێ دەچێ

**دایکەکە:**

بەهەرحاڵ

لە تۆ ناچێ

**باوکەکە:**

نەخێر

**دایکەکە:**

لەوانەیە لە

(قسەکەی دەبڕێ)

نەخێر نازانم

(باوکەکە دەچێ لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە دادەنیشێ
ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)

بەڵێ کوڕێکی جوانت بووە

(ئافرەتە گەنجەکە دێتەوە ژوورەوە، چاکەتێکی چوونە دەرەوەی
لەبەر کردووە. دایکەکە ڕوو دەکاتە ئافرەتە گەنجەکە،
بەخێرایی)

نا گوێی مەدەرێ

ئێمە هەر ئێستا دەڕۆین



ئەمڕۆ وای لێ هات

کاتی هاتوچۆی پاسەکانیان گۆڕیوە

(سەیری باوکەکە دەکات)

وا نییە

**باوکەکە:**

(قۆڵی چاکەتە بە لۆکە هەڵاوساوەکەی هەڵدەداتەوە بۆ سەرەوە،
تەماشای سەعاتەکەی دەکات)

بەڵێ ئێمە دەبێ بەم زووانە بڕۆین

(تەماشای دایکەکە دەکات)

کاتی هاتووە

**دایکەکە:**

(ڕوو دەکاتە ئافرەتە گەنجەکە، بەڕوونکردنەوەوە)

ئێمە هەر ویستمان

سڵاوێک لە کوڕە بچکۆلەکە بکەین

**باوکەکە:**

بەڵێ ئەوە هەر سەردانێکی کورت بوو

(باوکەکە هەڵدەستێتە سەرپێ، جانتاکە هەڵدەگرێ، بەرزی
دەکاتەوە، لەسەر کورسییە قۆڵدارەکەی دادەنێت، زنجیری
جانتاکە دادەخات، پاشان خۆی ئامادە دەکا بۆ ڕۆیشتن)

**دایکەکە:**

(هەڵدەستێتە سەرپێ، ئەویش خۆی ئامادە دەکا بۆ ڕۆیشتن)

بەڵێ با ئەمڕۆ ئاوها بێ

بەڵام جارێکی تر

سەردانەکەمان درێژتر دەبێ
**باوکەکە:**
(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)
دەزانیت
ئێستا ئەوێ
ئەوەندە زۆر پاسی
بۆ ناچێت
**دایکەکە:**
(ڕوو دەکاتە ئافرەتە گەنجەکە)
ئەگەر بڵێم
ئەوە دوا پاسە
ئەمڕۆ دەڕوات
ڕاستە
**پیاوە گەنجەکە:**
(بەپرسیارکردنەوە)
خەتەکانی تریان
لابردووە
**باوکەکە:**
بەڵێ
(پشوویەکی کورت)
(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)
بەڵام ئێوەش هەرسێکتان دەبێ بێن
سەرمان لێ بدەن



**دایکەکە:**
(بەهاوڕابوونەوە)
بەڵێ ئێوە بەڕاستی هاوین
دەبێ بێن
کە هەوا خۆش و گەرم بوو
دەبێ بێن
سەردانمان بکەن
بەڕاستی وا نییە
**پیاوە گەنجەکە:**
بەڵێ سوپاس بۆ هاتنتان
(پشوویەکی کورت)
بەڵام با جارێکی تر
سەردانێکی
درێژخایانتر بێ
(دایکەکە و باوکەکە بەرەو دەرگەکەی لای ڕاست دەڕۆن)
من تا دەرەوە دێم لەگەڵتان
(دایکەکە و باوکەکە لە دەرگەکە دەچنە دەرەوە، پیاوە گەنجەکە
ڕادەوەستێ، سەیری ئافرەتە گەنجەکە دەکات)
**دایکەکە:**
بەڵێ ئەم هاتنەمان کورت بوو
بەڵام ئاوهایە
کە یەکێک مێشکی نەبێ سەیری کاتی هاتوچۆی پاسەکان بکات
بەڵێ خوات لەگەڵ

**باوکەکە:**

بەڵێ

خوات لەگەڵ

(دایکەکە و باوکەکە لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دەچنە دەرەوە. پیاوە گەنجەکە بەدوایاندا دەڕوات، ئافرەتە گەنجەکە دەچێ لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە دادەنیشێ، قاچ دەخاتە سەر قاچ، کەمێک تەسلیمبووانە دێتە بەرچاو. پشوو. پیاوە گەنجەکە دووبارە دێتەوە ژوورەوە. ئافرەتە گەنجەکە هەڵدەستێتە سەرپێ، ڕادەوەستێ، پیاوە گەنجەکە دەچێ لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە دادەنیشێ)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)

خۆ ئێستا دەبینی

کە کەس نایەوێ لێرە بێ

هەتا دایک و باوکیشت نایانەوێ

ئەوەتا لێیان دا ڕۆیشتن

پێش ئەوەی

پشوویەک بدەن

ئەوەندەی تۆزێک سەیری منداڵەکەیان کرد

کەمێک قسەیان کرد لەبارەی ئەو لە کێ دەچێ

و لە کێ ناچێ

و لێیان دا ڕۆیشتن

(پشوویەکی کورت)



بەهەزار حاڵ باوەڕیان بەوە هەبوو

کە تۆ باوکی منداڵەکە بیت

(کەمێک پێ دەکەنێ، پیاوە گەنجەکە هەڵدەستێتە سەرپێ، لەسەر قەنەفەکە ڕادەکشێ. پشوو)

من بەهیچ شێوەیەک لەو باوەڕەدا نیم

ئەوان چارەی منداڵەکەیان ویستبێ

**پیاوە گەنجەکە:**

(بە تووڕەییەوە)

بێگومان ئەوان چارەی منداڵەکەیان دەوێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من نازانم

من

**پیاوە گەنجەکە:**

با ئەوان چارەیان دەوێ

بۆچی وا دەڵێیت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

لەوانەیە چارەیان بوێ

**پیاوە گەنجەکە:**

چارەیان دەوێ

بێگومان

زۆر باش چارەیان دەوێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ ئەوان چارەیان دەوێ

ئیتر

(پشوو)

من دەچمە دەرەوە بۆ شت کڕین

من

تاوەکو شتێکمان هەبێ بیخۆین

(بەپرسیارکردنەوە)

باشە

(بڕیاردەرانە)

کە خەبەری بووەوە

دەبێ بیهێنیتە دەرەوە

(پیاوە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ، هەر لەو کاتەدا کە ئافرەتە گەنجەکە ڕاوەستاوە و سەیری دەکات ئەو کتێبەکە لەسەر مێزی هۆڵەکە هەڵدەگرێ، دووبارە دەست دەکاتەوە بەگەڕان تا بزانێ گەیشتبووە کوێ، ئەو جێگەیە دەدۆزێتەوە، دەست دەکات بەخوێندنەوە)

ئەوا من دەڕۆم

(پیاوە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ بێ ئەوەی سەیری بکات. ئافرەتە گەنجەکە لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە، پیاوە گەنجەکە کتێبەکە لەسەر سنگی دادەنێ، بەڕاکشاوی دەمێنێتەوە و سەیری پێشەوەی خۆی دەکات. پشوو. ڕووناکی دەکوژێنرێتەوە. تاریکی)



II

تاریکی. ڕووناکی هەڵدەکرێ. دەرەوەی پەنجەرەکە نیوە تاریکە. کاتژمێری دیوارەکە دەوروبەری سەعات پێنج و نیو پیشان دەدات. پیاوە گەنجەکە هێشتا لەسەر قەنەفەکە ڕاکشاوە، کتێبەکە لەسەر سنگیەتی. هەڵدەستێتە سەرپێ، دەچێتە لای پەنجەرەکەوە، سەیری دەرەوە دەکات. ئافرەتە گەنجەکە لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە، چاکەتی چوونە دەرەوەی لە بەردایە، زەرفێکی لایلۆنی بەدەستەوەیە.

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(نامەیەک ئاراستەی پیاوە گەنجەکە دەکات)

نامەت بۆ هاتووە

**پیاوە گەنجەکە:**

(بە هێواشی ئاوڕی لێ دەداتەوە)

(کەمێک بەترسەوە)

نامە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ لە دەزگایەکی چاپەمەنییەوە

(ئافرەتە گەنجەکە دەچێتە لایەوە، نامەکەی بۆ درێژ دەکات، پیاوە گەنجەکە لە جێگەی خۆی بەڕاوەستاوی دەمێنێتەوە و

سەیری نامەکە دەکات)
ناتەوێ بزانی نامەکە چیی تێدایە
(پیاوە گەنجەکە سەر بادەدات)
**پیاوە گەنجەکە:**
با، تۆزێک
**ئافرەتە گەنجەکە**
ئا لەوانەیە
(قسەکەی دەبڕێ)
**پیاوە گەنجەکە:**
(خێرا)
بەڵام زۆرت پێ چوو
**ئافرەتە گەنجەکە:**
بەڵێ
(پشوویەکی کورت)
بەڵێ چووم سەرێکم لە مارتا دا
(پشوویەکی کورت)
مارتا ئێستا دێت بۆ ئێرە
(کەمێک پێ دەکەنێت)
ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەیرە
یەکەم جار دایک و باوکت هاتن
ئێستاش لەوانەیە مارتا بێت
ئەوەندەی من بیرم بێ



دەمێکە میوانمان نەهاتووە
(پشوویەکی کورت)
بەڵام دایک و باوکت زۆر نەمانەوە
(بەخێرایی)
کوڕەکە هەر نووستوە
**پیاوە گەنجەکە:**
بەڵێ
**ئافرەتە گەنجەکە:**
دەکەواتە لە هەموو حاڵەتێکدا
ئەو ئەمشەو خەوی لێ ناکەوێت
هەمووی هەر نووستبوو
**پیاوە گەنجەکە:**
(سەر دەلەقێنێ)
بەڵێ
من هیچ گوێم لەو نەبوو
**ئافرەتە گەنجەکە:**
نەچوویتە ژوورەوە
سەیری بکەیت
**پیاوە گەنجەکە:**
با، دوو کەڕەت
**ئافرەتە گەنجەکە:**
کەواتە ئێستا کاتی هەستانی هاتووە

بەڵام دەزانی چی
(پشوویەکی کورت)
من و مارتا بەتەماین ئەم ئێوارەیە
پیاسەیەکی دەرەوە بکەین
**پیاوە گەنجەکە:**
(بەپرسیارکردنەوە)
بەڵێ
**ئافرەتە گەنجەکە:**
خۆ ناڵێی نا
(پیاوە گەنجەکە وەڵام ناداتەوە)
(خێرا)
من ناتوانم هەر لە ژوورەوە دانیشم
دەزانی
بەڵێ
ئەوەندە نابا مارتا دێ
و ئێمە دەچینە
دەرەوە پیاسەیەک دەکەین
(زەرفە لایلۆنەکە بەرز دەکاتەوە)
کەمێک خواردنم کڕیوە
تۆ دەتوانی بیخۆیت
ئەگەر ویستت
(پێ دەکەنێ)



تاقەتم نییە خواردنی ئێوارە دروست بکەم
من لە ماڵی مارتا کەمێک خواردنم خوارد
**پیاوە گەنجەکە:**
مارتا دێ بۆ ئێرە
**ئافرەتە گەنجەکە:**
بەڵێ بێگومان نایەتە ژوورەوە
(پشوویەکی کورت)
بێگومان ئەو نایەوێت بێتە ژوورەوە
بەو حاڵ و میزاجەوەی
تۆی تیایت
(پێکەنینێکی کورت)
**پیاوە گەنجەکە:**
(بە بێ تاقەتانە)
بەڵێ بەڵێ
(پشوویەکی کورت)
چووی بۆ لای مارتا
**ئافرەتە گەنجەکە:**
بەڵێ
(پشوویەکی کورت)
بەڵام ئادەی ئێستا نامەکەت بکەوە
**پیاوە گەنجەکە:**
نەخێر ئێستا نا

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بۆچی نا

**پیاوە گەنجەکە:**

(بەڕاکێشانی پیتەکانی وشەکەوە)

نـــا

**ئافرەتە گەنجەکە:**

دەچـم خەبەری دەکەمەوە

لەبەرئەوەی نابێ

ئەو

شەو و ڕۆژ بنوێت

نەخێر لەوە زیاتر نابێ بنوێت

من دەبێ خەبەری بکەمەوە

یان تۆ دەتوانی

خەبەری بکەیتەوە

ئاگەداری بیت و

کەمێک خواردنیشی بدەیتێ

**پیاوە گەنجەکە:**

(سەر دەلەقێنێ)

بەڵێ من زۆر باش دەتوانم ئەوە بکەم

(پشوویەکی کورت)

مارتا کەی دێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

هەر ئێستا



دێت

من دەبێ کەمێک دەست بەخۆمدا بهێنم

(پیاوە گەنجەکە لەباری ڕاوەستاندا دەمێنێتەوە و لەسەر لا
سەیری بەرپێی خۆی دەکات)

بەڵام خۆ تۆ

ئەوە دەزانیت

خۆشت

گەرچی تۆ دەتەوێ هەر لە ماڵەوە بی

هەموو ڕۆژێ

ئەگەرچی هەرگیز ناچیتە دەرەوە

بەڵام خۆ من دەبێ بۆم هەبێ بچمە دەرەوە

من تاقەتی ئەوەم نییە هەموو کاتێک لە ژوورەوە دانیشم

تۆ قسە ناکەیت

هەر لەوێدا ڕاکشاویت

هەر لەوێدا لەسەر قەنەفەکە ڕاکشاویت و دەخوێنیتەوە

(بەبێ هیواییەوە)

ئەی چۆن

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ دەزانم

**ئافرەتە گەنجەکە:**

جاران من و مارتا هەردەم پێکەوە بووین

ئەو هەردەم دەهات بۆ لام

خۆش بوو بۆ خۆمان

دادەنیشتین
قسەمان دەکرد و پێ دەکەنین
بەڵام دوای ئەوەی کە من و تۆ دەستمان کرد بەپێکەوەژیان
ئیتر نابێت
ئەوە نابێت

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ دەزانم
(پشوو)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

ئێ ئێستا تۆ
دەبێ نامەکەت بکەیتەوە
(پیاوە گەنجەکە نامەکە دەکاتەوە، تەماشای دەکات)
(بەپرسیارکردنەوە)
ئەوەی تۆ نووسیوتە
نایانەوێت
(پیاوە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ)
تۆ پێت وابوو ئەمجارەیان باشتر دەبێ لە جارەکانی تر
وا نەبوو

**پیاوە گەنجەکە:**

با وا بوو

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵام تا کەی تۆ خەریکی



ئەم بەزمی نووسینە دەبی
تۆ ناتوانی
ساڵ
دوازدەی مانگ
هەر لەوێدا دابنیشیت و بنووسیت
ناتوانی
(قسەکەی دەبڕێ. پشوو)
ئەوەش زامن نییە کە تۆ پێویست بکات بنووسی
بەڵێ من بەڕاستمە
ئیتر
تۆ دەبێ یان شتێک بڵاو بکەیتەوە
یان دەبێ شتێکی تر بدۆزیتەوە
خەریکی بیت
تۆ ناتوانی هەر لە ژوورەوە دانیشیت
هەرگیز نەچیتە دەرەوە
و شتێکیش بنووسی کەس گوێی پێ نەدات

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر
(نامەکە دەخاتە ناو پەنجەرەکەوە، دەچێ لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە دادەنیشێ. پشوو)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

کەواتە تۆ ناتەوێ بچی بەلای منداڵەکەوە
(پشوویەکی کورت. ئافرەتە گەنجەکە دەچێ کیسە نایلۆنەکە لە

بەردەمی پیاوە گەنجەکەدا لەسەر مێزی هۆڵەکە دادەنێت.
پشوو)

بەهەرحاڵ

ئەوە خواردنەکەتە

(لە دەرگەکەی لای چەپەوە دەڕواتە دەرەوە، پشوویەکی کورت، پاشان دووبارە دێتەوە ژوورەوە، ئاوێنەیەکی بچکۆلە، کەرەستەی میکیاجکردن و کراسێکی بەدەستەوەیە." کراسی سەر تەنوورە")

نەخێر ئەوەندە خۆش خەوتووە کە ناکرێ خەبەری بکەیتەوە

دەبێ جلەکانی بگۆڕی کە خەبەری بووەوە

(دەچێتە لای مێزی هۆڵەکەوە، ئاوێنەکە، کەرەستەی میکیاجکردنەکان و کراسی سەر تەنوورەکە دەخاتە سەر مێزی هۆڵەکە. پەنجە بۆ کیسە نایلۆنەکە درێژ دەکات)

ناتوانی ئەو شتانە بەریتە مووبەقەکە

(پیاوە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ، هەڵدەستێتە سەرپێ، کیسە نایلۆنەکە هەڵدەگرێ و لەلای ڕاستەوە دەڕواتە دەرەوە. ئافرەتە گەنجەکە چاکەتی چوونە دەرەوەکەی دادەکەنێ، دەیدا بەسەر قۆڵی کورسییە قۆڵدارەکەدا، پاشان بلوزەکەی لەبەر خۆی دادەکەنێ و هەر بەسوخمەی مەمکەکەیەوە لەوێدا دەوەستێ، پاشان لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە دادەنیشێ، هەندێ کەرەسەی میکیاجکردن لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێ و دەست دەکات بە خۆمیکیاجکردن. پیاوە گەنجەکە دێتەوە ژوورەوە، لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێ)



**پیاوە گەنجەکە:**

زۆری ماوە مارتا بێت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

نەخێر دەبووایە ئێستا بهاتایە

بەم زووانە دێت

(پیاوە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ)

بەڵام ئەو دایک و باوکەی تۆ

ئەوان

(قسەکەی دەبڕێ، سەر بادەدات لە هەمان کاتیشدا خۆی میکیاج دەکات)

وەرە بەو شێوەیە بێیت

دەمودەستیش بڕۆیت

من دڵنیام لەوەی کە ئەوان

حەزیان لە چارەی منداڵەکە نەبوو

(پشوویەکی کورت)

بێگومان لەبەرئەوەی ئەوان حەزیان لە چارەی من نییە

حەزیشیان لە چارەی منداڵەکە نییە

هەرگیز حەزیان لە چارەی من نەبووە

بەو حاڵە تا باوکت تاقەتی بوو منداڵەکە ببینێ

**پیاوە گەنجەکە:**

وا نییە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

نەخێر

ئەی چۆنە
باوکت گوێی نەدایە
بەهەزار حاڵ تاقەتی بوو منداڵەکە ببینێ

**پیاوە گەنجەکە:**

ئەو شەرمنە
نایەوێ ببێ بەئەرک

**ئافرەتە گەنجەکە:**

دروست وەکو تۆ
(لێوەکانی بە سوورێکی تۆخ سووراو کردووە، هەڵدەستێتە سەرپێ، ئاوێنەکەی بەدەستەوەیە و دەجووڵێ، لێوەکانی گرت دەکاتەوە و کەمێکی تر سووراویان دەکات. ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە، لێوەکانی بەنازێکەوە دەنێتە سەریەک)
باشە ئێستا

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(وەکو لە خەیاڵی خۆیدا بێ)
نەخێر وەڵامی دەزگای بڵاوکردنەوەکە ناخۆش بوو
کە نایانەوێ نووسینەکەت
بڵاو بکەنەوە
(کراسەکە لەسەر مێزی هۆڵەکە هەڵدەگرێ، لەبەری دەکات، قۆپچەکانی دادەخات. کەمێک دێ و دەچێ، دووبارە لە



ئاوێنەکەدا سەیری خۆی دەکات، کەمێکی تر سووراو دەکات. دەچێتە لای پەنجەرەکەوە، لە بەرپەنجەرەکەدا ڕادەوەستێ و سەیری دەرەوە دەکات، کەمێک سمتی بەلادا دەردەپەڕێنێت. پیاوە گەنجەکە دانیشتووە و سەیری دەکات. ئافرەتە گەنجەکە ئاوڕی لێ دەداتەوە).
ئەوە مارتا هات
لە خوارەوە لەسەر شەقامەکە دەیبینم
من دەڕۆم
من
تۆش لە بینینی ئەو
(پێکەنینێکی کورت)
ڕزگارت دەبێت
(دەچێ چاکەتی چوونە دەرەوەکەی لەسەر قۆڵی کورسییە قۆڵدارەکە هەڵدەگرێ، دەیکاتە بەری، بلووزەکەی لەسەر ئەرزەکە هەڵدەگرێتەوە و کەرەستەی میکیاجکردنەکان و ئاوێنەکە هەڵدەگرێ و دەچێ لە سەرقەراغی پەنجەرەکە دایان دەنێ، پاشان بەرەو لای دەرگەی ڕاست دەڕوات، ڕادەوەستێ)
ئیتر
من
دەبێ خێرا کەم

**پیاوە گەنجەکە:**

کەی دێیتەوە
ئافرەتە گەنجەکە

من زۆر درەنگم پێ ناچێ
تۆ
چاوەڕێم مەکە
تۆ بۆ خۆت
بڕۆ بنوو
**پیاوە گەنجەکە:**
دەزانی چی
**ئافرەتە گەنجەکە:**
چی
**پیاوە گەنجەکە:**
دایک و باوکم تەلەفۆنیان کرد
**ئافرەتە گەنجەکە:**
(وەکو سەرسام بووبێ)
نا وا نەڵێیت
(وەکو گرینگ بێ بەلایەوە)
هیچ شتێکی تایبەتی هەبوو
**پیاوە گەنجەکە:**
نەخێر
هەروا تەلەفۆنیان کردبوو
و پاشان دایکم وتی
کە ئەو زۆر تووشی شڵەژان بووە بەوەی
نەوەکەی خۆی ببینێ



وتیشی
(کەمێک پێ دەکەنێ)
کە دیارییەکی لەگەڵ خۆی هێنابوو
بەڵام لە بیری چووبوو بیدات بە کوڕەکە
بەدڵنیاییەوە یارییەکی بچکۆلە بووە
**ئافرەتە گەنجەکە:**
بەهەرحاڵ
خۆش بوو
دایکت دیارییەکی بۆ کوڕەکە هێنابوو
(بەتانییەکە لەسەر مێزی هۆڵەکە هەڵدەگرێت، ڕادەوەستێ و سەیری دەکات)
**پیاوە گەنجەکە:**
دایکم وتی
یارییەکە دەنێرێ
(پشوویەکی کورت)
**ئافرەتە گەنجەکە:**
(هەر بۆ ئەوەی شتێک بڵێ)
دایک و باوکت زوو زوو تەلەفۆن ناکەن
(پشوو. دەچێ چەکمەجەیەک لە چاوی بۆفییەکە ڕادەکێشێ، بەتانییەکەی دەخاتە ناو، پاڵ بە چەکمەجەکەوە دەنێتەوە بۆ ناوەوە)
**پیاوە گەنجەکە:**
ئینجا وتیان

که بەسەلامەتی گەیشتوونەتەوە ماڵەوە

(لە دەرگە دەدرێت)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

وابزانم ئەوە مارتایە

**پیاوە گەنجەکە:**

(بەداوای لێبووردنەوە)

من هەر ویستم ئەوەت پێ بڵێم

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من

دەڕۆم

ئیتر

(پیاوە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ و، ئافرەتە گەنجەکە لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دەڕواتە دەرەوە)

(لە مووبەقەکەوە)

شووشەی مەمکی پاک و بەروانکەی پاک

لەسەر کەوانتەری مووبەقەکەیە

(پیاوە گەنجەکە هەڵدەستێتە سەرپێ، دەچێتە لای پەنجەرەکەوە، ڕادەوەستێ و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات، پاشان نامەکە هەڵدەگرێت، بەڕاوەستانەوە سەیری دەکات، لەسەر قەراغی پەنجەرەکە دای دەنێتەوە، پاشان دەچێتە لای قەنەفەکەوە، لەسەری ڕادەکشێ، کتێبەکە هەڵدەگرێ، کەمێک دەخوێنێتەوە، کتێبەکە لەسەر مێزی هۆڵەکە



دادەنێتەوە، هەڵدەستێتەوە سەرپێ، ئینجا دووبارە دەچێتەوە لای پەنجەرەکەوە، لە بەردەمی پەنجەرەکەدا ڕادەوەستێ، سەیری دەرەوە دەکات، بلووزەکە لەسەر قەراغی پەنجەرەکە هەڵدەگرێ، لەباری ڕاوەستاندا دەمێنێتەوە و بەدەست یاری بە بلووزەکە دەکات. ڕووناکی دەکوژێنرێتەوە، تاریکی)

III

تاریکی. ڕووناکی هەڵدەکرێ. دەرەوەی پەنجەرەکە تاریکە. کاتژمێرەکە دەوروبەری سەعات دوو و نیو پیشان دەدات. لەسەر مێزی هۆڵەکە شووشەیەکی مەمک دانراوە، کەمێک شیری تێدایە. پیاوە گەنجەکە لەسەر قەنەفەکە ڕاکشاوە و سەیری پێشەوەی خۆی دەکات، هەڵدەستێتە سەرپێ، دەچێتە لای پەنجەرەکەوە، لە تاریکییەکەوە سەیری دەرەوە دەکات. منداڵەکە دەست دەکات بە قاووقیژ، پیاوە گەنجەکە دەچێتە لای عەرەبانەیەکی کۆنی منداڵانەوە، کە سەری هەڵدراوەتەوە لە تەنیشت پەنجەرەکەوە، دەست دەکات بە هێنان و بردنی عەرەبانەکە بۆ دواوە و بۆ پێشەوە، دەوەستێت، پاشان عەرەبانەکە ڕادەژەنێ بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە، منداڵەکە ژێر دەبێتەوە. پیاوە گەنجەکە دەچێت لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت، هەڵدەسێتە سەرپێ، دەچێتە لای پەنجەرەکەوە، نامەکە لەگەڵ خۆی دەبات و لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت، دانیشتووە و سەیری نامەکە دەکات. نامەکە لەسەر مێزی هۆڵەکە دادەنێت، هەڵدەسێتە سەرپێ، دەچێتە لای پەنجەرەکەوە، سەیری دەرەوە دەکات، لەباری ڕاوەستاندا دەمێنێتەوە و سەیری دەرەوە دەکات. دەچێ لەسەر قەنەفەکە ڕادەکشێت. ئافرەتە گەنجەکە لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە، چاکەتی چوونە دەرەوەکەی لە بەردایە، کەمێک میزاجی خۆشە. پیاوە گەنجەکە سەیری دەکات.



**ئافرەتە گەنجەکە:**

(وەکو سەرسام بووبێ)
ئەوە نەنووستویت
من لەو باوەڕەدا بووم
(سەیری عەرەبانەی منداڵەکە دەکات)
ئەوە خەبەری بووەوە

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر

**ئافرەتە گەنجەکە:**

خەبەری نەبووەتەوە

**پیاوە گەنجەکە:**

ئێستا
ماوەیەکە نووستوە
بەڵام زۆرجار خەبەری بووەوە
خەواندنەوەی خەریکبوو مەحاڵ دەبوو
خەوی لێ دەکەوت و
دووبارە خەبەری دەبووەوە
تەواوی کات خەریکی ئەوە بوو

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(بەپرسیارکردنەوە)
لە عەرەبانەکەدا خەوتووە

**پیاوە گەنجەکە:**

(کەمێک تووڕە)

ناوجێگە سوودی نییە
بۆ ئارامبوونەوەی ئەو
هەموو کاتێک خەبەری دەبێتەوە
ئەگەر لەسەر جێگەکە بخەوتایە
دووبارە خەو لێ خستنەوەی مەحاڵ دەبوو
بۆ ئەوەی خەوی لێ بکەوێ
من دەبوو ڕای ژەنم و
عەرەبانەکە بێنم و بەرم

**ئافرەتە گەنجەکە:**

ئەی بەمەمکەمژەکەش
چاری نەبوو

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(دەچێتە لای عەرەبانەی منداڵەکەوە، سەیری ناو عەرەبانەکە دەکات. ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)
بەڵام ئیستا خۆش و ئاسوودە
نووستوە
(بەپرسیارکردنەوە)
دروست کەمێک لەمەوبەر گریا
(پشوویەکی کورت)
جلەکانیت گۆڕی



**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ
دووجار
(پشوو)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

خواردنیشت داوەتێ

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ
(پشوویەکی کورت)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من چاوەڕێی ئەوە نەبووم
تۆ بە خەبەر بیت
هێجگار درەنگە
(کەمێک پێ دەکەنێ)
دانیشتووی چاوەڕێم دەکەیت

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ
نەخێر
ئەو خەبەری بووەوە
منیش دەبوو هەستم
ئەو هەموو کاتێک هەر خەبەری دەبووەوە
منیش هەمان شت هەستام و

چوومە هۆڵەکە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

کەواتە تۆ نووستبوویت

**پیاوە گەنجەکە:**

(بەدرۆوە)

بەڵێ

(پشوو. لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێ)

ئەی خۆش بوو

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ

**پیاوە گەنجەکە:**

خاتوونەکەی

هاوڕێت بینی

ئا مەبەستم

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ

مارتا بەڵێ

**پیاوە گەنجەکە:**

(کەمێک نائومێدانە)

بەڵام تۆ زۆر درەنگ کەوتی

**ئافرەتە گەنجەکە:**

چاوەڕوان بوویت



**پیاوە گەنجەکە:**

(سەر دەلەقێنێ، وشەکە ڕادەکێشیی، کەمێک بەنابەدڵی)

ئـــــــا

(وەک بەسەر هاودژەکەیدا سەرکەوتبێ)

باشە تۆ لە کوێ بوویت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(کەمێک نائومێدانە)

بەڵێ

(کەمێک دێ و دەچێ)

نەخێر

دیسان دەست پێ مەکەوە

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵام ئاخر

خۆ تۆ دەتوانی بڵێیت

لە کوێ بوویت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(لە پڕ کەمێک ماندوو دیارە، قۆڵی چاکەتەکەی هەڵدەداتەوە و
سەیری سەعاتەکەی دەکات).

باشتر نییە ئێمە بچین بخەوین

درەنگە

من حەز دەکەم بخەوم

تازە

بەیانی باسی دەکەم

(پیاوە گەنجەکە وەڵام ناداتەوە. دووبارە لەسەر قەنەفەکە پاڵ دەکەویتەوە. ئافرەتە گەنجەکە دیسان دەچێتەوە لای پەنجەرەکەوە، ڕادەوەستێ و سەیری دەرەوە دەکات. پشوو)

**پیاوە گەنجەکە:**

(بە بەردەم خۆیەوە قسە دەکات)

تۆ

بڕۆ بنوو

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(بەلای پیاوە گەنجەکەدا ئاوڕ دەداتەوە)

بەڵام ئەی تۆ ناچی بنویت

(پشوو)

**پیاوە گەنجەکە:**

لەو باوەڕەدا نیم خەوم لێ بکەوێت

من ماندووم

بەڵام خەوم لێ ناکەوێت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

با ئەگەر هەوڵ بدەیت

خەوت لێ دەکەوێت

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەهەرحاڵ من ماندووم



**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵام من ئەو ئۆتۆمۆبێلەم

بینی

لە پەنجەرەکەدا ڕاوەستابووم و چاوم بۆ تۆ دەگێڕا

مەبەستم ئەوە بوو

بزانم داخوا بەم زووانە نایەیتەوە بۆ ماڵەوە

ئەوە کێ بوو هێنایتییەوە بۆ ماڵەوە

من مەبەستم ئەوە نییە

خراپ تێ نەگەیت

بەڵام

بەڵێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(نائومێدانە)

ئەوەش ئەو شەوە

من کەمێک شەراب دەخۆمەوە

(لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە، دووبارە بەبوتڵێ شەراب بە دەستێکییەوە و، پەرداخێکی نیوە پڕ لە شەرابیش بە دەستەکەی تریەوە دێتەوە ژوورەوە. تەماشای پیاوە گەنجەکە دەکات)

فەرموو

بپرسە

من ئێستا ئامادەم

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر من پرسیار ناکەم

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من هەر کەمێک ماندووم

(شەراب دەخواتەوە)

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

ئەوە بزانە

هیچ شتێکی تایبەت

ڕووی نەداوە

بەڵام ئەوە چییە کە تۆ دەتەوێت

بیزانیت

(کەمێک بەپەنجە ژماردنەوە)

لە کوێ بوویت

لەگەڵ کێدا بوویت و،

هەروەها

**پیاوە گەنجەکە:**

تۆ دەتوانی هەندێ

شتم

بۆ باس بکەیت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(ناچارانە)



ئاوها

(شەراب دەخواتەوە)

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر پێویست ناکات

(پشوویەکی کورت)

من تەنیا کەمێک نائارام دەبم

نازانم

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ

(پشوویەکی کورت. پاشان بەپەنجە ژماردنەوە)

بەڵێ من خاتوونە هاوڕێکەی خۆم

مارتام بینی

بەڵێ

هەروا بێتەوە نانی ئێوارەمان

لە ڕێستورانتێک خوارد

و پاشان ڕۆیشتین

بۆ دیسکۆ

و ئینجا

ئا ئینجا چووین بۆ یانەیەکی شەوانە

(پیاوە گەنجەکە لەباری پاڵکەوتنەوە لەسەر قەنەفەکە دەچێتە باری دانیشتنەوە، بەرەوڕووی ئافرەتە گەنجەکە دەڕوانێ)

هیچ شتێکی زیاتر هەبوو

تۆ پێت خۆش بێ و حەز بکەی بیزانیت
هیچی تر نییە
(پشوویەکی کورت)
ئێستا دەتوانین بچین بنوین
من ماندووم
دەمەوێ بخەوم
(سەیری پەرداخەکە دەکات)
من هەر ئەو پەرداخە دەخۆمەوە
(پشوویەکی کورت)
پاشان دەتوانین بچین بخەوین
بەڕاست
ناتوانین

**پیاوە گەنجەکە:**

(تەماشای دەکات)
ناتوانی تۆزێ
بێیتە ئێرەوە
دانیشی و
کەمێک قسەم لەگەڵ بکەیت
هەست دەکەم
خەوم لێ ناکەوێت
ناتوانین کەمێک پێکەوە قسە بکەین

**ئافرەتە گەنجەکە:**

قسە



ئەوە بەڕاستتە

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ
من بەم شێوەیە چاوەڕوانی تۆ بووم
خۆ تۆ یەکسەر
ناچی بنویت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(هەناسە هەڵدەکێشێ)
بەڵام من زۆر ماندووم
وە
(تەماشای پیاوە گەنجەکە دەکات)
لەوەش دەچێ کەمێک سەرخۆش بم
ئەگەر ئێستا زیاتریش بخۆمەوە
ئەوا بێگومان سەرخۆش دەبم

(کەمێک شەراب دەخواتەوە، دەچێتە لای قەنەفەکەوە، بوتڵەکە و پەرداخی شەرابەکە لەسەر ئەرزەکە دادەنێ، نامەکە هەڵدەگرێ کە لەسەر مێزی هۆڵەکە دانراوە، دادەنیشێ، تەماشای نامەکە دەکات. تەماشای پیاوە گەنجەکە دەکات).

(بەتەنزەوە)
بەحیساب
تۆ بەم زووانە کتێب
بڵاو دەکەیتەوە

دەبێ بەخۆشیی ئەوەوە بنۆشین

(نامەکە دادەنێتەوە، شەرابی زیاتر دەکاتە پەرداخەکەی خۆیەوە، پەرداخەکە بەرەوڕووی ئەو بەرز دەکاتەوە، بەڵام پیاوە گەنجەکە سەر بادەدات)

تۆ هەر ئەوە نییە لێرە دانیشتبی و بنووسیت و بنووسیت

بەدەمییەوە

شتێکیش بڵاو دەکەیتەوە

ها

خراپ نییە

(پیاوە گەنجەکە سەر بادەدات)

**پیاوە گەنجەکە:**

واز بێنە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(پەرداخەکە لەسەر ئەرزەکە دادەنێت، دووبارە نامەکە هەڵدەگرێت، دەیخوێنێتەوە بەبەردەم خۆیەوە پێ دەکەنێ، تەماشای پیاوە گەنجەکە دەکات، بەپرسیارکردنەوە)

نایانەوێت

"لە ئاستی مەرجە سەختەکانی جۆرێتیی بڵاوکردنەوەی دەزگاکەماندا نییە"

**پیاوە گەنجەکە:**

(کەمێک پێ دەکەنێ)

بیدە دەستم



(ئافرەتە گەنجەکە نامەکەی دەداتە دەست، ئەویش نامەکە دەدڕێنێ، پارچە پارچە دەیکاتە وردە کاغەز. ئافرەتە گەنجەکە لەباری دانیشتندا دەمێنێتەوە وا دەردەکەوێت کە دانیشتنەکەی بەلاوە خۆش نییە، ئینجا تەماشای پیاوە گەنجەکە دەکات)

نایانەوێت

نەخێر

ناردنەوەیەکی باش

ئای من نزیکەی ساڵێک

لەگەڵ ئەمەدا

ئیشم کرد و ئیشم کرد

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەدڵنیاییەوە زیاتر

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ

بەهەرحاڵ

من زۆر ئیشم

لەسەر کرد

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵام دیارە کە گەلێ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی تر هەیە

(پەرداخەکە هەڵدەگرێ، کەمێک دەخواتەوە)

نەخێر ئەمە دواییەکەی هەر سەرخۆشبوونە

**پیاوە گەنجەکە:**

(بەپرسیارکردنەوە)

تۆ زۆرت خواردووەتەوە

( ئافرەتە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ)

بەڵام تۆ ئاسایی دیاریت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من هێجگار ئەوەندە

زۆرم نەخواردووەتەوە

بەڵام ئێستا

کەمێک شەراب خۆشە

(کەمێکی تر دەخواتەوە، پشوویەکی کورت)

ئەی تۆ هیچت

کرد

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر

من هەر لێرەدا دانیشتبووم

بەم ناوەدا دەهاتم و دەچووم و

پاڵم بەعەرەبانەکەوە دەنا

(پیاوە گەنجەکە کورتە پێکەنینێک دەیگرێ)

چاوەڕێی تۆم دەکرد

(پیاوە گەنجەکە تەماشای ئافرەتە گەنجەکە دەکات و پێ دەکەنێ)

بەڵام تۆ لە کوێ بوویت

ناتوانی پێم بڵێیت



(بەپرسیارکردنەوە)

لەگەڵ مارتادا بوویت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(سەر دەلەقێنێت، کەمێک بەترسەوە)

بەڵێ

**پیاوە گەنجەکە:**

ئێ چاکە

(پیاوە گەنجەکە کەمێک نائارام دەبێ، تەماشای ئافرەتە گەنجەکە دەکات)

نەخێر ئەوە بێ عەقڵییە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بۆچی

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر من لە توانامدا نییە

ئەوە بێ عەقڵییە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بڵێ بۆ

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر

لە توانامدا نییە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بۆچی نا

**پیاوە گەنجەکە:**

(تەماشای ئافرەتە گەنجەکە دەکات، بەپێداگرتنەوە)

تۆ لەگەڵ مارتادا نەبوویت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(کەمێک شەراب دەخواتەوە)

دە لەگەڵ ئەودا نەبووم

ئیتر

(قسەکەی دەبڕێ)

**پیاوە گەنجەکە:**

وە کەسیش لەو

باوەڕەدا نەبوو تۆ لەگەڵ ئەودا بیت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

نەخێر

کەس لەو باوەڕەدا نەبوو

نەخێر

نەخێر وایە ئیتر

**پیاوە گەنجەکە:**

لەبەرئەوەی مارتا سڵاوی لێ دەکردیت

(نائومێدانە)

درۆ مەکە

بۆچی دەبێ تۆ درۆ بکەیت

(ئافرەتە گەنجەکە سەیری خوارەوە دەکات. پشوو)



لەبەرئەوەی هەر پاش تۆزێک دوای ئەوەی کە تۆ ڕۆیشتیت

مارتا تەلەفۆنی بۆ کردیت

کەوا بوو تۆ لەگەڵ مارتادا نەبوویت

(پشوو)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

نەخێر باشە

ئیتر

من لەگەڵ ئەودا نەبووم

(ئافرەتە گەنجەکە کەمێکی تر شەراب دەخواتەوە)

دەتەوێ بیکەینەوە بە بەزم

چیت دەوێت

لە باتیی ئەوە باشتر نییە

بچین بنوین

بەیانی

قسە دەکەین

(ئافرەتە گەنجەکە دەچێتە لای پیاوە گەنجەکەوە دادەنیشێ، دەست دەکاتە ملی. ماوەیەک ئاوها دادەنیشن، پیاوە گەنجەکە دانیشتووە و ڕێک تەماشای بەردەمی خۆی دەکات، ئافرەتە گەنجەکە وەکو پیاوە گەنجەکە شت بە سەرشانەکانییەوە بێت ئاوا سەرشانی پاک دەکاتەوە)

لە باتیی ئەوە باشتر نییە بچین بنوین

ها

ناتوانین بچین بنوین

من بەیانی پێت دەڵێم

(پیاوە گەنجەکە هەر لە جێگەی خۆی دانیشتووە، سەیری بەردەمی خۆی دەکات، دانیشتووە و یاری بەکوتە کاغەزەکان دەکات)

وەرە

دەچین دەنوین

(ئافرەتە گەنجەکە پیاوە گەنجەکە بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ)

دەی

وەرە

ناتوانین

بەیانی قسە بکەین

بەیانی پێت دەڵێم

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵام بەهەرحاڵ

دەتوانی باسی ئەوە بکەیت تۆ لە کوێ بوویت

بەهەرحاڵ تۆ لەگەڵ مارتادا نەبوویت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(تەماشای پیاوە گەنجەکە دەکات)

با من لەگەڵ مارتادا بووم

تۆ درۆ دەکەیت

ئەو تەلەفۆنی نەکردووە



دروست لەبەرئەوەی ئەو

لەگەڵ مندا بوو

من تۆ دەناسم

خۆت و تاکتیکەکانت

چ تاقەتێکت هەیە

من زۆر باش

تۆ دەناسم

(ئافرەتە گەنجەکە هەناسەیەک هەڵدەکێشێ)

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵام ئەو ئۆتۆمۆبێلە

کێ بوو ئەوەی تۆی هێنایەوە بۆ ماڵەوە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(نائومێدانە)

بەڵێ بەڵێ

(پشوویەکی کورت)

نەخێر چاکە

(پشوویەکی کورت. دەستی لەسەر شان و ملی پیاوە گەنجەکە لادەبات و دەیگێڕێتەوە بۆ لای خۆی)

ئێمە دەتوانین لێرەدا حەپەساو دەم داپچڕاوانە دانیشین

هەروەکو چۆن ئێمە هەموو کات

هەموو ئێوارەیەکی خوایی دادەنیشین

لەوانەیە هەر بەو شێوەیەش

ئەگەرچی نیوەشەویشە
بتوانین دانیشین و تەماشای تەلەڤزیۆن بکەین

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر
تۆ برۆ بنوو
(تەماشای ئافرەتە گەنجەکە دەکات)
بەڕاستمە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(هەڵدەستێتە سەرپێ، کەمێک بەتووڕەییەوە)
تۆ هەرگیز ناچیتە دەرەوە
هیچ شتێکت ناوێت
هەر لێرە دانیشە
وەکو ئەوەی خەریکی نووسین بیت
(نائومێدانە)
بەڵێ
(پشوویەکی کورت)
کەس نایەت بۆ ئێرە
کەس تاقەتی نییە بێ بۆ ئێرە
بە میوانی
ئینجا ئەو دایک و باوکەی تۆ
ها
ئەمڕۆ هاتن بۆ ئێرە



هەر ئەوەندەی تۆزێک و ڕۆیشتن
(هەناسەیەک هەڵدەکێشێ)

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ دەزانم
من هەمووی دەزانم
(پشوو. تەماشای ئافرەتە گەنجەکە دەکات)
بەڵام
بەڵام ئێمە گوزەرانمان باشە
پێکەوە
ها
وانییە
گوزەرانمان باش نییە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

با با
ئەوە نییە

**پیاوە گەنجەکە:**

تۆ بوویت
کە زۆر بەخۆشحاڵییەوە
حەزت دەکرد منداڵمان ببێت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ ئەوەش بێنەوە پێشێ
ئەوە تۆ

تاقەتت لە خۆت نەچوو
ئەوە تۆ
لە خۆت بێزار نەبوویت
بەڵێ تۆ گەلێک جاری تریش
ئەمەت وتووە
تۆ دەبێ هەردەم ئەوە بڵێیتەوە
لە بری ئەوە
ناتوانیت شتێکی تازەتر بڵێیت
(ئافرەتە گەنجەکە بەرەو دەرگەکەی لای چەپ دەڕوات،
ڕادەوەستێ، سەیری پیاوە گەنجەکە دەکات)
نەخێر من دەمەوێت بچم بنووم
(پشوویەکی کورت)
تۆ هیچ شتێکت ناوێت
تۆ
تۆ تەنانەت ناتەوێت
بڕۆیتە ئەودیو دەرگەکەوە
هەتا بۆ شت کڕین بۆ دوکانەکەش
ناتەوێت بچی
تۆ هەر لە ژوورەوە دانیشتوویت
گوایە دەنووسیت
من ناتوانم هەر لە ژوورەوە دانیشم
من توانای ئەوەم نییە
من بەوە شێت دەبم



**پیاوە گەنجەکە:**
ناتوانی باسی ئەوە بکەیت
(کاغەزە لوولکراوەکە فڕێ دەداتە سەر ئەرزەکە)
کێ تۆی هێنایەوە بۆ ماڵەوە
**ئافرەتە گەنجەکە:**
نەخێر واز بێنە
دەست پێ مەکەوە
من ماندووم
ناتوانین بچین بنوین
درەنگە
(تەماشای کاتژمێری دیوارەکە دەکات)
ئەوەندە درەنگە
(پێکەنینێکی کورت)
من نەمدەزانی کاتژمێر ئەوەندە درەنگە
(تەماشای پیاوە گەنجەکە دەکات، تەماشایەکی هاوڕێیانە)
وەرە
دەچین دەنوین
ناتوانین
ئەو بەم زووانە خەبەری دەبێتەوە
(تەماشای عەرەبانەی منداڵەکە دەکات)
ئەو
تەنیا دوو سەعاتی ماوە
(کەمێک پێ دەکەنێ)

دوای ئەوە تەواو چوست و چالاکە

(ئافرەتە گەنجەکە دەچێتە لای قەنەفەکەوە، دەستی دەستگرتن بۆ پیاوە گەنجەکە ڕادەکێشێ)

وەرە

ئێمە دەچین دەنوین

تۆ دەتوانی وەرە

ئێمە دەچین دەنوین

تۆ دەتوانی بێیتە پاڵمەوە

وەرە دەی

ناتوانین

ئێمە دەتوانین لە پاڵ یەکتریدا ڕاکشێین و بنوین

وەرە دەی

(پیاوە گەنجەکە هەر لەباری دانیشتندا دەمێنێتەوە. ئافرەتە گەنجەکە دەست دەکێشێتەوە. پشوو. ئافرەتە گەنجەکە ئاهێکی قووڵ هەڵدەکێشێت)

ئەوەش ئەم شەوە

(ئافرەتە گەنجەکە دووبارە لە تەنیشت پیاوە گەنجەکەوە دادەنیشێت، پەرداخەکەی هەڵدەگرێ، کەمێک شەراب دەخواتەوە. پشوو. تەماشای پیاوە گەنجەکە دەکات)

تۆ

ناتوانین بچین پاڵ کەوین

دەتوانین لە پاڵ یەکتریدا پاڵ کەوین

دڵنەواییی یەکتری بکەین





**پیاوە گەنجەکە:**

(هەڵدەستێتە سەرپێ)

من ئاوها چاوەڕوان بووم

تۆ دەتوانی کەمێک زووتر بێیتەوە بۆ ماڵەوە

من لێرە دانیشتم هەر چاوەڕێم کرد هەر چاوەڕێم کرد

چوومە لای پەنجەرەکەوە

گەڕامەوە سەر قەنەفەکە

پاڵ کەوتم

دووبارە هەستام

هەر چاوەڕوان بووم هەر چاوەڕێم کرد

**ئافرەتە گەنجەکە:**

تۆ نابێ بەو جۆرە چاوەڕوان بیت

(پشوویەکی کورت)

مانای نییە

تۆش

لە هەموو حاڵەتێکدا

جار بەجارێک

دەتوانیت بچیتە دەرەوە

نابێ هەر لە ژوورەوە دانیشیت

من لە هەموو حاڵەتێکدا تاقەتم نییە

هەموو کاتێک لە ژوورەوە دانیشم

تۆ هەرگیز ناچیتە دەرەوە

نه به ڕۆژ و
نه به شەو
تەنانەت هەتا ناتەوێت لەگەڵ من و منداڵەکەدا
بچیت بۆ پیاسەکردنیش
هەموو کات لە ژوورەوەیت

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ بەڵێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من ناتوانم هەموو کاتێک هەر لە ژوورەوە دانیشم
لەبەرئەوەی تۆ هەموو کات لە ژوورەوەیت
(پشوو)
من ئاوها نیم
پێویستە شت ڕوو بدات
من دەبێ خەڵک ببینم

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

هەر ئەوەندە ڕووی بدایە
خەڵکێک بهاتنایەتە ماڵەوە بۆ لامان
بەڵام ئەوەش
ڕوو نادات
چونکە تۆ دەمودەست دەچی خۆت دەشاریتەوە



هەر ئەوەندەی یەکێک هاتە ناو دەرگەکەوە
تۆ دیار نامێنیت
خۆت دەخزێنیتە ژووری نووستنەکەوە
ئەوە نابێت
من ناتوانم بچمە دەرەوە
و خەڵک ببینم
ئەوان ناتوانن
بێن بۆ ئێرە
ئەگەر کەسێک هات
و تۆ خۆت
نەخزانە ژووری نووستنەکەوە
ئەوا تۆ هێندە وشک
و هێندە سەیر ڕەفتار دەکەیت
کە دانیشتنەکە
ئەوەندە وشک و ناخۆش دەبێت
کە ئیتر لە تاقەت و تەحەمول دەچێتە دەرەوە
(تا ڕادەیەک بەتووڕەیییەوە)
تا خودی دایک و باوکت
هێشتا نەهاتبوون
ڕۆیشتن
(پشوویەکی کورت)
هەموو شتەکان وشک و قێزەون دەبن
نابێت

من تاقەتی ئەوەم نییە خەڵک بێن بۆ ئێرە

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر

**ئافرەتە گەنجەکە:**

تۆ لە خەڵک دەترسیت

بەو شێوەیە ژیان ناکرێ

**پیاوە گەنجەکە:**

(لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە دادەنیشێ)

بەڵام تۆ زۆر درەنگت پێ چوو

تۆ وتت تۆ زوو دێیتەوە بۆ ماڵەوە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(بەتووڕەیییەوە)

بەڵێ بەڵێ

**پیاوە گەنجەکە:**

(وەک ئەوەی هەوڵی ڕێکەوتنەوە بدات)

بەڵام ئێوە خۆشتان

گوزەران

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(بەکورتی)

بەڵێ ئێمە خۆشمان

گوزەران

بەڵێ



**پیاوە گەنجەکە:**

وە کات تێ پەڕی

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ

ئەوا

ئێستا باقیی شەویش

تێ دەپەڕێت

**پیاوە گەنجەکە:**

تۆ ناتەوێت هیچ شتێک بڵێیت

هیچ شتێک بگێڕیتەوە

تەنانەت بشڵێیت

تۆ لە کوێ بوویت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

با

بەڵام من ماندووم

**پیاوە گەنجەکە:**

(بەپاڵەپەستۆ دەربڕینەوە)

ئاخۆ تۆ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(قسەکەی پێ دەبڕێ)

بەڵێ من سەمام لەگەڵ گەلێک پیاوان کرد

ئەگەر ئەوە ئەوە بێت کە

تۆ دەتەوێ بیڵێیت
قسەم کرد
خۆشم لێ گوزەرا
خۆش بوو
من چەند کەسێکم لەوانە بینی
کە کاریان لەگەڵ دەکەم
ئێستا من مۆڵەتم
دەبێ جاروبار ئەوان ببینم
" یان" و چەند کەسێکی ترم بینی
من ناتوانم هەر لە ژوورەوە دانیشم
ئەگەرچی تۆ هەر لە ژوورەوە دادەنیشیت
تۆ
بەڵێ
تۆ هەر لەوێدا دانیشتوویت

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵام ئێمە پێکەوە گوزەرانمان
باشە
باش نییە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(نائومێدانە)
بەڵێ بەڵێ
(پشوویەکی کورت)



بەڵێ ئێمە گوزەرانمان باشە
وا نییە
من دەزانم
ئێمە گوزەرانمان خۆشە

**پیاوە گەنجەکە:**

ماوەیەکی هێجگار زۆریشە
پێکەوەین
گوزەرانمان
زۆر ناخۆش نییە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

نەخێر
(پشوویەکی کورت)
بەڵام ئێمە زۆر گەنج بووین
لە ئامادەییی بەیەکتری گەیشتین
و لەو کاتەوە
بەڵێ
من دەبێ بێجگە لە تۆ خەڵکی تریش ببینم
تۆ جاران ئاوها نەبوویت
تۆ هەتا دێ خراپتر و خراپتر دەبیت
من ناتوانم لە ژوورەوە دانیشم
هەموو کاتێک
لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆ دەتەوێ لە ژوورەوە دانیشی

بەڵێ
(پشوویەکی کورت)
ناتوانی
**پیاوە گەنجەکە:**
(هاتووەتە پێشەوە)
دەست بکەم بەخوێندن یان بە شتێک
(بەپرسیارەوە)
تۆ دەتەوێت ئەوە بڵێیت
**ئافرەتە گەنجەکە:**
بەڵێ
تۆ دەبێ
شتێک بدۆزیتەوە
کارێک، شتێک
پەیدا بکەیت
**پیاوە گەنجەکە:**
قژت بتاشە و برۆ بۆ کار
تۆ دەتویست ئەوە بڵێیت
(پێکەنینێکی کورت)
**ئافرەتە گەنجەکە:**
ئۆهـ زۆر هەزەلییە
(پشوویەکی کورت)
بەڵام خۆ تۆش دەبێ



کەمێک پارە پەیدا بکەیت
تۆش
بەڵێ بەڕاستمە
ئەوە ئەو دەزگای چاپەمەنییە نووسیینەکەی تۆی
ناوێت
تۆ ناتوانی هەر لە ژوورەوە دانیشیت
و بنووسیت
ئیتر
ساڵانی ساڵ
تۆ یا دەبێ شتێک بڵاو بکەیتەوە
یاخۆ دەبێ
شتێکی تر بدۆزیتەوە
خەریکی بیت
(پیاوە گەنجەکە سەیری خوارەوە دەکات)
(کەمێک بەدڵدانەوەوە)
بەڵام ئەوە ئاسایییە
کە کەسێک نووسینی بۆ بڵاو نەکرێتەوە
ئەوە کەلعادە ئاواهییە
وانییە
هەموو کەسێک ڕەت دەکرێتەوە
ڕەت ناکرێتەوە
(پیاوە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ)

بێگومان ئەوەش

ئەوەندە ئاسان نییە

شتێک بڵاو بکەیتەوە

(پیاوە گەنجەکە شان هەڵدەتەکێنێ. ئافرەتە گەنجەکە بەچاوی دڵدانەوەوە تەماشای دەکات)

ئەوەندە سەخت وەری مەگرە

گوێی مەدەرێ

هەر لەبەر خاتری ئەوەی

لەوانەیە

ئەو شتەی کە تۆ دەتەوێت نووسین نەبێت

**پیاوە گەنجەکە**

نەخێر

**ئافرەتە گەنجەکە:**

لەوانەیە زۆر باش ڕوو بدات

کە تۆ بەتەواوی خەریکی شتێکی تر بیت

**پیاوە گەنجەکە:**

لەوانەیە

(پشوویەکی کورت)

بەڵام من خۆمم بۆ کۆ نابێتەوە

لەبەر ئەوە

(پەنجە بەرەو عەرەبانەی منداڵەکە ڕادەکێشێ)

تەواوی ڕۆژ دەگری



**ئافرەتە گەنجەکە:**

تۆ مەبەستت ئەوەیە

جاران باشتر بوو

پێش ئەوەی ئەو لەدایک ببێ

**پیاوە گەنجەکە:**

نا

**ئافرەتە گەنجەکە:**

تاکە ڕەتکردنەوەیەک زۆر نییە

هێندەش

گرینگ نییە

**پیاوە گەنجەکە:**

من بەزامنی دە – دانە ڕەتکردنەوەم بۆ هاتووەتەوە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(بەسەرسامییەوە تەماشای پیاوە گەنجەکە دەکات)

نەخێر

ئەوەندە زۆر

نا

**پیاوە گەنجەکە:**

با

(دەست دەکات بەپێکەنین. ئافرەتە گەنجەکە شەراب دەکاتە پەرداخەکەی خۆیەوە و هەڵدەستێتە سەرپێ، دەچێتە لای پەنجەرەکەوە، وەکو لە خەیاڵی خۆیدا بێ ڕادەوەستێ، چاکەتی چوونە دەرەوەکەی لەبەری خۆی دادەکەنێ، بەڕاوەستاوی

دەمێنێتەوە و چاکەتەکەش لەژێر بن باڵیدایە)
بەڵێ
بەلای کەمەوە
من دە دانەم بۆ هاتووەتەوە
بەس من ئەوەم
بە تۆ نەوتووە
نامەم بۆ هاتووە
و فڕێم داوە
**ئافرەتە گەنجەکە:**
(تەواو خەیاڵی لەلای نییە)
بەڵێ
**پیاوە گەنجەکە:**
(هەڵدەستێتە سەرپێ، کەمێک دێ و دەچێ)
من بە تۆم نەوتووە
هەموو جارێ
پۆستەکەم هێناوە و
ئا فڕێم داوە
(لە پڕ بێدەنگ دەبێت)
**ئافرەتە گەنجەکە:**
(ڕێک بە بەردەم خۆیەوە)
نەچین بنوین
**پیاوە گەنجەکە:**
من لەم دەزگای بڵاوکردنەوەیەوە بۆ



ئەو دەزگای بڵاوکردنەوە ڕەت کراومەتەوە
(تەماشای ئافرەتە گەنجەکە دەکات)
دەتوانی گوێ بگریت
**ئافرەتە گەنجەکە:**
من گوێم لێیە
من ماندووم
**پیاوە گەنجەکە:**
تۆ گوێ ناگریت
هەر لەوێدا ڕاوەستاویت
و سەیری دەرەوە دەکەیت
بەدوای چیدا دەگەڕێیت
ئەو پیاوەی تۆی هێنایەوە بۆماڵەوە
لەوانەیە
ناتوانی پێم بڵێیت ئەوە کێ بوو
ئەو کەسەی کە تۆی بە ئۆتۆمۆبێل هێنایەوە
کێ بوو
**ئافرەتە گەنجەکە:**
(بە هاتنەوە سەرخۆوە)
بە ئۆتۆمۆبێل منی هێنایەوە
**پیاوە گەنجەکە:**
بەڵێ
**ئافرەتە گەنجەکە:**
من تەکسیم گرت

(پیاوە گەنجەکە وەستاوە و ڕێک سەیری بەرپێی خۆی دەکات،
ئافرەتە گەنجەکە لادەکاتەوە و تەماشای دەکات)

بەڵێ

من تەکسیم گرت

**پیاوە گەنجەکە:**

درۆ مەکە

من بینیم

(شڵەژاوانە. تەماشای ئافرەتە گەنجەکە دەکات)

ئەوە تەکسی نەبوو

من تۆم بینی کە هاتیتەوە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(کەمێک هاتوچۆ دەکات)

بەڵێ

بە ئۆتۆمۆبێل هێنایانمەوە

بەڵام من ناتوانم بە تۆ بڵێم

کە " بەستا" منی هێنایەوە بۆ ماڵەوە

چونکە ئەگەر من ئەوەم بە تۆ وتبایە

تۆ دەستت پێ دەکردەوە

ماڵەکەت دەکرد بە جەهەنەم

و ئەوەش

ئەو شەوە بوو

بەڵێ "بەستا" منی هێنایەوە بۆ ماڵەوە

ئەوا ئەوەت زانی



**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵام ئەی تۆ ئەوت لە دەرەوە

نەبینی

کەواتە

ئەو زەلامە "بەستا "

نەیخواردەوە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

نەخێر ئەو نەیخواردەوە

**پیاوە گەنجەکە:**

بۆچی تۆ ئەوەندە دانیشتی

لە ئۆتۆمۆبێلەکەیدا

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من زۆر لە ئۆتۆمۆبێلەکەیدا

دانەنیشتم

ئێستا ئیتر دەبێ واز بهێنیت

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر باشە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

ئێمە هەر تۆزێک قسەمان کرد

(منداڵەکە دەنووزێنێ، ئافرەتە گەنجەکە دەچێتە لایەوە و دەست دەکات بە هێنان و بردنی عەرەبانەکە، پاشان ئارام ڕادەوەستێ، عەرەبانەکە بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە ڕادەژەنێ. منداڵەکە ئارام دەبێتەوە، ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە).

من دەمەوێت بچم بنووم
من ماندووم
(دووبارە دەچێتەوە لای پەنجەرەکە، ڕادەوەستێ و سەیری دەرەوە دەکات)

**پیاوە گەنجەکە:**

بۆچی تۆ لەوێدا ڕاوەستاوی و خەو دەبینیت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

خەو نابینم

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر باشە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)
من دەبێ جگە لە تۆ
خەڵکی تریش ببینم

**پیاوە گەنجەکە:**

وە دەبێ
بە ئێواران
بە شەوان
لەگەڵ پیاوە هاوکارەکەشتدا
بچیتەوە بۆ ماڵەوە
(بە تەنزەوە)
کاتێک کە تۆ مۆڵەتی لەسەر کارەکەت





**ئافرەتە گەنجەکە:**

نەخێر

**پیاوە گەنجەکە:**

من ئەوە دەزانم
دەزانم کە تۆ هەر لەگەڵ
ئەودا بوویت
وە لەگەڵ خاتوونەکەی هاوڕێتدا
نەبوویت
ئەوە
شتێکە تۆ هەروا دەیڵێیت
من ئەوەندە تێ دەگەم

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ
(زەق تەماشای دەکات)
بەڵێ باشە من وام
ئیتر
من وام کرد
من لەگەڵ "بەستا"دا
بووم
هەموو ئێوارەکە
لە ماڵی ئەو بووم
هیچی زیاتر هەبوو

تۆ حەز بکەیت بیزانیت

بەڵێ

(پیاوەگەنجەکە دادەڕمێ)

ئێمە بە ئۆتۆمۆبێلەکەی ئەو دەگەڕاین

گوێمان لە مۆسیقا دەگرت

قسەمان دەکرد

ئێمە قسەشمان دەکرد

و چووینە ماڵەوە بۆ لای ئەو

ئەو و من

هەر هەردووکمان

ئێستا

دڵت خۆش بوو

**پیاوە گەنجەکە:**

(کەمێک بەسەرسوڕمانەوە)

لەوێ بوویت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(کەمێک بەپێکەنینەوە)

نەخێر

گاڵتە دەکەم

**پیاوە گەنجەکە:**

(نیگەرانیی نامێنێ)

ڕاست نییە



**ئافرەتە گەنجەکە:**

(سەر بادەدات)

من هەر لەگەڵ

مارتادا بووم

ئەوە ڕاستە

وە تۆ ناتوانی باوەڕم پێ بهێنی

بەوەی کە مارتا تەلەفۆنی بۆ کردوویت

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵام

من خۆم

(پشوویەکی کورت)

بەڵێ ئەو ئۆتۆمۆبێلەم بینی

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ

بەڵێ من باسم کرد ئەوە چی بوو

**پیاوە گەنجەکە:**

بۆ تۆ بەگاڵتەت نەبوو

**ئافرەتە گەنجەکە:**

ئەوە هەر هاوڕێکەی مارتا بوو

هات بەدوای ئەودا

و منیشی هێنایەوە بۆ ماڵەوە

باشە

ئیتر
ئێستا دەتوانین ئێمە بچین بنوین
**پیاوە گەنجەکە:**
من تاقەتم نییە
(قسەکەی دەبڕێ)
**ئافرەتە گەنجەکە:**
تۆ تاقەتی چیت نییە
**پیاوە گەنجەکە:**
(ڕێک تەماشای ئافرەتە گەنجەکە دەکات)
تۆ درۆ دەکەیت
**ئافرەتە گەنجەکە:**
من درۆ ناکەم
**پیاوە گەنجەکە:**
با من هەست بەدرۆکانت دەکەم
پێتەوە دیارە
**ئافرەتە گەنجەکە:**
ئێ دەباشە
من ماندووم
دەمەوێ بنووم
(شەراب دەخواتەوە)
**پیاوە گەنجەکە:**
لە هەموو شتێ زیاتر تۆ حەز دەکەیت دووبارە بچیتە دەرەوە



بڕۆ دەرەوە و
بەئۆتۆمۆبێل بگەڕێ
گوێ لە مۆسیقا بگرە
خۆشحاڵ بە
وەکو خۆت دەڵێیت
یان بڕۆ بۆ ماڵەوە بۆ لای ئەو زەلامە "بەستا"
بەهەرحاڵ ئیتر ڕزگارت دەبێ لەوەی لە ژوورەوە لەگەڵ مندا دابنیشیت
من کە هەرگیز ناچمە دەرەوە
(تەواو دەچێتە نزیکی ئافرەتە گەنجەکەوە)
بڕۆ بڕۆ
بڕۆ دەرەوە
بڕۆ بۆ ماڵەوە بۆ لای " بەستا"کەی خۆت
بەئارەزووی خۆت چیت دەوێت بیکە
تۆ پێویست ناکات لێرە بیت
باشترە
تۆ بچیتە دەرەوە
بچی بۆ لای ئەو "بەستا"کەی خۆت
یا ناوی چییە
**ئافرەتە گەنجەکە:**
(بەئارامییەکی درۆزنانەوە)
من دەتوانم بچمە دەرەوە

باشە

(ئافرەتە گەنجەکە دەست دەکات بەهاتوچۆ. منداڵەکە دەست دەکات بەگریان، پیاوە گەنجەکە بەناو ژوورەکەدا دەست دەکات بەلێخوڕینی عەرەبانەکە، دەوەستێت، بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە عەرەبانەکە ڕادەژەنێت. ئافرەتە گەنجەکە بەرەو دەرگەکەی لای ڕاست دەڕوات)

**پیاوە گەنجەکە:**

(بەدوایدا، تووشی سەرسوڕمان بووە، شڵەژاوە)

دەڕۆیت

نا مەڕۆ

من مەبەستم ئەوە نەبوو

بەم نیوەشەوە

مەڕۆ

ئیتر

(ئافرەتە گەنجەکە لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دەڕواتە دەرەوە و پیاوە گەنجەکە دەست دەکات بە خولانەوە بەناو ژوورەکەدا، بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە عەرەبانەکە ڕادەژەنێت. ڕووناکی دەکوژێنرێتەوە، تاریکی)



## IV

تاریکی، ڕووناکی هەڵدەکرێ. دەرەوەی پەنجەرەکە کەمێک ڕووناکترە. کاتژمێری دیوارەکە دەوروبەری سەعات چوار پیشان دەدات. مێزی هۆڵەکە کەمێک دوور خراوەتەوە، عەرەبانەی منداڵەکە ئێستا لەو جێگەیە ڕاگیراوە کە لێی ڕاگیرابوو، لە قەراغ قەنەفەکە. پیاوە گەنجەکە لەسەر قەنەفەکە ڕاکشاوە، سەیری پێشەوەی خۆی دەکات، بەدەستێکی عەرەبانەکە بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە ڕادەژەنێت. دەرگەکەی لای ڕاست دەکرێتەوە، ئافرەتە گەنجەکە بەبێدەنگی دێتە ژوورەوە، چاکەتی چوونە دەرەوەکەی لە بەردایە، سەیری پیاوە گەنجەکە دەکا کە لەوێدا بە چاونووقانەوە پاڵ کەوتووە، پاشان لە دەرگەکەی لای چەپەوە دەڕواتە دەرەوە، دووبارە بەجانتایەکەوە دێتەوە ژوورەوە، ئافرەتە گەنجەکە چاوێکی بۆفییەکە ڕادەکێشێ و پیاوە گەنجەکە چاوەکانی دەکاتەوە و تەماشای ئافرەتە گەنجەکە دەکات)

**پیاوە گەنجەکە:**

(نائومێدانە)

چیت دەوێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

کەوابێ بەخەبەری

**پیاوە گەنجەکە:**

(لەسەر قەنەفەکە لەباری پاڵکەوتنەوە خۆی دەخاتە باری

دانیشتن، ئافرەتە گەنجەکە هەندێ جلوبەرگ فڕێ دەداتە ناو جانتاکەوە)

چیت دەوێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(تەماشای دەکات)

نابینی

(پیاوە گەنجەکە هەڵدەستێتە سەرپێ)

**پیاوە گەنجەکە:**

نا مەکە

تۆ نابێ ئەوە بکەیت

(ئافرەتە گەنجەکە چاوی چەکمەجەیەکی تری بۆفییەکە ڕادەکێشێ، هەندێ جلی منداڵان دەردەهێنێ، فڕێیان دەداتە ناو جانتاکەوە)

ناتوانی قسە بکەیت

ئەوە چییە

شتێک بڵێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من دەگوێزمەوە

خۆ دەبینی

(پیاوە گەنجەکە دەچێ دووبارە لەسەر قەنەفەکە پاڵ دەکەوێت، ئافرەتە گەنجەکە جانتاکە لەگەڵ خۆیدا دەبات، لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە، جانتاکە لە دەرەوە دادەنێ و



دووبارە لەگەڵ بەستادا دێتەوە ژوورەوە، بەستا ـ چەند ساڵێک لە پیاوە گەنجەکە بەتەمەنترە)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)

ئەوە بەستایە

بەڵێ من تەلەفۆنم بۆ ـبەستاـ کرد

(پێکەنینێکی کورت)

بەم نیوەشەوە و سەرەڕای هەموو شتێ

تەلەفۆنم بۆ کرد

کەچی ئەو هات

بەڕاستی بەستا

تۆ هاتی

**بەستا:**

(لە حاڵەتێکی ناخۆشدا)

بەڵێ

**پیاوە گەنجەکە:**

(دەچێتەوە باری دانیشتن، بەشڵەژاوییەوە ڕوو دەکاتە ئافرەتە گەنجەکە)

نا گاڵتە مەکە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(دەست دەکات بەپێکەنین)

گاڵتە ناکەم

من تەلەفۆنم بۆ ـبەستاـ کرد

لەمە زیاتر تاقەتی ئەمەم نەماوە

**پیاوە گەنجەکە:**

(کەمێک پێ دەکەنێت)

تۆ ناتوانی واز لەو قسانە بهێنی

**ئافرەتە گەنجەکە:**

نەخێر باشە

من تەلەفۆنم کرد

و ـبەستاـ وتی کە دێت

بەدوامدا

(سەیری پیاوە گەنجەکە دەکات)

تێ دەگەیت من چیت پێ دەڵێم

**پیاوە گەنجەکە:**

(بێ ئەوەی باوەڕ بکات)

نەخێر

تێ ناگەم

خۆ تۆ هیچت نەوتووە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)

من لەمە زیاتر لە توانامدا نەماوە

تۆ تێ دەگەی من چی دەڵێم

من دەڕۆم



دەگوێزمەوە

تێ دەگەیت

تێ دەگەیت من چی دەڵێم

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر

**ئافرەتە گەنجەکە:**

تێ دەگەیت من چیت پێ دەڵێم

من دەگوێزمەوە

من ئیتر لە توانامدا نەماوە

**پیاوە گەنجەکە:**

نەخێر

ئەوە مەڵێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(ڕوو دەکاتە بەستا)

تۆ کەمێک لە ڕاڕەوەکەدا

چاوەڕوان بە

(بەستا لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە)

**پیاوە گەنجەکە:**

(تەماشای ئافرەتە گەنجەکە دەکات)

بەڵام خۆ ئێمە دوو هاوڕێی زۆر دڵسۆزی یەکین

وانییە

تۆ نابێت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

ئەوە ئەوە بوو

(بە سەر ئاماژە بۆ ڕاڕەوەکە دەکات)

کە ئەم ئێوارەیە

گەیاندمیەوە

بەڵێ ـبەستاـ بەڵێ

خۆ ئەوەندە تێ دەگەیت

(پێ دەکەنێ)

ئەم ئێوارەیە بەڵێ

خۆ تۆ ئەوە دەزانی

تۆ ئەوە دەزانی کە ئەوەی منی گەیاندەوە، ئەو بوو

ئەوە نازانیت

من ئەوەم پێ وتیت

بەڵام تۆ باوەڕ بەوە ناکەیت

من هەر چییەکت پێ بڵێم بەلاتەوە وەک یەکە

تۆ باوەڕ بە من ناکەیت

(پشوویەکی کورت)

تۆ ئەوەندە تێ دەگەیت

کە ئەوە ئەو بوو من لەگەڵیدا بووم

مارتا نەبوو

هیچ تێ ناگەیت

من پێت دەڵێم



کە ـبەستاـ و من

بەڵێ یەکتریمان خۆش دەوێت

من دەبێ بتوانم ئەوەت پێ بڵێم

هەرچەندە ئەوە بەلای تووە بێ مێشکییە

بەڵێ ـبەستاـ و من

یەکتریمان خۆش دەوێت

دەمێکە

ئێمە یەکتریمان خۆش دەوێت

با بزانیت

(پێ دەکەنێ)

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵام

**ئافرەتە گەنجەکە:**

ئەوە ڕاستە

باوەڕم پێ ناکەیت

کەیفی خۆتە

(پشوویەکی کورت)

وە ئەگەر تۆ بیر لەوەش دەکەیتەوە

(پشوویەکی کورت)

بەڵێ بەدڵنیاییەوە ئێمە چەند جارێکیش

پێکەوە خەوتووین

ئەم ئێوارەیە لەناو ئۆتۆمۆبێلەکەی ئەودا پێکەوە خەوتین

(پیاوە گەنجەکە سەر دادەنەوێنێ و سەیری بەردەمی خۆی دەکات)

تۆ گوێت لێیە من چیت پێ دەڵێم

یان تۆ تەواو هێڕ بوویت

تێ دەگەیت

یان تۆ باوەڕ بە من ناکەیت

هیچ حاڵی نابیت

(پیاوە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ. ئافرەتە گەنجەکە دەچێ لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێ و پیاوە گەنجەکە هەڵدەستێتە سەرپێ و دەست دەکات بەلێخوڕینی عەرەبانەکە بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە بەناو هۆڵەکەدا. ئافرەتە گەنجەکە ئاوڕی لێ دەداتەوە)

من لەمە زیاتر تاقەتم نەماوە

تێ ناگەیت

تاقەتم نەماوە

(پیاوە گەنجەکە ڕادەوەستێ و بەڕاوەستانەوە عەرەبانەکە بۆ سەرەوە و خوارەوە ڕادەژەنێ)

من لە توانامدا نەماوە لەمە زیاتر

سەفەر دەکەم

سەفەر دەکەم

دەڕۆم

ئیتر تۆ بەئاسوودەیی دەتوانی

بچی پاڵ کەویت



(ئافرەتە گەنجەکە هەڵدەستێتە سەرپێ، بەرەو دەرگەکەی لای ڕاست دەڕوا، بەدەنگی بەرز بانگ دەکات)

وەرە ژوورەوە

پێویست ناکات لە ڕاڕەوەکەدا ڕاوەستی و چاوەڕوان بیت

وەرە

(ئافرەتە گەنجەکە ئاوڕ لە پیاوە گەنجەکە دەداتەوە)

تۆ باوەڕم پێ ناکەیت

کەواتە خۆت وەرە و بیبینە

ئەوسا تۆ خۆت ـبەستاـ دەبینیت

لەوێدا

ئەو لە ڕاڕەوەکەدا ڕاوەستاوە

خۆ لە ژووریشەوە بوو

نەتبینی

لێرە بوو

وەرە و سەیرکە

تۆ بەس وەرە

دە وەرە

خۆت بیبینە

(پیاوە گەنجەکە لەباری ڕاوەستاندا دەمێنێتەوە)

ناتەوێ بێیت

وەرە

ئەو لەوێدا ڕاوەستاوە

(لە دەرگەکەوە بانگ دەکات)

دەوەرە ژوورەوە ئیتر هەر لەوێدا لە ڕاڕەوەکەدا مەوەستە

(ـ بەستا ـ دێ و لەناو دەرگەکەدا ڕادەوەستێ، تەماشای پیاوە گەنجەکە دەکات، پاشان بەستا ڕوو وەردەگێڕێ، دووبارە لە دەرگەکەوە دەچێتە دەرەوە. ئافرەتە گەنجەکە بەرەو لای پیاوە گەنجەکە دەڕوانێ).

خۆ تۆ ئەوت بینی

نەتبینی

تۆ ئێستا دووجار ئەوت بینی

ئەوە ئەوەیە کە من لەگەڵیدام

وەکو تۆ دەڵێیت

ئێمە بەئۆتۆمۆبێلەکەی ئەو گەڕاین

تێ دەگەیت

(پیاوە گەنجەکە هەر ڕاوەستاوە و عەرەبانەی منداڵەکە بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە ڕادەژەنێت، ئافرەتە گەنجەکە تەماشای دەکات)

من سەفەر دەکەم

تاقەتم نەماوە لەوە زیاتر

دۆشداماوانە لەوێدا ڕامەوەستە

شتێک بڵێ





تاقەتم نەماوە لەوە زیاتر

وا من دەڕۆم

ئیتر بەسە

تاقەتم نەماوە لەوە زیاتر

دەگوێزمەوە

(ئافرەتە گەنجەکە لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دەڕواتە دەرەوە و پیاوە گەنجەکە دەچێت لەسەر قەنەفەکە پاڵ دەکەوێ، منداڵەکە دەست دەکات بە قاووقیژ، بەڵام پیاوە گەنجەکە هەر لەسەر باری پاڵکەوتن دەمێنێتەوە. ئافرەتە گەنجەکە و ـبەستاـ دێنە ژوورەوە)

(ڕوو دەکاتە –بەستا–)

دەتوانی کەمێک منداڵەکە ڕاژەنی

کەمێک عەرەبانەکە لێ خوڕە

(بەستاـ دەچێتە لای عەرەبانەی منداڵەکەوە، دەست دەکات بەڕاژەنینی عەرەبانەکە بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە و پاش کەمێک منداڵەکە ژیر دەبێتەوە. ئافرەتە گەنجەکە لە دەرگەکەی لای چەپەوە دەڕواتە دەرەوە. پیاوە گەنجەکە لەسەر قەنەفەکە باری خۆی لە پاڵکەوتنەوە دەگۆڕێ بۆ دانیشتن، تەماشای ـبەستاـ دەکات کە ڕاوەستاوە و عەرەبانەی منداڵەکە ڕادەژەنێ بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە، پاشان ـبەستاـ دەبینێ کە پیاوە گەنجەکە سەیری دەکات ئەویش سەیری پیاوە گەنجەکە دەکاتەوە، هەردووکیان پێکەوە سەر دادەنەوێنن و

سەیری خوارەوە دەکەن. ئافرەتە گەنجەکە دێتەوە ژوورەوە، جانتایەکی تریشی بەدەستەوەیە. ئافرەتە گەنجەکە ڕوو دەکاتە ـ بەستاـ)

دەبێ کەمێک جلی منداڵ لەگەڵ خۆم بهێنم

(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)

من ئێستا ئەوەندە زۆر لەگەڵ خۆم نابەم

بەڵام دێمەوە

سبەینێ

و باقیی شتەکان دەبەم

(ئافرەتە گەنجەکە دەچێتە لای بۆفییەکەوە، چاوێکی تری بۆفییەکە ڕادەکێشێ، کەمێکی تریش جلی منداڵانە دەردەهێنێ، تەماشای جلەکان دەکات، جلەکان دەخاتە ناو جانتاکەوە. قاپێکی قووڵی مس لە بۆفییەکە دەردەهێنێ، ماوەیەکی زۆر بەڕاوەستاوی دەمێنێتەوە و لە قاپەکە دەڕوانێ، پاشان قاپەکە دەخاتە سەر بۆفییەکە)

من هەر کەمێک لەگەڵ خۆم دەبەم

دوایی دێمەوە بۆ باقییەکەی

(بەستاـ سەر دەلەقێنێ. پشوو)

(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)

بەستا و من

ماوەیەک دەبێت

ئێمە یەکتری دەناسین



وا نییە

بەستا

**بەستا:**

بەڵێ

**پیاوە گەنجەکە:**

(لەسەر قەنەفەکەوە)

دەمێکە

**بەستا:**

ساڵێک

دەبێت

(پەنجە بۆ عەرەبانەی منداڵەکە درێژ دەکات)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

تۆ باوکی ئەو منداڵەیت

هەموو کەسێک ئەوە دەبینێت

(پیاوە گەنجەکە هەڵدەستێتە سەرپێ، دەکەوێتە هاتوچۆ)

دەتەوێ پەلامارم بدەیت

(پیاوە گەنجەکە سەر بادەدات، پیاوە گەنجەکە دەچێتە لای پەنجەرەکەوە، لەبەر پەنجەرەکەدا ڕادەوەستێ و سەیری دەرەوە دەکات. ئافرەتە گەنجەکە لە دەرگەکەی لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە. پشوو)

باش دەبێت

ئێتر ئەوە وایە

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ

(پشوو)

**بەستا:**

بەڵێ

ئەمە

بۆ منیش

کتوپڕ بوو

بەڵێ

(منداڵەکە دەست دەکات بە قاووقیژ، بەستا ـ دەست دەکات
بەڕاژەنینی عەرەبانەی منداڵەکە بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە)

وتی گوایە تۆ هەڕەشەت لێی کردووە

بەڵام

(منداڵەکە ژێر دەبێتەوە)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(دێتە ژوورەوە، دیسان جانتایەکی تریشی پێیە)

(ڕوو دەکاتە بەستا، بەپێکەنینەوە)

بەڵێ من لێرەدا ژیانم بەسەردەبرد

چۆنە بەلاتەوە

(دەست دەکات بەپێکەنین)

جوانە

یان



**بەستا:**

ئێرە

ئەوەندە خراپ نییە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ من ئەم ساختمانەم پەیدا کرد

ئەوە

(بە سەر ئاماژە بۆ پیاوە گەنجەکە دەکات)

هەرگیز هیچی نەکردووە

دەنووسێت

دەزانیت

**بەستا:**

(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)

ئێ تۆ دەنووسیت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

هەموو جارێ نووسینەکانی ڕەت دەکرێتەوە

**بەستا:**

بەڵێ دیارە کە نووسین ئەوەندە ئاسان نییە

ئینجا

بڵاوکردنەوەشی

**ئافرەتە گەنجەکە:**

ئەوە

شتێکە کە ئەو

پێی وایە هەروا ئاسانە
(پێ دەکەنێ)
بەڵام ئێستاش بۆی بڵاو ناکرێتەوە
ئەو هەر خەریکی نووسینە
و گلەییی ئەوەیە کە منداڵەکە دەگری

(پیاوە گەنجەکە لە دەرگەکەی لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە. ئافرەتە گەنجەکە جانتاکە فڕێ دەداتە سەر ئەرزەکە و ڕادەوەستێ و سەیری ـ بەستا ـ دەکات، باش کەمێک دەڕۆن بەرەو ڕووی یەکتری، باوەش دەکەن بەیەکتریدا، ڕاوەستاوانە توند باوەش بەیەکتریدا دەکەن، یەکتری بەردەدەن، دەڕۆن لەسەر قەنەفەکە دادەنیشن. پیاوە گەنجەکە دێتە ناو دەرگەکەوە، لەناو دەرگەکەدا ڕادەوەستێ و تەماشایان دەکات)

**پیاوە گەنجەکە:**
(ڕێک سەیری پێشەوەی خۆی دەکات، دێتە ناو هۆڵەکەوە)
تۆ چ کاتێک دێیت
و شتەکانت دەبەیت

**ئافرەتە گەنجەکە:**
(خۆی ڕێک دەخاتەوە، تەماشای دەکات)
بەڵێ
ئێستا دەتەوێت بمانکوژیت
هەردووکمان ئەویش و منیش
یان



**پیاوە گەنجەکە:**
(بێ هیوابووانە)
تۆچ کاتێک دێیت و
شتەکانت دەبەیت

**ئافرەتە گەنجەکە:**
ناشیرینە
تۆ ئەوەندە بەپەلەیت
(کەمێک پێ دەکەنێ)
(ڕوو دەکاتە بەستا)
تۆ دەتوانی سبەینێ
شتەکان بهێنی
سەیارەیەک بەکرێ بگری
تۆ سبەینێ دەتوانی ئەوە بکەیت

**بەستا:**
بەڵێ
ئاسایییە
(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)
چ کاتێک بۆ تۆ دەگونجێ
(پیاوە گەنجەکە شان هەڵدەتەکێنێ)
هەر چ کاتێک بێ بۆ تۆ وەکو یەکە

**ئافرەتە گەنجەکە:**
هەتا زوو بکرێ

چاکە

من بیر لە تەختی نووستنی منداڵەکە دەکەمەوە

(سەیری بەستا دەکات)

ئێمە پێویستمان پێی هەیە

بەشکم تۆ بتوانی سبەینێ

شتەکان بهێنی

**بەستا:**

(ڕوو دەکاتە پیاوە گەنجەکە)

دەگونجێ

**پیاوە گەنجەکە:**

(شان هەڵدەتەکێنێ)

بەڵێ

**بەستا:**

دڵنیایت

**پیاوە گەنجەکە:**

بەڵێ

(پیـــاوە گــەنجــەکــە دووبارە لەلای چەپەوە دەچێــتــە دەرەوە.
پشوویەکی درێژ)

**بەستا:**

(ڕوو دەکاتە ئافرەتە گەنجەکە)

دروست

ئەمە



بەم شێوەیە ئەنجامدانی

ڕاست نییە

(لە پڕێکدا)

بەم نیوەشەوە

یا بەم کاتە سەعات چەندە ئێستا

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵام من تاقەتم نەماوە لەمە زیاتر

لە توانامدا نەماوە زیاتر

**بەستا:**

بەڵێ

(پشوویەکی کورت)

بەڵام ئەی ئەو

**ئافرەتە گەنجەکە:**

گوێ مەدەرێ

ئەو بەئەندازەی پێویست ئیشی خۆی بەڕێوە دەبات

یان نایبات

من تاقەتم نەماوە لەمە زیاتر

بۆ من وەک یەکە

**بەستا:**

ئەو لەسەرخۆ شتەکەی وەرگرت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ

**بەستا:**

گوێ ناداتێ

**ئافرەتە گەنجەکە:**

نازانم

ڕاست و دروست نازانم

بەجۆرێک

بێگومان گوێ ناداتێ

نازانم

**بەستا:**

لێرە

دوور نەکەوینەوە

(پێکەنینێکی کورت)

تێ ناگەم چۆن من وێرام بێمە سەرەوە بۆ ئێرە

من دەبێ بەڕاستی کەوتبمە داوی خۆشەویستییەوە

بەهەرحاڵ من شێتم

**ئافرەتە گەنجەکە:**

منیش

(ماچی ڕوومەتی دەکات)

من ناتوانم لە شوێنێ بم تۆی لێ نەبی

من هەموو کاتێک بیر لە تۆ دەکەمەوە

دەبێ لەو شوێنە بم کە تۆی لێیت

ئەمە هەر دەبوو ڕوو بدا



(پشوویەکی کورت)

دەبوو ڕوو بدا

(پشوویەکی کورت)

ئینجا دایک و باوکی

(سەر بادەدات)

زۆر خراپن

ئەویش رێک وەک ئەوانە

دروست وەکو ئەوان

وەکو یەک دەستوپێ سپین

و بێ کەڵکن

باوکی هەر لەوێدا دانیشتبوو

(تەماشای کورسییە قۆڵدارەکە دەکات)

شڵەژاوانە زەق تەماشای بەردەمی خۆی دەکرد

**بەستا:**

نەڕۆین

**ئافرەتە گەنجەکە:**

با

(سەیری بەستا دەکات و بەزەردەخەنەوە)

من تۆم زۆر خۆش دەوێت

**بەستا:**

ڕاستە کە

من و تۆ ئیتر پێکەوە دەبین

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ

**بەستا:**

نابێ هەرگیز بەجێم بهێڵی

دەبێ هەرگیز وازم لێ نەهێنی

بەڵێ بەڕاستمە

تۆ دەبێ هەرگیز وازم لێ نەهێنی

وەکو چۆن ئێستا واز لەو دەهێنی

**ئافرەتە گەنجەکە:**

هەرگیز هەرگیز

پەیمانت دەدەمێ

من هەرگیز بەجێت ناهێڵم

هەموو کات لەگەڵت دەبم

هەموو کات

(پشوویەکی کەم)

ئەی نەڕۆین

**بەستا:**

چونکە ئەگەر تۆ وازم لێ بهێنیت

ئەوا ئیتر من نازانم

چی بکەم



**ئافرەتە گەنجەکە:**

من هەرگیز

تۆ بەجێ ناهێڵم

تۆ ئەوە دەزانی

من هەرگیز وازت لێ ناهێنم

(پشوویەکی کورت)

هەروەها

تۆش دەبێ هەرگیز بەجێم نەهێڵی

**بەستا:**

بەڵام نەڕۆین

ناتوانین لەمە زیاتر بمێنینەوە

دەبێ بڕۆین

(بەستا ـ هەڵدەستێتە سەرپێ. ئافرەتە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ، بەڵام هەر لەباری دانیشتندا دەمێنێتەوە. بەستا ـ دەڕوا و دەست بۆ ئافرەتە گەنجەکە ڕادەگرێ، بەڵام ئەو هەر لەباری دانیشتندا دەمێنێتەوە، دەستی ناگرێ.)

ئەوە چیتە

تۆ نابێ ڕای خۆت بگۆڕیت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من دەبێ کەمێک شتی تر بپێچمەوە

(ئافرەتە گەنجەکە هەڵدەستێتە سەرپێ، دەچی جانتاکە هەڵدەگرێتەوە، دەچێتە لای بۆفییەکەوە، چاوێکی ڕادەکێشێ.)

ئەلبوومێک دەردەهێنێ، ئەلبوومەکە دەکاتەوە)

**بەستا:**

(پێکەنینێکی کورت دەیگرێ)

دروست ئێستا

وەختی ئەوە نییە

سەیری وێنە بکەیت

(ئافرەتە گەنجەکە ئەلبوومەکە دادەخات، دەیخاتە ناو جانتاکەوە)

دەڵێم

ئەم شتانە هەمووی

ئا

دەتوانین دوایی بیانهێنین

ناتوانی تۆ ئێستا هەر ئەوە بێنی لەگەڵ خۆت

کە زۆر پێویستە

بەڕاستی

ئێمە دەتوانین

سبەینێ

یان ڕۆژێکی تر بێین

و هەموو شتەکانی تر بەرین

(ئافرەتە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ. دەچێتە ئەولاوە و قاپە مسەکە دادەگرێ کە کەمێک لەمەوپێش خستییە سەر بۆفییەکە، ڕادەوەستێ و دەیگرێ بەدەستییەوە، سەیری دەکات)



درەنگە

ئێمە ناتوانین وا بکەین

(ئافرەتە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ، قاپە مسەکە دەخاتە ناو جانتاکەوە)

دەتوانین دوایی بیانهێنین

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(سەر دەلەقێنێ)

بەڵێ

**بەستا:**

تۆ ئێستا

بەڕاستی

هەر ئەوە لەگەڵ خۆت بهێنە کە زۆر پێویستە

(ئافرەتە گەنجەکە دووبارە سەر دەلەقێنێ)

دەبا بڕۆین

درەنگە

وە

ئا

(پشوویەکی کورت)

ئا من کەمێک بیر لە ئەو دەکەمەوە

بەڵێ

تۆ دەزانی

(ئافرەتە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ، دەچێتە لای بۆفییەکەوە،

چاوێکی تری ڕادەکێشێ، سفرەیەک دەردەهێنێ، سەیری سفرەکە دەکات، دەیخاتەوە شوێنی خۆی. سەیری وێنەی منداڵە ساواکە دەکات کە بەدیوارەکەوە هەڵواسراوە، وێنەکە دادەگرێ، ڕادەوەستێ و سەیری وێنەکە دەکات، وێنەکەش دەخاتە ناو جانتاکەوە، ڕادەوەستێ و سەیری دەوروبەری خۆی دەکات)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

زۆر

سەیرە

وەکو ئەوەی شتەکان بۆ لای خۆیانم ڕابکێشن

(دەست دەکات بەپێکەنین)

**بەستا:**

ئا ئێمە

ئێمە

ناتوانین

بچینە دەرەوە

(پشوویەکی کورت)

بەڵێ پێویست ناکات ئێمە

ئەوە بەدوای خۆماندا ڕابکێشین

ناتوانین

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(سەر دەلەقێنێ)



بەڵێ

بەڵام

بەهەرحاڵ ڕۆیشتن بەم شێوەیە

زۆر سەیرە

**بەستا:**

نا وەرە

وەختی گاڵتە نییە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

ئاخر ئێمە

(بە سەر ئیشارەت بۆ دواوە دەکات)

من و ئەو

ماوەیەکی زۆر پێکەوە ژیاوین

منداڵێکمان پێکەوە هەیە

هەمانە

بەڵێ

تۆ لەوە تێ دەگەیت

پێکەوە

شتمان کردووە

شتی زۆر نا

بەڵام هەندێ شت

بەدڵنیاییەوە ئەوە ئاسانتر دەبوو

ئەگەر ئێمە شتمان زۆر هەبووایە

نەوەکو تەنیا هەندێ شتی کەم
هەندێ وێنە
قاپ و قاچاخ
سفرە
هەموو ئەوەی ئێمە هەمانە
هەندێ شتی تەواو سادەن
ئەوە بۆیە

**بەستا:**

وەرە ئیتر

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ
دروست ئێستا
هەستێکی زۆر غەمگینانەم لەلا دروست دەکات
هەموو شتەکان زۆر هەڵەن
من وەکو ئەوەی حەز بکەم بگریم
کە
نەخێر
گوێم لێ مەگرە
من هەر قسە دەبزڕکێنم
ئەو قاپە مسینە
(پەنجە بۆ جانتاکە ڕادەکێشێ)
غەمگینترین شتە من بینیبێتم



(ڕوو دەکاتە ـ بەستاـ و سەر دەلەقێنێ)
بەڵێ ئەوە ڕاستە
(پشوو)
نازانم
شتەکان هەمووی ئەوەندە

**بەستا:**

ئێستا قسەی قۆڕ مەکە
تۆ خۆت تەلەفۆنت بۆ کردم

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ ئەوە دەزانم
بەڵام
ئەوەی کە من و تۆ
(سەیری دەکات)
پێکەوە دەگونجێین
بەڵێ ئەوە گومانی تێدا نییە
بەڵام ئەو و من
(پشوویەکی کورت)
ئەو هەردەم لەگەڵ من میهرەبان بووە
(سەیری بەستا دەکات)
بەڵێ ئەو لەگەڵم میهرەبان بووە
و لەگەڵ منداڵەکەشدا زۆر میهرەبان بووە
زۆر ئاگای لێی بووە

کاتی لەدایکبوونی منداڵەکەش ئامادە بوو

ئەوەندەی توانی یارمەتیی دام

بەڵێ

هەروەها

(ئافرەتە گەنجەکە دەستەکانی بەرزدەکاتەوە بۆ سەر دەموچاوی، دەموچاوی بەدەستەکانی دەشارێتەوە).

**بەستا:**

دەتەوێ بڕۆم

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(دەستی لەسەر دەموچاوی لادەبات، سەیری بەستا دەکات)

نا نا

مەڕۆ

من توانای ئەوەم نییە

پێم وتیت

ئەگەر تۆ

نەبیت

من بەرگە ناگرم

تۆ نابێ بڕۆیت

(بەستا دەچێ لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێ. ئافرەتە گەنجەکە دەچێ لەسەر کورسییە بێ قۆڵەکە دادەنیشێ)

ئەوە ئاوهایە

بەڵێ ئەوەندە قورس و غەمناکە



هەموو شتەکان هێندە سامناکن

هێندە لە ناکاو ڕوویان دا

هەموو کات شتێک روو دەدا

دەزانی

(سەیری بەستا دەکا)

دەزانی

کە هەموو کات شتێک هەر ڕوو دەدا

من حەز ناکەم هیچ ڕوو بدات

هەموو شتێک خۆشحاڵانە دەبێ هێمن و

ئاسایی بێ

ئەو شتەی ڕوو دەدا

دەبێ شتێ بێ کە مرۆڤ ئاشنا بێ پێی

بەڵام هەموو کات هەندێ شتی نائاسایی ڕوو دەدەن

هەموو کات

(ئافرەتە گەنجەکە شەراب دەخواتەوە)

من نازانم ئەوە چییە

کە هەردەم وا دەکات هەندێ شت ڕوو بدەن

بەڵام دەبێ شتێک هەبێت

چونکە هەردەم شتێک ڕوو دەدات

من حەز ناکەم کە هەندێ شت ڕوو بدەن

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا

هەندێ شت هەر ڕوو دەدەن

(سەیری بەستا دەکات)

ئەوە چییە کە وا لە هەموو شتەکان دەکات ڕوو بدەن

ئاخۆ ئەوە من

شتێکی ترە

**بەستا:**

من نازانم

بەڵام نەڕۆین

دەتوانین دوایی قسە بکەین

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(بەگریانەوە)

با

(پشوو)

تۆ دەزانی من بیر لە چی دەکەمەوە

(بەستا سەر بادەدا)

من زۆر بێ مێشکم

بیر لە تاوەکانی مووبەقەکە

دەکەمەوە

(نائومێدانە)

بیر لەوە دەکەمەوە کە ئێستا من

تاوەکانی مووبەقەکە بەجێ دەهێڵم

بیر لەوە دەکەمەوە

من تەواو شێتم



**بەستا:**

(کەمێک نائومێدانە)

تۆ بتەوێت

و نەتەوێت

دەبێ

لێرە بڕۆیت

(قسەکەی دەبڕێت، سەیری ئافرەتە گەنجەکە دەکات)

ئا تۆ دەبێ

من و تۆ دەبێ

پێکەوە بین

ئێمە دەبێ پێکەوە بین

وا نییە

(ئافرەتە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ)

وایە

دەوەرە

با بڕۆین

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(هەڵدەستێتە سەرپێ، فرمێسکەکانی دەسڕێ کەمێک پێ دەکەنێ)

زۆر غەمگینە

هەموو شتەکان زۆر غەمگینن

**بەستا:**

دەوەرە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من خەریکە سەرخۆشی بەرم دەدات

**بەستا:**

نا گاڵتە مەکە

ئێمە زۆرجار

لەو بارەیەوە قسەمان کردووە

ئێستا شتەکە خەریکە کۆتایی دێت

ئێستا هەر ئەوەندە ماوە برۆین

وەرە دیسان

دەوەرە

(ئافرەتە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ)

بەڵێ وەرە

(ئافرەتە گەنجەکە کەمێک بەناو هۆڵەکەدا دەڕوات، سەیری بۆفییەکە دەکات، دەچێتە لای عەرەبانەی منداڵەکەوە، سەیری منداڵەکە دەکات)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(ڕوو دەکاتە بەستا و بەهێواشی)

زۆر جوان نووستوە

بینیوتە

چەند جوان نووستوە



وەرە تەماشای کە

(بەستا هەڵدەستێتە سەرپێ، دەچێتە لای ئافرەتە گەنجەکەوە، سەیری منداڵەکە دەکات)

**بەستا:**

بەڵێ ئەو ئێستا ئاسوودە و خۆش

لێی نووستوە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەدڵنیاییەوە ئەو ئەم شەو کەمێک ناڕەحەت بوو

**بەستا:**

(بەپرسیارکردنەوە)

ئەو وتی

(ئافرەتە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(ڕوو دەکاتە منداڵەکە)

ئێستا من و تۆ هەردووکمان دەڕۆین

لە جێگەیەکی تر دەژین

تۆش

(سەیری بەستا دەکات)

بەشێوەیەک دەبێت بەباوک

(بەستا سەردەلەقێنێ. پشوو. ئافرەتە گەنجەکە ڕوو دەکاتە بەستا، لە پڕ)

نەخێر من ئێستا تاقەتی ڕۆیشتنم نییە

تاقەتم نییە
ئەو
(پشوویەکی کورت)
هەردەم میهرەبان بووە لەگەڵ من
ئەو تەنیا نەیزانیوە چ شتێک باشە بیکات
هەروەها زۆر دەستوپێ سپییە
ناوێرێ بچێتە دەرەوە
هەندێ جار چەند ڕۆژێک دەخایەنێ بێ ئەوەی ئەو بوێرێ بچێتە
دەرەوە
تەنانەت ناوێرێ بچێ
بۆ شت کڕینیش
ئینجا مەسەلەی نووسینەکەی
تەواو هیچی لەگەڵ ناکرێ
هەموو ئەوەی ئەو دەینووسێ
من دڵنیام لەوەی کە بێهوودەیە
تەنیا شتێک کە ئەو پێی وایە دەتوانێ بیکات
ئەوەیە لە ژوورەوە دابنیشێ و بنووسێ
بەڵام بێگومان ئەوەی ئەو دەینووسێ
کەس نایەوێت بڵاوی بکاتەوە
بە ئەندازەی پێویست زیرەک نییە
ئەسڵەن زیرەک نییە
لە قوتابخانەدا کۆڵەوار بوو



لە ئامادەیی لە چەند دەرسێکدا کەوت
ئێمە لە ئامادەیی پێکەوە بووین
بەڵێ تۆ ئەوە دەزانیت
من هەموویم
باس کردووە
لە ئامادەیییەوە دەیناسم
هەر لەو کاتەوە
ئێمە خۆشەویستی یەکتری بووین
(سەیری بەستا دەکا)
بەڵێ
بەهەرحاڵ
هەتا ئێستا
(پشوو)
ئەو باشە
بەڵام ئەو هیچ تێ ناگات
(پێکەنینێکی کورت)
منم
کە دەبێ هەموو شتێک ڕێک بخەم
(پشوویەکی کورت)
ئەو بەتەنیایە
(سەر بادەدات، سەیری بەستا دەکا)
من ناتوانم بڕۆم

ئەوە تەواو شێتێتییە
بەڵام ناتوانم بڕۆم
نابێت

**بەستا:**

کەواتە پێویست ناکات تۆ بڕۆیت
(قسەکەی دەبڕێ)
ئەی ئێمە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من نازانم
من تۆم خۆش دەوێ
کەوتوومەتە خۆشەویستیی تۆوە
وا هەست دەکەم
بەبێ تۆ
من ناتوانم بژیم
بەڵام من نازانم
لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم
بڕۆم
بەهەرحاڵ
ئێستا نا
نازانم

**بەستا:**

ئەی ئێمە



چ کاتێک دەتوانین یەکتری ببینین

**ئافرەتە گەنجەکە:**

نازانم
ئێمە دەبێ یەکتری ببینین
(بەستا بەرەو دەرگەکەی لای ڕاست دەڕوات، ڕادەوەستێ)
نا مەڕۆ

**بەستا:**

ئا تۆ ئێستا دەبێ بڕیاری خۆت بدەیت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من دەمێنمەوە
(بەستا ڕادەوەستێ، ڕادەوەستێ و سەیری خوارەوە دەکات)
من نازانم
من لە ئێستاوە بیرت دەکەم
هەستی پێ دەکەم
ناشتوانم
بڕۆم
بەهەرحاڵ
بەم شێوەیە نا
نازانم

**بەستا:**

دەکەواتە باشترین شت ئەوەیە
کە ئێمە زوو زوو یەکتری نەبینین

چونکە هەمووی دەبێ بە ئێش و ئازار

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(بەخێرایی، بەرەوڕووی دەچێ)

نا وا مەڵێ

تۆ نابێ ئەوە بڵێیت

ئێمە دەبێ یەک ببینین

ئاخر من تۆم زۆر خۆش دەوێت

**بەستا:**

کەواتە وەرە

بڕیاری خۆت بدە

ئەمە

نابێ

شێتێتییە

دەوەرە دەی

(ئافرەتە گەنجەکە وەستاوە و سەیری بەرپێی خۆی دەکات)

نایەیت

(ئافرەتە گەنجەکە سەر بادەدات)

باشە

کەواتە من

دەڕۆم

(بەستا سەیری ئافرەتە گەنجەکە دەکات)

(بەپاڕانەوەوە)



ناتوانی بێیت

(بەداوالێکردنەوە)

دەوەرە

(ئافرەتە گەنجەکە ڕاوەستاوە و سەیری بەرپێی خۆی دەکات.

پشوویەکی درێژ)

کەواتە من دەڕۆم

(ئافرەتە گەنجەکە سەر دەلەقێنێ)

ناتوانی بێیت

(ئافرەتە گەنجەکە سەر بادەدات)

ئێ دەکەواتە ئیتر من بڕۆم

**ئافرەتە گەنجەکە:**

بەڵێ

**بەستا:**

ئەگەر ئەو

(بە سەر ئیشارەت بۆ دەرگەکەی لای چەپ دەکات)

بەهەموو ئەمە ڕازی بێت

ئەوا کەواتە

**ئافرەتە گەنجەکە:**

من نازانم

**بەستا:**

من دەڕۆم ئیتر

(بەستا سەیری ئافرەتە گەنجەکە دەکات، وەکو ئەوەی چاوەڕێ

بێ ئەو شتێک بڵێ)

بەهەرحاڵ

تۆ منت خۆش ناوێت

ئەوەندە نا

بەهەرحاڵ

چاک بوو

ئەوەشم زانی

**ئافرەتە گەنجەکە:**

واش

نا

خۆت ئەوە دەزانیت

**بەستا:**

بەهەرحاڵ من ئەوەشم

زانی

(زرمەی دەمانچەیەک بەهێز دێتە گوێ، ئافرەتە گەنجەکە زراو تۆقیوانە سەیری بەستا دەکات، کە تووشی شۆک بووە)

(بەپەشۆکانەوە)

خۆی کوشت

بەڕاستی وابزانم خۆی کوشت

ئەوە دەنگی تەقە بوو

من گوێم لە تەقە بوو

من بزانم خۆی کوشت



تۆ

(بەستا دەچێ و پاڵ بەئافرەتە گەنجەکەوە دەنێ، کە واقوڕماوانە ڕاوەستاوە و فریوی چووە)

تۆ

دەبچۆ سەیر کە

بزانە فیشەکی بەخۆیەوە نا

ئەوە دەنگی فیشەک بوو

دە

هیچ نەبێ بانگی کە

دەبێ شتێک بکەیت

(ئافرەتە گەنجەکە هێواش دەڕوات، بۆ لای چەپ. بەستا ڕاوەستاوە و ئەبڵەقبووانە لە دواوە سەیری ئافرەتە گەنجەکە دەکات. ئافرەتە گەنجەکە دووبارە دێتەوە، سەر دەلەقێنێ)

خۆی کوشت

(ئافرەتە گەنجەکە دووبارە سەر دەلەقێنێ، بەستا بەدەنگی بەرز)

خۆی کوشت

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(زۆر بەهێواشی)

تەنیا نەختێک

لەسەری ماوەتەوە

(دەست دەکات بەگریان)

**بەستا:**

ئێمە دەبێ

(منداڵەکە دەست دەکات بەگریان)

خۆی کوشت

من

بەڵێ

ئێمە دەبێ

من بەتەواوەتی نازانم

من دەتوانم بچم تەلەفۆن بکەم بۆ پۆلیس

بۆ دوکتۆر

دەچم تەلەفۆن دەکەم

(ـ بەستاـ لە دەرگەکەی لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە)

**ئافرەتە گەنجەکە:**

(بەدوایدا هاوار دەکات)

مەڕۆ

(پشـــوویەکی درێژ. ڕووناکی نامـــێنێ. منداڵەکـــە پلـە بەپلـە لە گریانەکەی ژێر دەبێتەوە. تاریکی)

کۆتایی

## وتووێژێکی ئەلیکترۆنی

هاودەم:

مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی پار، ڕاگەیاندنە نەرویجییەکان بەگرینگی پێدانێکی زۆرەوە یادی ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی پەنجا ساڵیان کردیتەوە، ئاخۆ تۆ بەو گرینگی پێدانە خۆشحاڵ بوویت؟

فۆسە:

من هێجگار ئەوەندە حەزم لە گرینگی پێدان نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆشحاڵ دەبم بەوەی کە خەڵک گرینگی بدەن بە خۆم و بەوەی کە دەینووسم. ئەوە شادمانم دەکات. حەز ناکەم لە دەرەوەی گرنگی پێداندا بم.

هاودەم:

هۆی پرسیارکردنم ئەوەیە کە لە چاوپێکەوتنێکی نێوان تۆ و لارش نۆریندا خوێندمەوە کە تۆ ئیتر ڕۆژنامە نەرویجییەکان ناخوێنیتەوە، چونکە ڕۆژنامە نەرویجییەکان تەنیا ڕەخنە نێگەتیڤەکان لەسەر شانۆنامەکانی تۆ بڵاو دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی باسی ڕەخنە پۆزەتیڤەکان بکەن.

فۆسە:

بەگشتی هەتا ڕادەیەک ئەوە ڕاست نییە. من هەم لە ڕۆژنامە نەرویجییەکاندا و هەم لە ڕۆژنامەکانی وڵاتانی دەرەوەدا ڕەخنەی باش و خراپم لێ گیراوە. هەڵبەتە هەندێ



جار ڕۆژنامە نەرویجییەکان ڕەخنە باشەکانی ڕۆژنامەکانی وڵاتانی دەرەوەیان ڕاگەیاندووە و هەندێ جاریش ڕەخنە خراپەکان.

من لەو چاوپێکەوتنەدا ئاماژە بەڕووداوێکی تایبەتی دەکەم. ئەم شانۆنامەیەم، شانۆنامەی (شەوگار گۆرانییەکانی خۆی دەڵێ) لە چەندان وڵات پێشکێش کرا، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و، هەتا ڕادەیەکیش هێجگار ڕەخنەی زۆر باشی لێ گیرا، هەروەها هەمان شانۆنامە لە بەرهەمێکی ئینگلیزیی زۆر سەرنەکەوتووشدا پێشکێش کرا و ڕەخنەی خراپی لێ گیرا، ڕۆژنامەی (ئافتن پۆستن) بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە ڕەخنە خراپەکەی بەگەورەیی بڵاو کردەوە (چونکە ڕەخنەگرەکەی ئەو کاتەی ڕۆژنامەکە، ئێلیزابێس ڕییگ، وەختی خۆی کە بۆ یەکەم جار ئەم شانۆنامەیە لە شانۆی ڕۆگەلاند لە نەرویج، پێشکێش کرابوو، بەدڵی نەبووبوو).

هەتا ئەم ئاستە هەمووی چاکە، بەڵام ئەوەی کە چاک نییە ئەوەیە کە ئەو کاتە من چەندان بەرهەمم هەبوون کە تا ڕادەیەک ڕەخنەی شادیهێنەرانە و دڵگەشێنەرەوەیان لێ گیرابوو، بۆ نموونە ڕەخنەکەی شانۆنامەی کەسێک هەر دێ لە پاریس، بەبێ ئەوەی ڕۆژنامەی (ئافتن پۆستن) بە تاقە وشەیەکیش ناوی بهێنێت. ئەوسا ئیتر خۆت بیری لێ بکەوە.

هاودەم:

ئاخۆ بەردەوامی لەسەر نەخوێندنەوەی ڕۆژنامە

نەریجییەکان یان هیچ پێکهاتنەوەیەک لە نێوان تۆ و ڕۆژنامەکاندا لە ئارادا هەیە؟

فۆسە:

پێویست بەپێکهاتنەوە ناکات، ڕاستت دەوێت کێشەکە پێوەندیی بەڕەخنەگرێکەوە هەیە و هیچی تر، ئەگینا ئەو قسەیە زیاتر تەنیا ڕێککەوت بوو.

هاودەم:

بۆچی بەگوێرەی ڕێساکانی نووسین پەیڕەوی دانانی خاڵبەندی ناکەیت لە نووسینی دراماکانتدا؟ (مەبەست لە دانەنانی خاڵ و کۆما و کۆلۆن و کەوان و نیشانەی پرسیار و نیشانەکانی ترە لە دراماکانی فۆسەدا. هاودەم)

فۆسە:

من بۆ دیاریکردنی گۆڕینی دیمەنەکان، دابەشکردنی دێرەکان و پیشاندانی دیمەنەکان بەکار دەهێنم، لەبەر ئەوە پێم وایە کە ئەو شێوە کارکردنە زۆر باشتر جێگۆڕکێ و جووڵاندنەوە پیشان دەدات لە باتیی ئەوەی وەکو پەخشان بنووسم، پەیڕەوی دانانەوەی خاڵبەندیی ئاسایی بکەم.

هاودەم:

پێشکێشکردنی شانۆنامەکانی خۆت پێ چۆنە لەلایەن شانۆکارانی نەرویجی و بیانییەوە؟

فۆسە:

تۆ پرسیارێکی زۆر گەورەم لێ دەکەیت! بەرهەمە



پێشکێشکراوەکانم خۆیان دەدەن لە هەزار بەرهەم و، من خۆشم تەنیا چەند دانەیەکم لێ دیون، لەبەر ئەوە بیرکردنەوە لەوە زۆری دەوێ. بەڵام با بەگشتی بڵێم: من زۆر بەختەوەر بووم لەو بارەیەوە کە بەرهەمەکانم لەلایەن باشترین کەسانی شانۆکارەوە لە دنیادا دەخرێنە سەر شانۆ، لەبەر ئەوە شتێکی سەیر دەبێ ئەگەر ئەو بەرهەمانە جاروبار شانۆی زۆر باشیان لێ دەرنەچێت.

هاودەم:

ترێسا بیۆرنەبووە[٢٧]، پێی وایە زۆر شت هەیە کە ڕێژیسۆرە نەرویجییەکان دەبێ لە ڕێژیسۆرە بیانییەکانەوە فێریان بن لە کاتی ئامادەکردنی شانۆنامەکانی تۆدا. ئاخۆ تۆ لەو بارەیەوە لەگەڵ ئەو هاوڕای؟

فۆسە:

نەخێر، هێجگار بەو شێوەیە نییە. گەلێک بەرهەمی زۆر جوان و نایاب لە شانۆنامەکانی من لە نەرویج پیشان دراون.

هاودەم:

ئاخۆ تۆ هاوڕای لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەڵێن خێزان دۆزەخێکی ڕاستەقینەیە لە دراماکانی فۆسەدا؟

فۆسە:

من هەتا ڕادەیەک تەواو لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم. خێزان

(27) Therese Bjorneboe ڕەخنەگری شانۆ و سەرنووسیاری کۆواری شکسپیری نەرویجی لە نەرویج.

جێگەیەکە هەم بۆ شتە چاکەکان و هەم بۆ شتە خراپەکانیش.

هاودەم:

ئاخۆ خێزان ئەو جێگەیەیە کە دەشێ چاکە و بەهاکانی مرۆڤی تێدا بۆگەن بکات؟

فۆسە:

تا ڕادەیەک دەشێ خێزان ئەو جێگەیە بێ، بۆ نموونە چالاکیی سێکسیش (مەبەست لە چالاکیی سێکسی ناڕەوایە لەناو ئەندامانی خێزاندا ـ هاودەم) دەشێ ببێتە هۆی داڕزانی چاکە و بەهاکانی مرۆڤ. دیارە هەوڵدان بۆ کردنی چالاکیی سێکسی لەناو ئەندامانی خێزاندا بەربەست کراوە. ئەوەش لەوانەیە شتێکی چاک و زیرەکانە بێ.

هاودەم:

کام لەم سیانە خراپترین کاریگەرییان هەیە بۆ تێکدانی دید و ڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان: خێزان، ئاین یان ڕامیاری؟

فۆسە:

بەحەقیقەت من لەو باوەڕەدام خراپترینیان ڕامیارییە.

هاودەم:

خۆکوشتنی پیاوە گەنجەکە لەم شانۆنامەیەدا، وام لێ دەکات بیر لە خۆکوشتنەکەی هێدڤیکی قارەمانی شانۆنامەی (مراویی کێوی)ی هینریک ئیبسن و خۆکوشتنی نووسەرە سەرنەکەوتووەکەی شانۆنامەی



(باڵندەی دەریایی)ی چیخۆف بکەمەوە؟ ئاخۆ تۆ لە کاتی نووسینی ئەم شانۆنامەیەدا، بیرت لەو کەسایەتییانە کردەوە؟

فۆسە:

نەخێر، کاتێک دەنووسم، بیر لەوە ناکەمەوە کەسانی تر چییان نووسیوە. بەڵام ئاشکرایە لەوانەیە لەیەکچوونێک هەبێ بەتایبەتیشی لەگەڵ چیخۆڤدا.

هاودەم:

تۆ لەو باوەڕەدای کە پیاوان لە ئەوروپای مۆدێرندا قوربانیی تەکنیکی هەیمەنەخوازی و دەسەڵاتخوازیی ئافرەتان بن؟

فۆسە:

بەڵێ، هەردەم پیاوان قوربانیی ئافرەتان بوون. ئەوەی ئاخۆ ئێستا خراپترە یان باشترە لە چاو جاراندا، من ئەوە نازانم. لەبارەی یەکسانی و هاومافیی پیاوان و ئافرەتانەوە دەتوانرێ زۆر شت بگوترێ، بەڵام ئەو هاومافییە کارێکی ئاوهای نەکردووە کە هەر بەتەنیا ئافرەتان کەمتر وابەستەی پیاوان بن، بگرە کارێکی واشی کردووە کە پیاویش کەمتر وابەستەی ئافرەت بێ.

هاودەم:

کاتێک ئافرەتە گەنجەکە لە کۆتاییی ئەم شانۆنامەیەدا بیر لە  تاوەکانی مووبەقەکەی" دەکاتەوە ئاخۆ لەبەرئەوەیە کە ئافرەتە گەنجەکە کەسێکی مەتریالیزم " ماددەخوازە" یان لەبەرئەوەی مووبەق جێگەی سروشتیی ئافرەتە، لە هەموو

حاڵەتێکدا لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا؟

فۆسە:

بۆ من نە ئەمیان و نە ئەویان. تاوەکان هێمایەکن بۆ ئافرەتە گەنجەکە، کەرەستەی ڕوونکردنەوەن بۆ ئەو ژیانەی ئەوی ژن و ئەوی پیاو پێکەوە هەیانبووە و ئەوی ژن دەخوازێ وازی لێ بهێنێ. وەکو بڵێی پاڵەپەستۆ عاتیفییەکەی ناخی " ئافرەتە گەنجەکە" تاوەکانی کردووە بە بیانوو.

هاودەم:

ئاخۆ ئەوە ڕاستە کە تۆ لە چەندان بۆنەدا باست کردووە کە تۆ ڕقت لە شانۆیە و ناخوازیت خەریکی شانۆ بیت؟ ئەوە چۆن بوو لە کۆتاییدا بوویت بەشانۆنامەنووسێکی سەرکەوتوو؟

فۆسە:

هەردووکی ڕاستە، وە بەڕاستی لە تێگەیشتندا نییە. (چۆن من بووم بەدرامانووسێکی سەرکەوتوو)

هاودەم:

تۆ بە بێکیت[٢٨] و مایتەرلین[٢٩] بەراورد کراوی، بەبڕوای

(28) Samuel Beckett 1906-1989: نووسەرێکی ئیرلەندییە گەلێ شانۆنامە و ڕۆمانی نووسیوە. ساڵی ١٩٦١ خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبدا پێ درا، بەڵام وەری نەگرت. درامای (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) یەکێکە لە بەرهەمە ناسراوەکانی. وەرگێڕ.

(29)Maurice Maeterlinck 1862-1949 : نووسەرێکی بە لجیکییە. گەلێ شانۆنامەی نووسیوە. وەرگێڕ.



خۆت تۆ لە کامیانەوە نزیکتری؟

فۆسە:

دەبێ بێکیت بێ، چونکە باش بە نووسینەکانی ئاشنام، لەگەڵ ئەوەشدا من لەگەڵ نووسینەکانی مایتەرلینکدا ئاشناییم نییە. لەبارەی مایتەرلینکەوە، ئەوەم هەڵبژارد کە دوای ئامۆژگاریی خاوەن دەزگای چاپەمەنییە فەرەنسییەکەم، بکەوم کە پێی وتم: ئەگەر مایتەرلینکت نەخوێندووەتەوە، هەر مەشیخوێنەوە.

هاودەم:

ئەو شتە چییە کە وا لە تۆ دەکات دراماکانی هارۆڵد پینتەر[٣٠] وەربگێڕیتە سەر زمانی نەرویجی؟ ئاخۆ پینتەر ئەو کەسەیە کە تۆ دەخوازی جێپێی هەڵگریت و چاوی لێ بکەیت؟

فۆسە:

پینتەر درامانووسێکی چاکە، کە من دەتوانم چاک وەری بگێڕم بۆ نەرویجی، هەتا ئێستا تەنیا شانۆنامەیەکی کورتیم وەرگێڕاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من سەیری ئەو ناکەم وەکو کەسێک کە من بمەوێ جێپێی هەڵگرم و چاوی لێ بکەم، ئەوەی من دەمەوێ جێپێی هەڵگرم ئەو نییە.

(30) Harold Pinter1930-2008: درامانووس و ئەکتەر و دەرهێنەرێکی بەریتانییە. ساڵی ٢٠٠٥ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٠٥، پینتەر و فۆسە پێکەوە کاندید خەڵاتی نۆبڵ بوون. فۆسە پێی وایە پینتەر شایستەی ئەو خەڵاتە بووە. وەرگێڕ.

هاودەم:

ئازیزم یۆن، سوپاس بۆ وەڵامە خێرا و قایلکەرەکانت. مایەی خۆشحاڵیمە دراماکانی تۆ وەرگێڕمە سەر بۆ زمانی کوردی، زاراوەی سۆرانی. هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.

فۆسە:

سوپاس هاودەمی ئازیز، هیوادارم کە رۆژێک یەکتری ببینین. بەڕاستی من زوو زوو دێم بۆ ئۆسلۆ، لەوانەیە ئێمە بتوانین درەنگ یان زوو یەکتری ببینین، خۆشیت.



## ناوەڕۆک


پێشەکی ..... 5

لێکۆڵینەوە ..... 8

بەشی یەکەم ..... 34

بەشی دووەم ..... 72

بەشی سێیەم ..... 89

بەشی چوارەم ..... 136

وتووێژێکی ئەلیکترۆنی ..... 181